نووسینی
وحید عبدالسلام بالی

٨٠ هەڵە
لە بیرو باوەڕدا

وەرگێڕانی
مامۆستا محەمەد

چاپی یەکەم
٢٠٠٧

زنجیرەی پەرتووکی (الكلمات النافعة في الأخطاء الشائعة)

بەشی یەکەم

٨٠ هەڵە

لە بیروباوەڕدا

چاپی یەکەم

نووسینی

وحید بن عبدالسلام بالی

وەرگێڕانی

م. محمد

ناوی کتێب : ٨٠ هەڵە لە بیروباوەڕدا

نوسینی : وحید عبدالسلام بالی

وەرگێڕانی : م. محمد

ساڵی چاپ : ٢٠٠٧

چاپی : یەکەم

تیراژ : (١٠٠٠) دانە .

چاپخانە : ا چاپخانەی (سیما) چاپکراوە .

تایپ و دیزاین: کۆمپیوتەری کازیوە

ژمارەی سپاردن : ژمارە (١٠٤١) ی ساڵی (٢٠٠٧) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ.

بسم الله الرحمن الرحيم

إنّ الحمدَللهِ، نحمَدُهُ، ونستعينُهُ، ونستغفِرُهُ،ونعوذُ باللهِ من شرُورِ انفُسِنا، ومن سيِّئاتِ اعمالنا، من يهدِاللهُ فلا مُضِلَّ له، ومن يُضلِل فلا هادي له.

واشهَدُ انْ لا اله الاّ اللهُ وحدَهُ لا شريك لــــه.

واشــهَدُ انّ مُـحمـداً عـبـدُهُ ورسُـولــه.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِۦ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنتُم مُّسۡلِمُونَ﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ٱتَّقُواْ رَبَّكُمُ ٱلَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفۡسٖ وَٰحِدَةٖ وَخَلَقَ مِنۡهَا زَوۡجَهَا وَبَثَّ مِنۡهُمَا رِجَالٗا كَثِيرٗا وَنِسَآءٗۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ ٱلَّذِي تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَيۡكُمۡ رَقِيبٗا﴾.

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَقُولُواْ قَوۡلٗا سَدِيدٗا ۝ يُصۡلِحۡ لَكُمۡ أَعۡمَٰلَكُمۡ وَيَغۡفِرۡ لَكُمۡ ذُنُوبَكُمۡۗ وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا﴾.

امّــا بــعــدُ :

فإنّ خيرَ الحديثِ كتابُ اللهِ، واحسَنَ الهدي هَديُ محمدٍ (ﷺ)، وشرُّ الامُورِ مُحدثاتُها، وكُلُّ مُحْدَثة بدعة، وكُلُّ بدعةٍ ضلالة، وكُلُّ ضلالةٍ في النّار.

پاشان:

هەر لەو ساتە وەختەوە کە خوای گەورە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کرد بەخەڵات و دیاری بۆ مرۆڤایەتی، وە هەر لەو کاتەوە کە یەکەم پەڕەی

نوورینی قورئانی پیرۆز کە نەخشێنرا بوو بەووشەی بەرزی "إقرأ" لەسەر ڕووی ئاسمانەکانەوە گەیشتە سەر ڕووی زەوی، هەر ئەوکاتەوە ئەم دینە پیرۆزە بەو تیشکە نوورینە خواییە جوانەی خۆی بووە ڕەوێنەرەوەی تاریکاییە لەسەریەك هەڵ نیشتووەکانی سەر ئەم ڕووی زەوییە، وە بووە بیروهۆشی ئەو کەسانەی کە عەقڵەکانیان ژەنگی بێ باوەڕی دایپۆشی بوو، وە دوور لەخوایی سەرەکانی پووچ کردبوونەوە، هەتا وەك مرۆڤێکی خاوەن عەقڵ بژین بەهۆی ئەم قورئانەوە کە شیاوی ئەوەبن ناوی مرۆڤیان لێ بنرێت، وە بووە نوور و تینی چاوی ئەو کەسانەی کە چاوەکانیان بەقوڵدا چووبوو لە ئاستی بینینی ڕاستی ئەم ڕێگە ڕاستەدا چاوەکانیان پەردەی کوێری دایگرتبوو، وە بووە چراو ڕۆشنکەرەوەی ئەو دڵانەی کە ڕازی بوون ببنە دڵێکی قورئانی، بۆئەوەی لەدوای وەرگرتنی ئەم نووره ئیتر بەناڕاستی شوێن کەوتن و تاریك بوونی ژیان ڕازی نەبنەوە، وە هەتا بەشوێن کەوتنی ئەم قورئانە کاتی ئەوە بێت کە قوفڵ و کۆتی سەر دڵەکان لەسەریان دابگیرێت، و وە لەژیانی دڵتەنگییەوە خێرایی بکەن بۆ گەیشتن بە ژیانی پڕ خۆشی ئیمانی لەدنیادا، و وە کۆتاییەکەیشی بۆنی میسك و گەیشتن بێت بە بەهەشتێکی نەبڕاوە کە پانتاییەکەی ئەندازەی پانتایی ئاسمانەکان و زەوییە، وە شادبوون بێت بە مەلیکێکی دەسەڵاتداری بەخشندەی لێ خۆشبوو کە پێشوازیان لێ دەکات بەدەرخستنی ڕووە جوانەکەی و وە بە زەردەخەنەوە پێیان دەفەرموێت: (سڵاوتان لێ بێت ئەی ئەهلی بەهەشت).

کەواتە: ئەگەر ئایینێکی پیرۆز بۆ ئـــانەم مەبەستانە هاتبێت، بێگومان مرۆڤە دڵ نەخۆشە شەیتانیە سەر پووچەکان هەر ئاوا بە ئاسانی دەستەوسان دانانیشن لەبەرامبەریدا، بەڵکو هەر لەو کاتەوە گەورەی

پێغەمبەران(ﷺ) فەرموویەتی بڵێن: " لا الـه الاّ الله سەرفراز دەبن"، هەر لەو کاتەوە تێگەیشتوون کە بەم بیروهۆشەی بێ باوەڕییەوە ئیتر جێیان نابێتەوە، بۆیە شەڕیان خستۆتە سەر ڕۆژی مایە پوچیان و،وە عەقڵیان لەگەڵ دڵە لەرزۆکەکەنیاندا خستۆتە گەڕ بۆ داڕشتنی درۆو دەلەسەو فڕو فێڵ و نەخشەی چەپەڵ لەدژی ئەم دینە سەرفرازیکەرەدا، بۆئەوەی بەڵکو بەخەیاڵی پەرتەوازەبوویان بەئەنجامدانی ئەو خراپە بێ ئەنجامانەیان دژی ئەم خۆرە بەتینەی ئیسلام بوەستنەوە، بەڵکو ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت کۆسپێك لەڕێگەی ئەم نوورەدا دروست بکەن، هەتا بەهۆی ئەم چەپەڵیانەوە بنووسرێت لەڕیزی ئەو کەسانەی کە کۆمەڵێ شەیتانی ترۆ کراون، وە بەوەی هەمیشە لەهەوڵدان بەدەمە بۆگەنەکانیان درۆ و گومانی لەدژدا دروست بکەن، وە ناوو ناتۆرەی بۆ بکەن بەناو، وە لەهەوڵـدان پڕوپووچـی و بیدعـە تێکـەڵ بـەپاکی و سـپیەتی ئـەم بیروبـاوەڕی ئیـسلامەتییە بکـەن، چـونکە مرۆڤـی دوور لـەخوا وەکـو (مامۆستا نوری فارس) دەفەرموێت :

(سـەری دەبـەشێ بە بـۆی ڕەحـانە * فـالۆتـچە لـەشێی بـۆی لـاو دەست خـانە)

بۆئەوەی ئێمەی موسوڵمانیش بەدوورکەوتنەوە لەم ئایینە پیرۆزە وەکو ئەو گەلانەمان لێبێت کە غەیری ڕێگەی خوایان هەڵبـژاردووە، لـەبری پەرستنی خوای گەورە و میهرەبان، دار یان بەرد یان قەبر یـان شـەخص یـان ئـاو یـان مانگـا یـان خـۆر یـان مـانگ یـان هەرشـتێك بێـت بـەس غـەیری(اللـە) بێـت بپەرسـتین، وە لـەبری بیروباوەڕمـان وا بێـت بـە ئیمانـداریمان لـەدوای مردنمـان ڕوحـمان لەقوماشـی سـەوزی ئاوریـشمیدا بـەرەو علییـن و بەهەشـت دەڕوات، وامـان لێبێـت وەکـو خـەڵکی هندسـتان پەرسـتگا دروسـت دەکـەن و دەیڕازێننـەوە و مـشکی بەکۆمـەڵ تیـادا بەخێودەکـەن، بـۆ؟ چـونکە دەڵـێن: کـە مـردین ڕۆحـەکەمان دەچێتە ناو لاشەی ئەو مشکانەوە و ئەمجا بەرز دەبێتەوە

بۆ لای خوا، یاخود هەر لە هندستان شێوازێ لەخواپەرستیان دروست کردووە، کە ئەوەیە هەموو ساڵێك لەکاتێکی دیاریکراودا هەر کەسێك ئەگەر بیەوێت ئەم پەرستنە ئەنجام بدات، دەبێت مارێك بە (٢٥) دۆلار بکڕێت و بیبات بۆ ئەو پەرستگا تایبەتەی کە بۆ بەخێوکردنی ئەو مارانەیان تەرخان کردووە، وە دەبێت هەر کەسێك کە چووە ئەو پەرستگایەوە شیر لەگەڵ خۆیدا ببات و دەرخواردی ئەو مارانەی بدات، کە بەشێوەیەك ئەو خەڵکە داماوە ئەوەندە بەدڵسۆزییەوە خزمەتی ئەو مارانە دەکەن ئەوەندە شیریان بۆ دەبەن و دەرخوارددیانی دەدەن، زۆربەی مارەکان بەهۆی ئەوەی کە زۆر شیریان دەدرێتێ ئینتەلا دەکەن و دەتۆپن،یاخود لای هندۆسەکان جۆرێك لە نوێژ کردنەکانیان ئەوەیە کە دەبێت هەر وەك چۆن لە سەر دووقاچت دەوەستیت، دەبێت ئاوهاش بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر سەر بوەستن بەپەك پەشتەمەڵەوە،کە ئەم جۆرە وەستانە یەکێکە لەو عیبادەتانەی کە خواوەندەکانیان بەم شێوە لە خۆیان ڕازی دەکەن.

یاخود لەشوێنێکی وەکو ڕوسیا ساڵانە لەکاتێکی دیاریکراودا خەڵکی ناوچەیەکی تایبەت کۆدەبنەوە، و بەگومانی خۆیان خواپەرستی ئەنجام دەدەن، کە خوا پەرستنەکەیان بریتییە ئا لەمە:

کە هەموویان کۆبوونەوە تێر نان و هەنگوین دەخۆن و ناویان لەو ڕۆژە ناوە(ڕۆژی هەنگ)، واتە: نان و هەنگوین خواردنیان کردووە بەخواپەرستی،وبەهیواشن خوا بەخواپەرستی بۆیان حساب بکات.

پاشان خوێنەری بەڕێز وڵاتی ئێمەش وەکو هەموو ئەو وڵاتانەی تر لەخراپەی شەیتان و شوێنکەوتوانی پارێزراو نەبوون، وە ئەم پەرتووکەی کە لەبەر دەستتدایە کەمێك لەو بیدعە پڕوپووچە زۆرانەی کە هەیە لەناو خەڵکی ئێمەدا باس دەکات.

* ئەم پەرتووكە لەدوو بەش پێك هاتووە: بەشی سەرەوەی بەشێكە لە پەرتووكی (الكلمات النافعة في الاخطاء الشائعة)ی -م. وحيد عبدالسلام بالی- كە باس لەو پڕوپووچیانە دەكات كە لە ولاَتی خۆی(میسر)دا هەن و تێكەلَ بەدین كراون،وە هەندێك لەو پڕوپووچیانە سوپاس بۆ خوا لە كوردستانی ئێمەدا نی یە،بەلاَم كە وەرمان گێڕاوەتە سەر زوبانی كوردی تا خەلَكی ئێمە كەمێك بەو پڕوپووچیانەی كە هەیە لەولاَتانی تردا شارەزا ببێت. وە بەشی خوارەوەی ئەم پەرتووكە باس لە كەمێك لەو بیدعانە دەكات كە لە كوردستاندا هەیەو بلاَوەی كردووە.

* تەفسیری ئایەتەكانی ئەم پەرتووكەم لەهەردوو تەفسیری(ڕەوان و گولَش)منەوە وەرگرتووە، وە بەكەمیش سوودم وەرگرتووە لەهەندێك پەرتووكی تر، خوای گەورە پاداشتی خاوەنەكانیان بداتەوە.

* هەروەها زۆر زۆر سوپاسی ئەو مامۆستایانە دەكەم كە یارمەتیان داوم،كە داواكارم لە پەروەردگار لەبری من پاداشتیان بداتەوە،وە هەروەها زۆر سوپاسی هاوڕێ خۆشەویستم (م.مصطفى) دەكەم كە بەشێكی پەراوێزەكانی خوارەوەی بۆناردووم،وە زۆر سوپاسی ئەو خوشكانە دەكەم كە بەشی زۆری پەراوێزەكان ئەوان كۆیان كردۆتەوە، كە دەپاڕێمەوە لە خوا بە خێرو چاكە بۆیان بنوسێت لە توێشوی چاكەكانیاندا.

لــــه كـۆتــايـدا: ئەگـەر هـەر هەڵەیەکت بینـی لـەم پەرتووکەدا ئەوە ئاوقای شەیتان ونەفسی منی بکەن ،بەڵام هەرچی ڕاستییەکی تیادا هەیە ناوی خـوای لـێ بهێنـە، چونکە شیاوی خۆیـەتی وە بۆ ئـەویش تەنها جوانە،وە لە پەروەردگار داواکارم لە نووسەر و،وەرگێڕو،ووەئەو کەسانەی هەستاون بە نووسین وچاپ کردنی ئەم پەرتووکە ،و وەئەو کەسانەی کە ئەم پەرتووکە دەخوێننەوەو وە بە خـەڵکی ڕادەگەیـەنن خـۆش ببێـت .

بــراتــان: م.مـحمـد

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

پێشکەشە:

بە... پێش نوێژو وتارخوێنەکان ...

بە... بـانگـخوازو زانـایـان ...

بە ... ووتار دەرە "محاضر"ە بەرێزەکان ...

بە ... چاکخوازە سەر بڵندەکان...

بەڕاستی ڕێك سازکردن و ڕاست کردنەوەی هەڵەی بەنـدەکان "العباد" نزیـك بوونەوەیـە لـە پـەروەردگاری زەوی و ئاسمـان، وەمرانـدنی داهێنراوەکـان "البدع"و زیندوکردنەوەی سوننەتەکان. بریتییـە لـە کۆشش و جیهادی زانـا موسـوڵمانەکان، کـە بەدەسـتەکانیان پرشـنگی ڕۆشـنایيان هـەلگرتووە، هـەتا ڕێگە بۆ ئێمە ڕۆشـن بکـەنـەوە.

کـەوابوو:

ئەی زانایان بەرز هەڵبکەن ئاڵای سوننەت تا ڕێنموایمان بکەن بۆ سەر ڕێگای ڕاسـت. خـوای گـەورە هـەنگاوەکانتان ڕاسـت ڕێ بکـات، وە بەهەشـت بکاتـە شوێنی نیـشتەجێ بونتـان.خوای گـەورە لەگـەڵ ئێوەدایـەو وەهـیچ شتێ لـە پاداشتی کردەوەکانتان کـەم ناکاتەوە

خۆشەویستتان

وحـیـدبـالـی

پـێشـەكی چاپی دووەم

سـوپاس و سـتایش بـۆ ئـەو خوایـەی كـە پێغەمبەرەكـەی (ﷺ) ڕەوانەكردووە بە ڕۆشنایی و هیدایەت و ئایینێكی ڕاست و دورستەوە، هەتا ئەم ئایینە سەر بخات بەسەر گشت ئایینەكانی تردا، با هەرچەند هاوبەش پەیداكەرەكانیش پێیان ناخۆش بێت.

وە درودو سلاویش لەسـەر پێغەمبـەری خوابێـت، ئـەو پێغەمبـەرەی كـە ئێمـەی جـێ هێـشتووە لەسـەر ڕێگایـەكی سـپی و ڕوون و ئاشـكرا، وە لەسەر ڕێگایەكی ڕاست،و ئاینێكی ڕاست.

لـە پاشـانـدا:

هەر لەو كات و ساتەوە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: " إِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّ كُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ، وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلَالَةٌ ".

واتە: ئاگاداربن و خۆتان بەدووربگرن! لـە هـەموو ئـەو تازەداهێنراوانـەی كـە دەهێنرێتـە نـاو كاروبـاری ئـەم دینـەوە، چـونكە هـەموو داهێنـراوێ بیدعەیە،وە هەموو بیدعەیەكیش گومڕایی یە.

لەسەر ڕۆشنایی ئەم ئامۆژگاری یەوە هاوەڵانی پێغەمبـەر "ڕەزای خوایـان لێبێت" بە بەردەوامی خەڵكیان ئاگادار دەكردەوەو وریایان دەكردنـەوە لـەو تـازە داهێنراوانـە، ئـەویش كاتـێ هـاوەڵی بـەڕێز "عبداللّـە ی كـوڕی مەسـعود"- ڕەزای خـوای لێبێـت- بینـی كۆمەڵـە خـەڵكێك لـە مزگەوتـدا دانیشتوون بەشێوەی بازنـە بازنـەی، وە لەبەردەستیاندا كۆمـەڵی بـەردە

وورده دانرابوو[1]، وه لـهنـاو هـهر يـهكيـك لـهو بازنـانـهدا پياويـك پيـى دهوتـن: ١٠٠ جـار بلـيـن: الله اكـبر، ئـهوانيش ١٠٠ جـار دهيـان ووت: الله اكـبـر .

پاشـان دهى ووت: ١٠٠ جـار بلـين: لاالـه الا الله، ئـهوانيش ١٠٠ جـار دهيان ووت :لااله الا الله .

دواى ئـهوه دهى ووت: ١٠٠جار بلـين: سُبحان الله، ئهوانيش ١٠٠ جـار دهيان ووت: سُبحان الله.

بـهلام عبداللـهى كـوڕى مهسـعود- ڕهزاى خـواى ليبيـت- چـوو بـۆ لايـانو قهدهغهى ئهم كارهى ليكردنو فهرمووى: (بهلاّ ليتان بدات، سوينـد بـهو ذاتـهى كـه نهفسى منـى بهدهسته، يـا ئيـوه لهسـهر دينيكـى هيدايـهت دراوترن لهدينى محمد (ﷺ)، يـان ئيـوه بـهم كارهتـان درگـاى گـومڕايى دهكهنهوه) [2].

پاشـان يـادكردنى خودلوسـتايش كـردنو پاڕانـهوه ليـى پـهرستشيكى "عبـادة" دروسـتو شـهرعييه، بـهلام "ابـن مسعود" (ڕهزاى خـواى ليبيـت) ئـهو شـيوازو ڕيگهيـهى لىّ قهدهغـهكردن كـه دايـان هينـابوو لـه ذيكركردنهكهياندا، لهبهر ئـهوهى ئـهم شيوازه جيگير نـهبووه نـه لهلايـهن پيغـهمبـهرهوه (ﷺ) وه نـه لـهلايـهن خولـهفاى ڕاشـدينهوه (ڕهزاى خوايان لىّ بيت).

بـه هـهمان شـيوه صـهحابهو ئهوانـهى لـهدواى صـهحابهوه هـاتووه "تابعين"، وه ئهوانهى كه له دواى ئهمانـهوه هـاتوون لـه پيشـهوا بهرچـاو

---

[1] ئهو بهردانهيان بهكار دههينا بۆ ژماردنى ذيكرهكانيان، واتـه لهگـهلّ وتنـى هـهر ذيكرينك به بهرديك دياريان دهكرد

[2] حديثٌ حسنٌ: رواه الدّارمي به ژماره "٢٠٤" به سهنهديكى "حسن "

رۆشنو رێنموایی کراو هیدایەت دراوەکان بە بەردەوامی قەدەغەیان دەکرد لە هەرکەسێ شتێکی تازە بهێنێتە ناو دینی خوداوە. لەبەر پاراستنی لایەنی شەریعەت لە دەست کاری کردنو گۆڕان کاریو ئاڵوگۆڕکردن .

بەناوبانگترینی نوسراوەکان لەبواری بیدعەو تازە داهێنراوەکان لە دیندا :

کاتێ کە بیدعەکان زۆربوون هەندێ لە زانایان بەتایبەت نووسراویان لەو بوارەدا نووسیوە، وە هەندێ لەو نووسراوانە وەکو:-

١- البدعُ والنهي عنها : بیدعەکانو قەدەغە کردن لێیان

خاوەنەکەی: (الأمام الحافظ: محمد بن وضاع القرطبي) - خوا لێی خۆش بێت- کەمردووە لە ساڵی "٢٨٦"هـ .

کە لەم پەرتووکەیدا هێناویەتی بەسەنەدەوە[1] کۆمەڵێك لە فەرموودەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)و کردەوەی صەحابیەکان "الآثار" لە زەم کردنو بوغزاندنی بیدعەکانو واجب بوونی دەست گرتن بە سوننەتەوە.

وە لەئاشکراترینی بابەکانی :

١- بابی ئەوشتانەی کە دەبن بەبیدعـــــە.

٢- بابی دروست کردنو داهێنانی بیدعە.

٣- بابی گۆڕینی بیدعەکان.

٤- بابی ئەو ووتانەی کە هاتووە لەبارەی شەوی "نیوە مانگی" مانگی شەعبان.

٥- خراپی کۆبونەوەی حاجیان لەسەر لەئێوارەی شەوی عەرەفەدا.

---

[1] سەنەد: واتە پشتە: بریتییە لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو فەرموودەیان گێڕاوەتەوە ناوەکەیان بهێنرێتو بووترێت.

٦- قەدەغەکردن لەدانیشتن لەگەڵ خەڵکی بیدعەچی دا.
٧- بابی: ئایا خاوەنی بیدعە تۆبەی بۆ هەیە ؟.
٨- چیرۆکی "صُبَیغ العراقي"!!.
٩- بابێ: لە هەڵوەشاندنەوەی ئاڵقە ئاڵقە پێك هێنەرەکانی دینی ئیسلام و وە دەرکەوتنی بیدعەکان.

٢- الحوادث والبدع: تازە داهێنراوەکان و بیدعەکان.

خاوەنەکەی : الامام ابي بكر محمد بن الوليد الطرطوشي- خوا لێی خۆش بێت- کە مردووە لەساڵی "٥٢٠"هـ .

لەم پەرتووکەیدا لە پێنج شوێندا لە "ابن وضاح"ەوە شتی وەرگرتووە، بەڵام پەرتووەکەکەی ئەم تێر وتەسەل ترەو بابەتی زۆرتر لەخۆی گرتووە وەك لە پەرتوکەکەی "ابن وضاح".

وە ئیمامی طرطوشی زۆرتر شتی وەرگرتووە لە "ئیمامی مالیك"ەوە کە بەشێوەیەك لە زیاتر لە "٩٠" شوێندا شتی لە ئیمام مالیکەوە وەرگرتووە.

وە ئیمامی طرطوشی ڕوونیشی کردۆتەوە کە ئامانجی لە نووسینی ئەم پەرتووکەدا ئەوەیە کە فەرموویەتی: " لەم پەرتووکەدا ویستمان کە تیایدا باس بکەین چەند کۆمەڵێك لەو تازە داهێنراو بیدعانەی کە دەهێنرێتە ناو کاروباری ئەم دینەوە، کە ئەو داهێنراوانە هیچ ئەصڵ و بنچینەیەکیان نە لە کتێبەکەی خودا وە نەلە سوننەتی پێغەمبەرەکەیدا (ﷺ) وە نە لەیەك دەنگی "إجماع" زاناکاندا وە نە لەغەیری ئامانەیشدا نی یە."

وه ئهم نووسراوهی "الحوادث والبدع" كراوه بهدووبهشهوه:

- بهشێكیان تاكه تاكهو تێكڕای خهڵك نهیان زانێت كه ئهم كارانه بیدعهیهكی تازه داهێنراون،و وه یان حهرامه كردنیان یان ناپهسهنده "مكروه".

- وه بهشێكی تریشیان زۆرینهی خهڵك- جگه له كهسێك نهبێت كه خودا پاراستویهتی- وا گومان دهبهن كه ئهو كارانه یهكێك بن له خواپهرستیهكان "عبادات" یاخود نزیك بوونهوه لهخودا یاخود گوێڕایهڵی كردن بن بۆ خوا یاخود سوننهت بن.

بهڵام بهشی یهكهم: لێرهدا[1] نهچووینه سهر باس كردنی هیچ كامێك لهو بیدعانه، لهبهرئهوهی پوختهی ئهو قسه بهس بووه بۆ ئێمه كه ببێته بهڵگه له نههێنانی ئهو بیدعانهدا، كه ئهویش ئهوهیه كه بهئیعترافی خودی ئهو كهسانهی كه ئهو بیدعانه ئهنجام دهدهن دهڵێن: ئهو كارانه لهدیندا نی یه.

وه بهڵام بهشی دووهم: له خۆی گرتووه ئهو بیدعانهی كه مهبهستمان بووه لهم پهرتووكهدا كۆی بكهیتهوه، وه مهبهستمان بووه لهههوڵدانمان بۆ وهستاندنی موسوڵمانان لهبهردهوام بوونو ڕۆیشتن لهسهر گهندهڵیو خراپی، وه ههتا ئهم بیدعانه به ئاكامی خراپ چوونیان نهبات لهپاشهڕۆژیاندا.

---

[1] واته: له كتێبی "الحوادث والبدع"دا، نهك مهبهست به ئێره ئهم پهرتووكه بێت كه ئێستا له بهردهستتدایه.

وەپەرتووکەکەی بۆ (٤) باب دابەش کردووە:

بـــابی یەکـــەم: لـــەبارەی ئـــەو کاروبارانەوەیەکـــە قورئـــانی پـــیرۆز پێچاونیەتیەوەو نەی هێشتوون، کە لەڕووە ئاشکراکانیاندا "الظاهر" بە ئاسپایی مل دەنێن و دەڕۆن بەرەو تیاچوون.

بـــابی دووەم: ئـــەو ووتانەیـــە کـــە لـــە ســـوننەتدا هـــاتوون دەربـــارەی ئاگاداربوونـــەوە لـە بیدعـە ،ووە ئـەو شـتانەی کـە بـەگوێرەی ئـارەزووی مرۆڤــ دروست کرابێت.

بابی سێهەم: هاتووە، دەربارەی ڕێگای ڕوون و ڕێبازو بەرنامەی صەحابە - ڕەزای خوایان لێبێت- لە قەدەغەکردنی بیدعەو ولزهێنان لەو شتانەی کە مرۆڤــ دەگەیەنێت بە بیدعە.

بابی چوارەم:- لە بارەی ئەو شتە سەر سوڕهێنەرانەوەیە کە لەبیدعەکانـدا هـــاتووە، وە بـــەر پـــەرچ دانـــەوەو بەرهەڵـــستی کـــردن و قەدەغـــەکردنی ئەوشتانە لەلایەن زانایانەوە.

٢- تـــلـبـیـسُ إبـلـیـس: ڕووکەش کردن و ساختەکردنی شەیتان

خاوەنەکەی : الأمام الحافظ: ابی الفرج بن الجوزی- خوالێی خۆش بێت- کە مردووە لەساڵی "٥٩٧"هــ.

کە ئەم پەرتووکە گشتگیرترە لە دووپەرتووکەکەی پێشوو، وە وورد تـرە لە ڕێك خستنی بابەتەکانیدا.

وەدابەشی کردووە بۆ (١٣) باب:

بابی یەکەم: لە بارەی فەرمان کردن بە پەیوەست بوون بەسوننەت و کۆمەڵی موسوڵمانانەوەیە.

بابی دووەم: لە بوغزاندن و لۆمەکردنی بیدعەو بیدعەچیان.

بابی سێهەم: لە ئاگادار کردنەوە لە ئاشوبی شەیتان و فێڵەکانی.

بابی چوارەم: لەماناى "التلبيسُ والغرُوُر" واتە: ساختەکاری و سەرکەشی بوون.

بابی پێنجەم: لەباسکردنی ساختەی شەیتان لە بیروباوەڕو ئایینەکاندا.

بابی شەشەم: لە باسکردنی ساختەکردنی شەیتان لە زاناکان لە زانستە جۆراو جۆرەکاندا.

بابی حەوتەم: لەباسکردنی ساختەی شەیتان لە کاربەدەست و فەرمانڕەواکان.

بابی هەشتەم: لەباسکردنی ساختەکردنی شەیتان لەخواپەرستان لەخواپەرستیە جۆراو جۆرەکاندا.

بابی نۆیەم: لە باسکردنی ساختەکردنی شەیتان لەزاهیدو دونیا نەویستەکان.

بابی دەیەم: لەباسکردنی ساختەکردنی شەیتان لە سۆفییەکان.

بابی یانزەهەم: لەباسکردنی ساختەکردنی شەیتان لە ئایین پەروەرەکان "مُتدين" بەو شتانەی کە لەکەرامات دەچێت.

بابی دوانزەهەم: لەباسکردنی ساختەکردنی شەیتان لەتێکڕای خەڵکی نەزان.

بابی سیانزەهەم: لەباسکردنی ساختەکردنی شەیتان لەسەر هەموو خەڵکی بەهیوا نەبڕانەوە لەژیانی دونیادا "طولُ الأمل".

٤- الباعث على إنكار البدع والحوادث؛ بەخەبەرهێن لە قەدەغەکردنی بیدعەو تازەداهێنراوەکاندا.

خاوەنەکەی : الأمام ابي شامة المقدسي -خوا لێی خۆش بێت- کە مردووە لەساڵی "٦٦٥"هـ .

لەگرنگترینی بەشەکانی:

١- ئاگادارکردنەوەی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی لەبیدعە.

٢- فەصڵێکە: لە قەدەغەکردن و بەرهەڵستی کردنی کاری ناشیاو،وە زیندووکردنەوەی سوننەت.

٣- فەصڵێکە: لەواتاو بناغەی بیدعە.

٤- فەصڵێکە: لەدابەش کردنی تازە داهێنراوەکان بۆ بیدعەی بەچاك دانراوەکان،وە بیدعەی بەخراپ و ناشیرین دانراوەکان.

٥- فەصڵێکە: لەو شتانەی کە بوونەتە بیدعەیەکی بەناوبانگ،وە بڵاوەیان کردووە لەوڵاتی موسوڵمانانندا.

٥- إقتضاءُ الصِّراط المستقيم مخالفةَ أصحاب الجحيم: گرتنەبەری ڕێگای ڕاست بەسەر پێچی کردنی خەڵکانی دۆزەخی.

خاوەنەکەی: پێشەوای شەکاوە شێخ الاسلام " ابن تيمية "یە -خوا لێی خۆش بێت-، کە مردووە لەساڵی "٧٢٨" هـ .

کە لەم پەرتووکەیدا باسی کۆمەڵێکی زۆری کردووە لەو بیدعانەی کە هاتوونەتە ناو وڵاتی موسڵمانانەوە،و وە ئەم بیدعانە هۆکارێك بوون

لەشوبهاندن و خۆچواندنی هەندێ لەموسوڵمانان بەگاورو جوولەکەوە یاخود بەکافرانەوە.

لەگرنگترین بابەتەکانی:

- فەصڵێکە: لەواجب بوونی شوێن کەوتنی قورئان و سوننەت،ووە دووركەوتنەوەو لەخۆچواندن بەکافرانەوە.

- فەصڵێکە: لەسەر پێچی کردنی غەیری موسوڵمانان لە عیبادەت و نەریتەکانیاندا.

- فەصڵێکە: لەفەرمان کردن بە پێچەوانەو موخالەفەکردنی جەژنی هاوبەشی پەیداکەرەکان.

- فەصڵێکە: دەربارەی ئەو بیدعانەی کە موسوڵمانان دایان هێناوەو دروستیان کردووە لە جەژنەکاندا.

- بیدعەی قەبر پەرستەکان و بەرپەرچ دانەوەو ڕەت دانەوەیان.

وە لەم پەرتووکەدا کۆمەڵی بابەتی دارشتووە،وەهۆنیویەتیەوە کە پێویست بوون بۆ ئەو بابەتانە داخوازی دەکا کە دەبێت ئەم بابەتانەش هەبن، وەکو:

- حوکمی قسەکردن بە غەیری زمانی عەرەبی[1]

- حوکمی پێشکەش کردنی دیاری بەکافرەکان لەجەژنەکانیاندا.

---

[1] واتە: بۆ کەسانێ کە خۆیان عەرەبن،و بەڵام ووشەی زمانی بێگانە لەجیاتی زمانی خۆیان بەجوانتر دەزانن و بەکاری دەهێنن، نەک بۆ گشت میللەتەکان وابێت کە دەبێت بە عەرەبی قسە بکەن، کە ئەمە لەئیسلامدا نییە.

- حوکمی پاڕانەوە لەخودا لە لای گۆڕی پێغەمبەر (ﷺ) ....و وە جگە لەمانەش.

٦- الفرقانُ بينَ اولياءِ الرحمن و أولياء الشيطان: جیاکەرەوە لەنێوان دۆستـانی خـوداو ودۆستـانی شەیتان .

خاوەنەکەی : هەر شیخ الاسلام "ابن تيمية" یە.

کە لەم پەرتووکەیدا دواوە لەبارەی بیدعەو قسەی پڕو پووچی دۆستانی شەیتان لە قەبر پەرستو بیدعەچییەکان.

وە تیایـدا جیـاوازی کـردووە لەنێوان کـەراماتی ڕاسـتی بـۆ دۆسـتانی خودا،ووە لەنێوان "خوارقُ العادة"دا واتـە: ئەو شتانەی کە بەدەرن لە نەریتو توانـای مرۆڤـ کە شـەیتانەکان دروستی دەکـەن بۆ دۆسـتانو شوێن کەوتووەکانیان لە بیدعەچیو قەبر پەرستەکان.

٧- المدخل: ڕێـڕەو

خاوەنەکەی : ابي عبدالله بن محمد بن محمد العبدري الفارسي الشهير بـ "ابن الحاج"- خودا لێی خۆش بێت- کە مرووە لە ساڵی "٧٣٢"هـ .

کە لەم پەرتووکەیدا ناوی هێناوەوباسی کردووە کۆمەڵێکی زۆر زۆر لەو بیدعانـەی کـە بـەربڵاوو زۆر بـوونو هـەبوون لەسـەردەمی خۆیـدا، وە کتێبەکەی بەگوێرەی ئەبوابە فـیقهیەکـان ڕێك خستووە. وەنـاوی نـاوە (ڕێڕەوێـك "المـدخل" بـۆ گەشـە سـەندنی کردووەکـان بەچـاك کردنـی نیەتەکانیان، وە ئاگاداری کردنەوە لە هەندێ بیدعـە،ووە ئەو نەریتانەی کـە بـەربڵاوو تەشـەنەیان کـردووە، وە ڕوون کردنـەوەی ناشـیرینی ئـەو کارانە).

وه باسی ئەو شتانەی کردووه کە پێویستە بەندە "العبد" ئاگادارییان بێ لە کردەوەکانیدا، پاشان لەبەرامبەریدا هەندێ بیدعەی هێناوە کە پەیوەستە بەو کردەوەوە،و وە دروست کراوە لەدژی ئەو کردەوەدا.
هەندێ لەوانە :
- ئەو بیدعانەی کە پەیوەستن بەدەست نوێژو نوێژو مزگەوتەوە.
- بیدعەی ئافرەتان لەجل وبەرگ و چوونەدەرەوەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ یەکتری داو وە جگە لەمانە.
- بیدعەی لەدایك بوون.
- بۆنەو ئاهەنگەکانی ئەهلی کیتاب.
- بیدعەی بانگ.
- بیدعەی نوێژی هەینی و نوێژەکانی تر.
- هەڵسوکەوتی موجاهیدو بیدعەی جیهادکردن.
- بیدعەی سۆفییەکان.
- بیدعەی ئیش وکار، وەکو جووتیاری،و جل دوورین،و ووردەواڵە فرۆشتن،و بازرگانی، وە بیدعەی زەرەنگەری،و پارەگۆڕینەوە، وچێشت لێنەر، ووێنەی ئەمانە.
وە ئەم پەرتووکە لەخۆی گرتووە زۆرینەیەك لەو بیدعانەی کەوا هەبوون لەسەردەمی نووسەردا، پاشان ئەم پەرتووکە فەوتاوەو ەمێستا هیچ شوێنەوارو بونێکی نییە.
ئەو سەر زەنشتانەی کە لەسەر ئەم پەرتووکە هەیە:
هەرچەندە ئەم پەرتووکی "للمدخل" ئاگاداری بوونی لەخۆی گرتووە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە بیدعە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا "ابن الحاج" خودی خۆیشی کەوتۆتە چەندەها هەڵەی گەورەوە، لەوانە:
١- وتن و دان پیانان بەدروستیەتی تبرك کردن بە قەبرەوە.
٢- وتن و دان پیانان بەدروستیەتی تکاکردن لە مردووان.
٣- وتن و دان پیانان بەدروستیەتی ڕۆیشتن بۆ لای قەبر تاپاڕانەوەی لەلادا بکەی.

٤- دروستیەتی کردنی خاوەن قەبر بە نوێنەر "الوسیط" بۆ لای خودا لە پاڕانەوەو شتی تردا.

بەڵام بەدواداچوونی ئەم هەڵانەی کردووە: د. محمد بن عبدالله الخميس لە ریسالەیەکدا بەناونیشانی "المنخل لغربلة خرافات ابن الحاج في المدخل"[1]، واتە: بێژنگێك بۆ بێژانەوەو پاکژکردنی پڕوپووچی یەکانی "ابن الحاج" لە پەرتووکی "المدخل"دا.

کە بەشێوەیەك بەدواداچوونی ئەم هەڵانەی کردووە لە بیستو شەش شوێندا، کە سوودمەندیەکی زۆری بەخشیوە،وەو هەوڵو کۆششو تەقەلایەکی زۆریشی تیادا کردووە.

٨- الأعتصام: پەناگرتنەبەر

خاوەنەکەی : الامام الاصولي أبي اسحاق إبراهيم بن موسى الشاطبي - خوا لێی خۆش بێت- کە مردووە لەساڵی "٧٩٠"هـ .

وە ئیمامی شاطبي دادەنرێت بە یەکەم کەسێك کە زانستی ناسینەوەی بیدعەی رێك خستووەو بنچینەکانی داناوە،وەو بناغەکانی زانستی بیدعەی جێگیر کردووە.وە شاطبي جیادەکرێتەوە بە قوڵی بەڵگە هێنانەوەو هێنانی قسەی نموونەیی و نەستەق.

وە پەرتووکەکەی دابەش کردووە بۆ (١٠) باب:

بابی یەکەم: پێناسەی بیدعە.

بابی دووەم: بوغزاندنی بیدعەو خراپی پاشەڕۆژی بیدعەچی.

بابی سێهەم: بوغزاندنو خراپ ناساندنی بیدعە بەشێوەیەکی گشتی کە بیدعە هەمووی مەزمومە، بەبێ جیاکردنەوەی بیدعەیەك لە بیدعەیەکی تر.

---

[1] ئەم بابەتە لەگەڵ کۆمەڵێك بابەتی تردایە، لەژێر ناونیشانی " التنبيهاتُ السنية على الهفوات العقدية ".

بابی چوارەم: سەرزەنشت کردن و سەرکوتانەوەی خەڵکانی بیدعە چی بە بەڵگە هێنانەوە لەسەریان.
بابی پێنجەم: یاساکانی بیدعەی حەقیقی و بیدعەی زیادە[1].
بابی شەشەم: یاساکانی بیدعە وە ئەمەش هەموویان لەسەر یەك پلە نین.
بابی حەوتەم: ئایا داهێنان و دروست کردنی بیدعە دەچێتە ژێر کاروباری ئاساییەوە؟
بابی هەشتەم: جیاوازی لەنێوان بیدعەکان و بەرژەوەندییە تایبەتیەکان و وە بەجوان دانانی هەندێ ڕووداو.
بابی نۆیەم: ئەو هۆکارەی کە لەپێناویاندا جیابۆتەوە کۆمەڵی بیدعە چییەکان لە کۆمەڵی موسوڵمانان.
بابی دەیەم: مانای ئەو ڕێگا ڕاستەی کە لێی لاداوە ڕێگاکانی خەڵکی بیدعەچی.
پاشان ئەم پەرتووکە پەرتووکێکی بەنرخە، وە توێژینەوەی بەچێژ و وە بابەتانێکی فراوانی تێدایە.

٩- اللُمع في الحوادث والبدع: درەوشاوەکان لە تازە داهێنراو بیدعەکاندا

خاوەنەکەی : صفي الدين ابن التركماني، کەنزیکەی ساڵی "٨٥٠"هـ مردووە.

١٠- البدع والحوادث: بیدعەکان و تازە داهێنراوەکان

خاوەنەکەی : احمد بن احمد البرنسي للفاسي، کە مردووە لەساڵی "٨٩٩"هـ.

---

[1] بیدعەی حەقیقی: بریتییە لەو بیدعەیەی کە ئەصڵ و بنچینەیەکی لەدیندا نییە، بەڵام بیدعەی زیادە: بریتییە لە کردەوەیەك کە ئەصڵی لەدیندا هەیە،وە کارێکی بیدعە نییە، بەڵام ئەو کردەوە لەشوێنەکەی خۆیدا ناکرێ و بە ئەنجام ناگەیەنرێت، بەڵکو لە شوێنێکی تردا دەکرێت کە شوێنی خۆی نییە،وە بەپێی کردنی لەو شوێنەی غەیری خۆیدا دەبێ بە بیدعە.

١١- الأمرُ بالاتباع والنهيُ عن الأبتداع: فەرمان كـردن بەشوێن كـەوتنى سوننەتو وەقەدەغەكردن لە بيدعە دروست كردن.

خاوەنەكەی : الأمام السيوطي، كە مردووە لەساڵی "٩١١" هـ .

١٢- إحياءُ السنة واجماد البدعة: زيندووكردنەوەی سوننەتو لەجوڵە خستنو ڕاگرتنی بيدعـە .

خاوەنەكەی : عثمان بن فودی، كەمردووە لەساڵی "١٢٣٢" هـ .

١٣- الأبداعُ في مضّار الابتداع: داهێنان لەزیانەكانی بیدعە داهێنراوەكان.

خاوەنەكـەی : الـشيخ علـي محفـوظ- خـوا لێـی خـۆش بێـت- كـە مـردووە لەساڵی "١٣٦٠" هــ دا، یاخود لەدوای ئەم ساڵەوە.

١٤- السنن والمبتدعـات: سوننەكانو داهێنراوەكان.

خاوەنەكەی : محمد بن احمد بن عبدالسلام الشقيري -خودا لێی خۆش بێت.

١٥- إصلاحُ المساجد من البدع والعوائد: چاكسازی كردنـی مزگەوتـەكان لە بیدعەكان ووە ئەو نەریتانەی كە بەربڵاون.

خاوەنەكەی : محمد جمال الدين القاسمي - خوا لێی خۆش بێت-.

١٦- الـردُّ علـى اهـل الأهـواء والبـدع: بەرپـەرچ دانـەوەی خـەڵكانیٚ كـە شوێن ئارەزوویان كەوتوونو وەبیدعە چین.

خاوەنەكەی: محمد بن احمد الملطي الشافعي.

١٧- البدعة اسبابها ومضارها: بیدعەو هـۆكـارەكـانـیو زیـانــەكانی.

خاوەنەكەی: محمود شلتون- خودا لێی خۆش بێت-.

١٨- رَدْعُ الانــام عــن محــدثـات عاشـر المحــرم الحــرام: گێڕانـەوەو ترساندنی خەڵكی لە داهێنراوەكانی "دەهەمین ڕۆژی مانگی موحەرەم".

خاوەنەكەی : أبو الطيب محمد عطاء الله ضيف.

١٩- اصولٌ في السنن والبدع: بنچینەو بناغەکان لە سوننەتەکان و بیدعەکاندا.
خاوەنەکەی : محمد احمد العدوی- خودا لێی خۆش بێت-.
٢٠- بدع الجنائز (في نهاية احكام الجنائز): بیدعەکانی جەنازە.
٢١- بدع الحج (في نهاية مناسك الحج والعمرة): بیدعەکانی حەج.
خاوەنی ئەم دوو پەرتووکە: زانای فەرموودەناس "ناصر الدين الالباني"یە - خودا لێی خۆش بێت-.
٢٢- كمالُ الشرع وخطرُ الابتداع: تەواویەتی شەرعو ترسناکی بیدعەو داهێنراوەکان.
خاوەنەکەی: العلامة "محمد الصالح بن عثيمين" - خودا لێی خۆش بێت-.
٢٣- تحذيرُ المسلمينَ من الابتداع في الدّين: ئاگادارکردنەوەی موسولمانان لە بیدعەو داهێنراوەکان لەدیندا.
خاوەنەکەی : ابن حجر آل بو طامي.
٢٤- البدعة: بیدعە. عزت عطية.
٢٥- مُعجم المَناهي اللفظية: قامووسی قەدەغە لێکراوە ووتراوەکان.
٢٦- تصحيحُ الدعاء: ڕاست کردنەوەی نزاو پاڕانەوەکان.
کەنووسەر لەم پەرتووکەدا بە تەنها بەشێکی جیاکردۆتەوە تیایدا بەناونیشانی "بدعُ القّراء" واتە: بیدعەی قورئان خوێنەکان.
٢٧- الردود: ڕەت دانەوەکان.
٢٨- جزءُ في مسح الوجه باليدين بعد رفعهما للدعاء: بەشێك: لە مەسح کردنی دەمو چاو بەهەردوو دەستەکان لەدوای بەرزکردنەوەی هەردوو دەستەکان بۆ پاڕانەوە.
ئەم "٤" پەرتووکە خاوەنەکەی : فضيلة الدكتور" بكر بن عبدالله ابي زيد" - خوا بیپارێزێت- .
٢٩- بدعُ القُراء: بیدعەی قورئان خوێنەکان.
خاوەنەکەی : محمد موسى نصر.

٣٠- القولُ المُبين في اخطاء المصلين: قسەی ڕوشنکەرەوە لەمەڵەی نوێژ خوێنەکاندا.

٣١- كُتبٌ حَذَّرَ منها العلماء: چەند پەرتووکێك کە زانایان خەڵکیان لێ ئاگادارکردۆتەوە.

هەردووکیان خاوەنەکەی: مشهور بن حسن سلمان.

٣٢- المسجدُ في الاسلام: مزگەوت لە ئیسلامدا.

خاوەنەکەی: خير الدين وانلی.

٣٣- مخالفاتٌ في الطهارة والصلاة والمساجد: سەرپێچییەکان لەپاکوخاوێنی و نوێژ و مزگەوتەکاندا.

خاوەنەکەی: عبدالعزيز السرحان.

٣٤- أحكامُ التشميتِ وبدَعِها: یاساکانی پژمین و بیدعەکانی.

٣٥- الاعلامُ بذكرِ المصنفاتِ التي حَذَّرَ منها شيخُ الاسلام: ڕاگەیاندن بەباس کردنی ئەو پەرتووکانەی کەوا شێخ الاسلام وریایی داوە لەبارەیانەوە.

٣٦- تصحيحُ الاوهامِ الواقعةِ في فهمِ احاديثِ الرسولِ "عليه السلام": ڕاست کردنەوەی ئەو بەهەڵەداچوونانەی کە ڕووی داوە لە تێگەیشتنی فەرموودەکانی پێغەمبەر (ﷺ)دا.

٣٧- مُنكراتُ البيوت: شتە نەریستراو ناپەسەندو خراپەکانیماڵەکان.

٣٨- مُنكرات الاسواق: شتە نەریستراو ناپەسەندو خراپەکانی بازاڕەکان.

٣٩- مُعجمُ البدع: فەرهەنگی بیدعەکان. ئەمانەش خاوەنەکەیان: رائد بن ابی علفه.

٤٠- حقيقةُ البدعة: ڕاستی بیدعە، واتە: ئاشکراکردنی خراپییەکانی بیدعە.

خاوەنەکەی: سعيد الغامدي

٤١- المنظار في بيان كثير من الاخطاء الشائعة: دووربين لەڕوون کردنەوەی زۆرینەیەك لەو هەڵانەی کە بەربڵاون.

خاوەنەکەی : صالح بن عبدالعزیز ال الشیخ.

٤٢- تحذیرُ الراکعین الساجدین ببعض أخطاء المصلین: ئاگادارکردنەوەی کڕنوش بەرەو سوجدەبەرەکان بەهەندێ لە هەڵەی نوێژ خوێنەکان.

خاوەنەکەی : عبده الاقرع.

٤٣- أخطـاءُ المصلين: هەڵەی نوێژ خوێنەکان.

خاوەنەکەی: محمد صدیق المنشاوی السوهاجی.

٤٤- أخطـاءُ المصلين: هەڵەی نوێژ خوێنەکان.

خاوەنەکەی : محمود المصری.

٤٥- جامعُ أخطاءِ المصلين: کۆکەرەوە لە هەڵەی نوێژخوێنەکاندا.

خاوەنەکەی : مسعد کامل.

٤٦- المنهیاتُ الشرعیة في صفة الصلاة: قەدەغە لێکراوە شەرعیەکان لە چۆنیەتی کردنی نوێژدا. عبدالرؤوف الکمالي.

٤٧- مبتدعات وعادات: داهێنراوەکان و نەریتەکان.

خاوەنەکەی: د. محمد عبدالقادر ابو فارس.

٤٨- السننُ والمبتدعات: سوننەتەکان و داهێنراوەکان. عمروسلیم.

٤٩- الأقوالُ النافعةُ لإزالة بعضِ المنكراتِ الواقعة: چەند قسانێکی بەسوود بۆ لابردنی هەندێ لەو کارە ناپەسەندانەی کە ڕوویان داوە.

علی بن عبدالعزیز موسی .

٥٠- سلسلةُ أخطاء في السلوك والتعامل: زنجیرەیەك هەڵە لە ڕەفتارەو هەڵسوکەوتەکاندا. محمد بن ابراهیم الحمد.

٥١- التنبيهات السنية على الهفوات العَقَدية في بعض الكتب العلمية:
د. محمد بن عبدالرحمن الخميس.
٥٢- البدعُ والمُحْدثات ومالا اصلَ له: بيدعەو تازە داهێنراوەکان و وەئەو شتانەی کە هیچ بنچینەیەکیان نییە. حمود بن عبدالله المطر.
٥٣- علمُ أصولِ البدعِ: زانستی بنچینەکانی بیدعە. علي بن حسن الحلبي.
٥٤- بدعُ الاعتقاد: بیدعەکانی بیروباوەڕ. محمد حامد الناصر.

چۆن بیدعـه دەنـاسیتـەوە ؟

شێخ ئەلبانی- خودا لێی خۆش بێت- فەرموویەتی: ئەو بیدعەیەکی کە بەڕاشکاوی دەق هاتووە لەسەر گومڕایەتی یەکەی لەلایەن خوای گەورە کە شارع و شرع دانەرە، بریتییە لـــــە:

١- هەرشتێ دژواریـەتی سوننەت بکات، ئیتر قسە بێت یاخود کردار بێت، یاخود بیروباوەڕی بێت با هەرچەندە لە ئیجتیهادیشەوە بێت.

٢- هەر کارو فرمانێ کە بەهۆیـەوە نزیـك ببیتەوە لە خودای گـەورە، وە پێغەمبەریش قەدەغەو نەهی کردبێت لەو کارو فرمانە.

٣- هەر کارو فرمانـێ کە نـەدەتوانرا کەوا دابڕێـژرێت و شـەرعی بکرێـت جگە بەدەقێکی قورئان و سـوننەت نـەبێت، یاخود بە ڕەوەسـتان نـەبێت لەسـەری [1]، وە ئـەوکارەش هـیچ دەقێکی لـە قورئان و سـوننەتی لەسـەر نەبوو، ئەوە بیدعەیە ئیللا مەگەر کارێك نەبێ کە لەصەحابیەکەوە هاتبێ کە کردوویەتی.

٤- ئـەو شـتانەی کـە لکێنـراون بەخواپەرسـتیەوە "عبـادة" لـە نـەریتی "عادات" کافرەکان.

٥- ئەو کارانـەی کـە هەنـدێ لـەزانایان دەقیـان هێنـاوە لەسـەر سـوننەت بوونی ئەو کارانە بەتایبەت هەندێ لەزانا دوایینـەکان "المتـأخرين"، وە هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەو کارانە نەبێت.

٦- هەموو خواپەرستیەك "عبادة"چۆنیەتی کردنەکەی نەهاتبێ جگە لە فەرموودەی لاوازو هەڵبەستراودا نەبێ.

٧- ڕۆچوون و سنوور شکاندن"الغلو" لەخواپەرستیدا.

---

[1] واتە: نازانی چی بڵێی لەبارەیەوە

٨- هەر خواپەرستیەك كە خوای گەورە دای نابێت، وە هەندێ لەخەڵك ئەو خواپەرستیەیان پابەندو پەیوەستیان كردبوو بە هەندێ كۆتەوە، وەكو: شوێن یان كات یان شێواز یان ژمارە، ئەوا ئەو كۆتانە بدعەن.[1] .

لەپاشاندا ئەم بناغانە شیاوی ئەوەن كە بەئاوی ئاڵتون بنووسرێنەوە، چونكە هەڵقوڵاوە لەشارەزایی و بەدوادا گەڕان،ووە گوشینی بیروهۆش، و بەرهەمی تێگەیشتن.

وە لـــــەدوایـیدا:

ئەم پەرتووكە هەموو بەشەكانی ناونراوە بە (الكلمات النافعة في الاخطاء الشائعة)، واتە: چەند ووشانێكی بەسوود لەچەند هەڵەنێكی بەربڵاودا. هەوڵم داوە كە شێوازی دەربڕینەكەی ئاسان بێت، وە قسەش لەسەر هەڵەكان بەكورتی بێت، وە پاڵ پشت كرابی بە بەڵگەوە، هەتاوەكو ڕێ خۆش كەربێت بۆ پێشەواو وتار خوێنەكان بەخوێنندنەوەیان بەسەر نوێژخوێنەكاندا، بەتكای سوود وەرگرتن و پاداشت لەلایەن خوداوە.

نووسیویەتی هەژارترین دروست كراوە بۆ لای خودا:

وحید بن عبدالسلام بالی

منشاة عباس

لـە ١٤٢٤/٤/١٢هـ

---

[1] احكام الجنائز (٢٤٢).

بەشی یەکەم

٨٠ هـەڵـە

لـە بیروبـاوەڕدا

بەناوی خوای گەورەومیهرەبان

سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە خۆشەویستی کردووە لەلای خۆشەویستان و دۆستانی پەرستش و گوێڕایەڵی کردنی، وە ڕق لێ بوون و ناشیرینی کردووە لەلایان سەر پێچی کردنی، وە تەڕو پاراوی کردووە زمانیان بەیادکردنەوەی، وە شاهیدی دەدەم کە هیچ ذاتێك نیە بە حەق جگە لەذاتی "الله" نەبێت، تاك و تەنهایەو وە هیچ هاوبەشێکی نییە، وە شاهیدی دەدەم کە "محمد" (ﷺ) بەندەو ڕەوانەکراوی خودایە.

وە لەدواییدا:

بەڕاستی گەورەترین و باشترین جیهاد: جیهادی زانست و بانگ خوازی کردنە بۆلای خودا، وە لەچاکترین بابەکانی: چاو ڕۆشن کردنی خەڵکییە بەیاساکانی بیروباوەڕو شەریعەت، وە ڕاست کردنەوەی هەڵەکانیان،و وە ئاگادار کردنەوەیان لەسەر لاری و خوارییەکانیان، لەبەر ئەوەی بانگ خواز "الداعیة" پزیشکە لەناو کۆمەڵگەکەیدا، نەخۆشیەکان دیاری ئەکات،و وە دەردەهێنێ لە دەقە شەرعیەکاندا دەرمانی سەرکەوتوو بەسوود بۆیان.

وە لێرەدا من پێم خۆش بوو کەوا بخەمە بەردەستی برایانم لە بانگ خوازو قوتابی زانست خواز، ئەو شتانەی کە لەسەری وەستاوم لە هەڵەی خەڵکی نەزان لە بیروباوەڕو خواپەرستیەکان و کڕین و فرۆشتندا، بەتاج لەسەرنانی ئەمانە بە بەڵگەی ڕاشکاو لە قورئان و فەرموودەی

راستی پێغەمبەر (ﷺ)، هەتاوەکو هەموو وتارخوێنێ یاخود ئامۆژگاری خوازێ یاخود هەموو چاکخوازێ وەری بگرێت لەو بەڵگانە ئەو شتانەی کەوا لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا دەگونجێت، تا خەڵکی لەسەر ئاگادار بکەنەوە، وە خۆزگەمیا هەندێك لە گەنجان هەستانایە بە خوێندنەوەی ئەم هەڵانە بە سەر خەڵکیدا لەدوای نوێژەکان، ئەوا ئەو گەنجانە پاداشتێکی زۆرو بێ پایانیان دەست دەکەوت بەهۆی ڕاست کردنەوەی بیرو باوەڕو چاککردن خواپەرستیەکان لەلایی زۆرینەیەك لە خەڵکی، یاخود هەندێ لە وتارخوێنەکانی کورتیان بکردایەتەوەو بیان وتایەو دەریان بڕیایە لە زنجیرەیەکی بەسوود لە وو تارەکانی ڕۆژی هەینیاندا.

پاشان ئەگەر خوای گەورە ئەم کارە ئاسان بکاتو درێژە بدات بە تەمەن، ئەوا بەدواداچوونی ئەو هەڵانە دەکەین لە تێکڕای گشت ئەم زنجیرە باسەدا ئەگەر خودا ویستی لەسەر ببێت "انشاء الله".

وە ئەم زنجیرەیەش پێك هاتووە لەم بەشانە:

١-کۆمەڵێك هەڵە لەبیروباوەڕدا.

٢-کۆمەڵێك هەڵە لە پاكو خاوێنیدا.

٣- کۆمەڵێك هەڵە لە بانگو قامەت کردندا.

٤- کۆمەڵێك هەڵە لە نوێژدا.

٥- کۆمەڵێك هەڵە لە نوێژی هەینی دا.

٦- کۆمەڵێك هەڵە لە نوێژی بەکۆمەڵ کردن "الجماعة"دا.

٧- کۆمەڵێك هەڵە لە دوو نوێژی هەردوو جەژنەکاندا.

٨- کۆمەڵێك هەڵە لە مزگەوتەکاندا .

٩- كۆمەڵێك هەڵە لە ڕۆژو گرتندا.

١٠- كۆمەڵێك هەڵە لە لەزەكات دەركردن لەماڵو ساماندا.

١١- كۆمەڵێك هەڵە لەحەج كردندا.

١٢- كۆمەڵێك هەڵە لە جەنازەدا.

١٣- كۆمەڵێك هەڵە لە ئاڵوو ویڵ كردندا "معاملات".

١٤- كۆمەڵێك هەڵە لە پەروەردەكردنی منداڵاندا.

١٥- كۆمەڵێك هەڵە لە بۆنەو ئاهەنگەكاندا.

١٦- كۆمەڵێك هەڵە لە ژیانی خێزانی دا.

١٧- كۆمەڵێك هەڵە لە دانیشتنو وتوێژكردن لەگەڵ یەكتریدا.

١٨- كۆمەڵێك هەڵە لە كڕینو فرۆشتندا.

١٩- كۆمەڵێك هەڵە لە وەسیەت كردندا بۆ دوای مردن.

٢٠- كۆمەڵێك هەڵە لە شەریكایەتی كردندا.

٢١- كۆمەڵێك هەڵە لەژن هێناندا.

٢٢- كۆمەڵێك هەڵە لەژن تەڵاق داندا.

٢٣- كۆمەڵێك هەڵە لە تاوانەكانو خوێن باییەكاندا.

٢٤- كۆمەڵێك هەڵە لەخواردنەمەنیو سەر براوەكاندا.

٢٥- كۆمەڵێك هەڵە لە دادگاو شایەتیداندا.

وە داواكارین لەخوای گەورە كە ببەخشێت پێمان ڕاست گۆی،و دڵسۆزی، وەكۆمەكی كردن،و سەركەوتووی، وەهیدایەت،و جێگیربوون لەسەر هەق،وە ووتنی ڕاستی لە قسەو كردەوەدا، وە سوودمەندمان بكات پێیان لەژیانی دونیاو وە لەپاش مردنیش، چونكە تەنها خۆی لێ خۆش بووە بۆ هەڵەكانە،وە بۆ لادانو بێ هەڵ خزانەكان لە ڕێگای ڕاستو حەق، وە تەنها خۆیشی وەڵام دەرەوەی نزاكانە.

وصلّ اللهم على محمد وعلى آله وصحبه اجمعين

بسم الله الرحمن الرحيم

١- هانا بردن بۆ مردووان: الاستغاثة بالأموات

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە هاوارو هاناو پەنا دەبات بۆ مردوولن، بۆ نموونە: ئەگەر هاتوو کەوتە ناو خەم و خەفەتو ناڕەحەتی یەکەوە، دەڵێت: "ئەی بەدەوی[1] بێ بەهانامەوە"، یاخود "ئەی دسوقی[2] بگە بە فریام".

کەچی هانابردنو داوای بەفریاکەوتن عیبادەتو پەرستشە، کە پێویستە ڕواڕو نەکرێتو بەکارنەهێنرێت جگە لە بۆ تەنها خودای پەروەردگار نەبێت، وە هەر لە بەر ئەوەش بوو کاتێك هاوەڵان "صحابە" - ڕەزای خوایان لێبێت- لە جەنگی بەدردا زۆری ژمارەی هاوبەش پەیداکەرەکانو کەمی ژمارەی خۆیانیان بینی، لەگەڵ سەخت بوونی جەنگو زۆربوونی ناڕەحەتی لەسەریان، وە لەگەڵ بوونی هەموو ئەمانەشدا هۆمەنو پەنایان نەبردە بەر پێغەمبەر (ﷺ)، کە پێغەمبەر (ﷺ) گەورەی هەموو پیاوچاکانو پێشەوای هەموو پێغەمبەرانیشە

---

[1] بەدەوی: ناوی "شەهاب الدین ئەحمەد"ە ، لەشاری "فاس"ی وڵاتی مەغریب لەدایك بووە، وە لەسالی ١٢٧٦ز دا مردووە لەشاری طە نطای میسر، واتە هەزار ساڵێکە مردووە، یەکێکە لە گەورەی سۆفییەکان، وە قەبرەکەی کراوە بە مەزارگاو شەخصێکی بەناوبانگ ،کەساڵانە لەکاتێکی تایبەتدا خەڵکی لەناوخۆ و دەرەوەی میسروە دەچن بۆ سەر قەبرەکەی، کە ئەوەندە خەڵك دەچێت وەکو ڕۆژی حەجولئەکبەر وایە لە قەرەباڵغیدا.

[2] دسوقی: ناوی "ئیبراهیم"ە، ئەمیش یەکێکە لە گەورەی سۆفییەکان، قەبرەکەی لەشاری "دسوق"ە لەمیسر، خەڵکان بەتایبەت دەچن بۆ سەر قەبرەکەی، وە مزگەوتێکی بەسەر قەبرەکەیەوە دروست کراوە .

"سەلامی خودایان لێبێت"، لەبەر ئەوەی صەحابە ئەیان زانی کە پێغەمبەر (ﷺ) مرۆڤێکەو بەدەستی نیە بۆئەوان هیچ توانای ئاسان کردن و لابردنی ناڕەحەتییەك لەسەریان، بەڵکو تەنها پەنایان برد بۆلای خوای پەروەردگار، وەخوای گەورەو میهرەبانیش لە پاداشتی ئەوەدا دەست بەجێ وەڵامی دانەوە، بەناردنی هەزار جەنگاوەر لە فریشتەکان "ملائكة" کۆمەك و یارمەتی کردن، کە دەفەرموێت ﴿إِذْ تَسْتَغِيثُونَ رَبَّكُمْ﴾، واتە: کاتێك ئێوەی موسوڵمان هاناو پەناتان بۆ پەروەردگارەکەتان دەبردو داوای کۆمەکی و یارمەتی دلنتان لێ ئەکرد (پێش ئەوەی شەڕ دەست پێ بکات و گەرم ببێت، وە لەشکری بێ باوەڕەکانتان بینی کە چەندە زۆر بوون کە "٩٥٠" کەس بوون، وە ژمارەی موسوڵمانەکانیش "٣١٣" کەس بوون)، وە زانیتان جگە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی کافران و شەڕ لەگەڵ کردنیان هیچ ڕێگایەکی تر نیە، هاوارتان کردە خوداو لێی پاڕانەوە، وەلەپاداشتی ئەو هۆمەن بردنەتان بۆ لای خودا [1] ﴿فَاسْتَجَابَ لَكُمْ﴾، واتە: خودا وەڵامی نزاو پاڕانەوەکەی

---

[1] لەجەنگی بەدردا موسوڵمانەکان بۆ شەڕکردن نەچوو بوون، بەڵام کە قوڕەیش بەسوپایەکی گەورەوە هات بەرەو ڕوویان، ئەمجا موسوڵمانەکان بۆیان یەك لا بۆیەوە کە ئەبێت بەرەنگاریان ببنەوە، ئەوە بوو پێش دەست پێکردنی جەنگ موسوڵمانەکان دەستیان کرد بەپاڕانەوە لەخوا تا سەریان بخات و یارمەتیان بدات، ووە کۆمەکیان بکات و بێت بەهاواریانەوە، چونکە موسوڵمانەکان لەیەك لەسەر سێی کافرەکان ژمارەیان کەمتر بوو، وە لەپێش هەموو موسوڵمانەکانیشەوە پێغەمبەر (ﷺ) خودی خۆیشی دەستی کرد بە پاڕانەوەیەکی بەکوڵ لەخودا، لەناو ئەو خێمەیەی کەوەکو سەرکردەیەکی سوپا بۆیان هەڵدابوو، ئەوەندە بەکوڵ لەخودا

دانـــەوە بـــەوەی ﴿أَنِّي مُمِدُّكُم بِأَلْفٍ مِّنَ ٱلْمَلَٰٓئِكَةِ مُرْدِفِينَ﴾، واتـە: مـن كۆمـەكی ئێـوە دەكـەم و یارمـەتیتان دەدەم بـە ناردنـی هـەزار فریشتەی هەڵبژێراو ناودار، كە بەریز و بەشوێن یەكدا و یەك بەدوای یەكــدا دێــن﴿وَمَا جَعَلَهُ ٱللَّهُ إِلَّا بُشْرَىٰ وَلِتَطْمَئِنَّ بِهِۦ قُلُوبُكُمْ﴾، وەپەروەردگار بەناردنی ئەو فریشتانە بۆ كۆمەكی كردنتان،ووە بۆ ئەوە بوو تا ببن بە مژدە بۆ سەركەوتننتان، وە بۆ ئەوەی دڵتان دابمەزرێ و ئارام بگرێ، وە ترسی زۆری و بەهێزی دوژمنانتان لەدڵتاندا نەمێنێ. ﴿وَمَا ٱلنَّصْرُ إِلَّا مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾(الانفال:٩-١٠)، واتــە: بێگومـــان ســـەركەوتنی ڕاســـتی لەجەنگــدا هـــەر لای پەروەردگارەوەیــە، وە بەدەســت كــەس نییــە بێجگــە لــەخودا نــەبێ، نەفریــشتە نــە غــەیری فریــشتە بــەبێ ڕەزامەنــدی خــودا یارمەتیــدان و سەركەوتنیان پــێ ئــەنجام نــادرێ، هــەموو كارێــك و یارمــەتی دانێــك

لەپاڕانەوە،ووە ئەوەندە دەستی زۆر بەرز دەكردەوە بۆ ئاسمان عاباكەی سەرشانی زوو زوو دەكەوتە خوارەوە، ئیمام ئەبو بەكر بۆی هەڵ دەگرتەوەو دەی دایەوە بەسەر شانیدا، وە دەی فەرموو(ﷺ): (خوایە ئەگەر ئەمڕۆ ئەم كۆمەڵە موسوڵمانە كەمە لەناو بچن ئیتر لەسەر زەویدا، كەسانێك نابێت بە تەنها تۆ بپەرستێ)، بێگومــان موســوڵمانەكانیش بــەكوڵ و بــەدڵ داوایــان بــەس لــەخوا دەكــرد وەكــو پێغەمبەرەكەیان، هەتا خوا خەرێكی كەمی بەسەر پێغەمبەردا هێنا كە خەبەری بویەوە بەمژدەوە، مژدەی سەركەوتن و كۆمەكی و یارمەتی خوایی بەموسوڵمانان ڕاگەیاند، بەهاتنی هەزار فریشتە بەسەركردایەتی جوبرەئیل كە بەڕێكەوەن بۆ پاڵ پشتی كردنی موسوڵمانەكان، ئەمەش تەنها لەپاداشتی پاڕانەوەو داواكردنی یارمەتی بوو تەنها لەخودا.

لەڕاستیدا تەنها خودا دەیکاو ئەی خوڵقێنن، بەڕاستی " الله" خودایەکی خاوەن توانایە،ووە خاوەنی حیکمەتەو کاربەجێیەو کاری بێ ئەنجام ناکات.

٢- داواکردنی یارمەتی لە غەیری خودا : طلبُ المدد من غیرالله

هەندێ لە خەڵکی داوای یارمەتی لە غەیری خودای بەرزو بڵند دەکاتو دەڵێت: "ئەی پیاوچاکانی خودا یارمەتیم بدەن" یاخود دەڵێت: "ئەی بەدەوی یارمەتیم بدە"، وە وێنەی ئەمانە[1].

وە ئەمەش دروست نییە، لەبەر ئەوەی وشەی "المدد" واتە: داواکردنی هاوکاری کردنو یارمەتی دانە، وە ئەم دووانەش داواناکرێن جگە لە خوای پەروەردگار نەبێ، لەبەر ئەوەی هیچ کەس توانای بەسەر ئەم دووانەدا نیە جگە لەخودا نەبێت، وە لەبەر ئەوەیشو خوای گەورە لەبارەی داوای بەفریاکەوتنەوە "المدد" دەفەرموێت﴿كُلًّا نُّمِدُّ هَٰؤُلَاءِ وَهَٰؤُلَاءِ مِنْ عَطَاءِ رَبِّكَ﴾ (الاسراء: ٢٠) واتە: پەروەردگار هەردوو کۆمەڵی: دونیا ویستانو قیامەت ویستان لەیارمەتیو بەخشینی خۆی لەڕزقو ڕۆزیو منداڵو سامان بێ بەش ناکات، وە هەرکەس بەگوێرەی خۆی (کافربێ یان موسوڵمان) ڕزقو ڕۆزی دەداتێ، وەماڵو منداڵی پێ دەبەخشێت.

وەلەبارەی یارمەتی دانەوە "العون" دەفەرموێت: ﴿إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ﴾ (الفاتحة:٥)، واتە: خوایە بە تەنها تۆ "إيّاك" دەپەرستین "نعبُدُ" وە بەندایەتی تەنها بۆ تۆ دەکەین، وە لەتۆ زیاتر

---

[1] وەکو بڵێت: " ئەی کاک ئەحمەدی سلێمانی" یاخود "ئەی شێخ عبدالقادری گەیلانی" بێن بەهاوارمەوە.

ملکەچی کەسی تر نابین، وە هەروەها بە تەنهایش هەر لەزاتی پاکی تۆ "إيّاك" داوای کۆمەکی و یارمەتی دەکەین "نستعين"، وە بەتەنها پشت بەزاتی تۆ دەبەستین، جگە لەتۆ پەنا بۆ هیچ کەس و شتێك نابەین، جا چ زیندوو بێ یاخود مردوو، چونکەلە تۆ زیاتر زاتێکی تر نییە کە خاوەنی دەستەلات و توانایەکی بێ سنوور بێ لەم بوونەوەرەدا.

وە لەلای ئیمامی "ترمذی" فەرموودەیەك هاتووە بە سەنەدێکی صەحیح، کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی بە "إبنُ عباس" – ڕەزای خوای لێ بێت- : " إذا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ باللهِ "[1]، واتە: ئەگەر داوای کۆمەکی و یارمەتیت کرد، تەنها داوای کۆمەکی و یارمەتی لە خوا بکە.

وە لە" صەحیحی موسلیم" دا فەرموودەیەك هاتووە: کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : " اِحْرِصْ عَلَى مايَنْفَعُكَ، واسْتَعِنْ باللهِ "[2]

واتە: سوور بە لەسەر ئەوشتە کەسوودت پێ دەگەیەنێت، وە پشت بەخوا ببەستە.

وە لەلای ئیمامی "ابی داود" یش فەرموودەیەك هاتووە بەسەنەدێکی صەحیح[3] کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی بە "موعاذی کوڕی جەبەل" – ڕەزای خوای لێبێت- : " إنّي لأُحِبُّكَ، فلا تَدَعْ في دُبُرِ كُلِّ صلاةٍ أن تقول: اللهُمَّ أعنّي على ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وحُسنِ عبادَتِكَ".

---

[1] حديثٌ حسن: رواه الترمزي: لە (صفة القيامة) دا (٤/٦٦٧) بە ژمارە (٢٥١٦) وە فەرموویەتی: حسنٌ صحيح.

[2] حديثٌ صحيح: مسلم (٤/٢٠٥٢) بەژمارە (٢٦٦٤)

[3] حديثٌ صحيح: رواه ابوداود (٢/٧٦) بە ژمارە (١٥٢٢)

واته: بەڕاستی ئەی موعاذ من تۆم خۆش دەوێت، بەجێی نەهێڵی ئەم ذیکرە لەدوای تەواوبوونی هەموو نوێژێك كە بڵێی (اللهُمّ اَعنّی علی ذكرك وشكرك وحسنِ عبادتك)، واتە: خوای پەروەردگار یارمەتی دەرم بە لەسەر یادکردنت، و وەسوپاس‌و ستایش کردنت، وە بەچاکی پەرستنت[1].

---

[1] هانابردن بۆ مردووان‌و داوای کۆمەکی کردن لە غەیری خودا:

-خوێنەری بەڕێز لە کوردستانی ئێمەدا هانابردن بۆ غەیری خودا زۆر زۆرە، کە بەئەندازەیەك لەوە دەچێت هیچ گەلێکی تر نەبێت بەرینەی خەڵکی ئێمە ئەم جۆرە دیاردەی تیابێت، هۆکارەکەیشی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کۆمەڵێکی زۆر لە قەبری پیاوچاکان، کە بەو قەبرانە دەوترێت "شەخص" کە ئەم شەخصانە ئەوەندە زۆرن شارو لادێیەك نییە ئیلا دەبێت شەخصێکی تیابێت، بەڵکو قەبرستانێك نییە ئیلا دەبێت لەناو ئەو قەبرانەدا بەلایەنی کەمەوە دەبێت قەبرێکی تیا بێت کە ڕەنگی سەوز کرابێت،و پەڕۆو ئاڵای سەوزی بۆ چەقێنرابێت‌و بشەکێتەوە،ووە لەناو پەڕۆ سەوزەکانیشدا دەستێك لە ئاسن دروست کرابێت‌و ڕەنگی سەوزی تۆخ کرابێت، تا ئەم شتانە بەڵگە بن لەسەر ئەوەی کە ئەم خاوەن لەبرە شێخەو وە قەبرەکەیشی شەخصە، وە هەروەها بۆ هەموو شەخصێك قەبرەکەی ڕەنگی سەوزی تۆخ کراوە،ووە پەڕۆی سەوز لە بچووك‌و گەورە بۆی کراوە بە ئاڵا بۆ ئەوەی هەر لەدوورەوە خەڵکی بی دۆزنەوەو، وە هیلاك نەبن‌و بگەڕێن بەدوای ئەم جۆرە قەبرانەدا، وە زۆر بەی ئەم قەبرانەش چواردەورەیان بە بەرد بۆ کراوە وەکو شورا،و وە کەمێکیشان چەتریان بۆ کراوەو وە ناوەکەیان وەك دیوەخان ڕازێنراوەتەوە، کە چوویتە ناویەوە حەز ناکەی بێیتە دەرەوە ، وە زۆربەشیان ناوی تایبەتیان بۆ دانراوە، وەکو: ئەمە شەخصی کانی بایە، ئەمەی تریان کاسەو کەوچکە، ئەوەی تریان ئەلیاسە فرمیە، یەکێکی تر تەڕاتەوەنە،وو شێخی کۆنە پۆش ، و ...... تاکۆتایی .

وە هەندێکیشیان خەڵکی بۆی دیاری کردوون کە ئەم شەخصە بۆچی باشە، بۆ نموونە: ئەم شەخصە بۆ شەلەل باشە، ئەوی تر بۆ نەخۆشی "بایەری" باشە، یەکێکی تر بۆ منداڵ بوون، ئەوی تریان بۆ نیاز قبوڵ بوون‌و شووکردن باشە.

وە بۆ شەخصە گەورەکان‌و زۆر پیرۆزەکانیش خزمەت کاریان هەیە، کە پێیان دەوترێت "زێوان" وە ئەم زێوانانە ئەرکی خزمەتکردن‌و پاککردنەوەو بەڕێکردنی خەڵکی کە دێن بۆ زیارەتی ئەم شەخصانەیان لەخۆگرتووە، وە ڕۆژێکی تایبەت بۆزیارەت کردنی ئەم قەبرانە دانراوە، کە دەڵێن لەرۆژی ٤ شەممماندا باشە بچیت بۆ سەر قەبری شەخص ، بۆ؟ چونکە ٤ شەممان ڕۆژێکی پیرۆزەو بەڵکو باشترو زووتر نیازەکانت قبوڵ بێت‌و بێتە جێ.

وە هەندێك لەو شەخصانە ئەگەر خاوەنەکەی بەناوبانگ بێت سەر قەبرەکەی وەکو گەلای دار پڕ کراوە لە پارە ، یاخود شەخصی وا هەیە خەڵکی بەرماڵە دڕاوی ماڵی خۆیانی بۆ هێناوەو لە کێلی قەبرەکەیانەوە پێچاوە، وە سەر قەبرەکەیشی پڕکراوە لە قاپ‌و قاچاغی شووشە ووە شکاندویانە بەسەر قەبرەکەیدا ، بۆ؟ چونکە دەڵێن: ئەم شێخە شێخی کۆنە پۆشە دەبێت چوار دەوریشی بەکۆنە پۆشرا بێت.

هەندێکی تر لەو شەخصانە مزگەوتیان بەسەرەوە کراوەو گومەزی گەورەی سەوزیان بەتایبەت بۆ نەخشێنراوە، وە هەریەکەیان ناوی خۆی هەیەو بەدەرگای دەرەوەی شەخصەکەدا هەڵواسراوە.

لەوە سەیر تر ئەوەیە هەموو شەخصێك دەبێت لەگەڵ پەڕۆ سەوزەکاندا ئەو دەستە ئاسنە سەوزەیشی لەگەڵدا هەبێت، پرسیار بکەی لای هەندێك لەخەڵك باوەڕیان وایە ئەو دەستە زیاتر ئەم قەبرە پیرۆز تر دەکات، چونکە دەڵێن: ئەو دەستە دەستی پێغەمبەرە!!، ئیتر نازانم ئایا پێغەمبەر ئەوەندە دەستی هەبوو تا بەشی ئەو هەموو شەخصانە بکات، یان پێغەمبەر دەستی وەکو دەستی مرۆڤ لەگۆشت بووە یان لەئاسن، وە ئایاهیچ شوێنێك ئەماوە دەستی پێغەمبەری پیادا هەڵبواسرێت ئیللا لە قەبرساندا نەبێت.

ئەمە وەکو پێشەکییەك تا بزانیت کە قەبر پەرستی چەند لای ئێمە گرنگی پێدەدرێت، ئەوەندەی بەمردووەکان گرنگی ئەدرێت بەزیندووەکان ئەوەندە گرنگی نادرێت.

بەڵام هاوارکردن لێیان و پەنابردن بۆیان زۆر زۆرە، بەڵام لێرەدا باسی هەندێك لەو جۆرە هانابردنانە دەکەین:

- شەخصێك هەیە لەنزیکی سنووری ئێران، خەڵکی ئەگەر منداڵیان تووشی سوورێژە ببێت، دەچن گڵی ئەو شەخصە دەهێنن و دەرخواردی منداڵەکەیانی دەدەن، بەهیوای ئەوەی ئەم گڵە سوورێژەکەی چاك بکاتەوەو شیفای بدات.

- یاخود هەندێك کەس کە دەچێت بۆ سەر شەخص موفەرکێکی ئەو شەخصە، کە پارچەیەك پەڕۆی سەوزە یان پارچەیەکە لە دارەکانی ئەو شەخصە ، یان بەردێکی سەر قەبرەکەی دەهێنێت و دەیخاتە ناو خواردەمەنی و زەخیرەی ماڵەکەیەوە، بەهیوای ئەوەی کە ئەو شتەی ئەو شەخصە بەرەکەت بخاتە ناو خواردەمەنی ماڵەکەیانەوە،و وە زەخیرەی ماڵەکەیان ئەو پارچە شتەی ئەو شەخصە زیادبوونی پێبکات.

- یاخود هەندێك لە خەڵکی لەماڵەوەیان شەکر دەبات بۆ سەر شەخصێك، وە لەدوایدا لەگەڵ خۆیدا دەی هێنێتەوە بۆ پیرۆزی، بەحسابی ئەوەی مادەم ئەو شەکرە براوەتە سەر ئەو شەخصە بەرەکەتی وەرگرتووە،ووە لەگەڵ خۆیدا بەرەکەتی هەڵگرتووە.

- یاخود هەندێك لە خەڵکی کە منداڵەکەی نەخۆش کەوت، دەچێت پارچەیەك موفەرەکی بۆ دەهێنێتەوە،وە دەیکاتە دەستی منداڵەکەی بەهیوای ئەوەی ئەم موفەرەکە شیفای بدات.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان ئەگەر بەمنداڵەوە بوو، وە منداڵەکەی لێ نەبۆوە دەچن موفەرەکی شەخصێکی بۆ دەهێنن و،وەکو پشتێن بەناو قەدیەوە دەی بەستن تا منداڵەکەی بە پیرۆزی ئەو موفەرەکەوە لێ ببێتەوە.

- یاخود هەندێ لە خەڵکی کە منداڵێکیان تووشی نەخۆشییەکی سەخت بووە، ئەوا ئەو منداڵە دەبەن بۆ سەر شەخصێك، پاشان تا ماوەیەك لەسەر ئەو شەخصە

دەمێننەوە، چارەیێ دەکەن بەڵکو منداڵەکەیان خەوی لێ بکەوێت، ئەگەر خەوی لێکەوت، ئیتر دەڵێن: تەواو ئیتر چاك دەبێتەوەو شیفای بۆ دێت، بەڵام ئەگەر خەوی لێ نەکەوت ئەوا بێ هیوا دەبن لەچاك بوونەوەی.

- یاخود هەندێك لە خەڵکی کە منداڵیان نابێت، مۆمەن دەبات بۆ شەخصێك و لێی دەپاڕێتەوە کەوا منداڵێکی ببێت، وە دەڵێت: شەخصەکە گیان!! ئەگەر منداڵێکم بوو بانیشانەیەکی خۆتی پێوە بێت، بۆیە ئەگەر منداڵێ خاڵی زۆری پێوەبێت، ئەوا بەو منداڵە دەڵێن: ئەوە دایکت چووەتە سەر شەخص ئەمجا تۆی بووە، وە ئەو خاڵانەش نیشانەی ئەو شەخصەیە بەتۆوەیە.

- یاخود هەندێك لە خەڵك کە منداڵیان زۆر نەخۆش دەبێت، دەیبەن بۆ سەر شەخصێك و دەڵێن: ئەم شەخصە خوێنی لە خۆی گرتووە، دێن حەیوانێکی بۆ سەر دەبڕن تا منداڵەکەیان چاك ببێتەوە.

- یاخود شەخصێکی لێیە لە گردی "......." هەندێك لە ئافرەتان ئەگەر کەسێکیان ون بووبێت دەچنە سەر ئەو شەخصە، داوا دەکەن لەم شەخصە تا سۆراغ و هەواڵی ئەم کەسەیانیان بۆ بزانێت، چۆن؟ دێن پەڕەیەك کاغەز دەهێنن و لەسەر ئەو پەڕە کاغەزە داواکەیان دەنووسن، بەم شێوەیە: ئەی شێخ فلان گیان! داوات لێدەکەم کە تۆ پیاو چاکی وە لەخواوە نزیکی کە تکایەکمان بۆ بکەی لای خوا، بەڵکو هەواڵی ئەو فلان کەسەمان بۆ بێت و بزانین چی بەسەر هاتووە، ئەمجا داواکە دەخەنە ناو فایلێك و دەیدەن بە دەستی زێوانەکەی شەخصەکەوە ،ئەویش دەیبات لەسەر قەبرەکەی دای دەنێت، بە باوەڕی ئەوەی کە کاکی شێخ ئەم داوایەیان لای خوا بۆ جێ بەجێ بکات.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان کە منداڵیان نابێت، کە دەچنە سەر قەبری شەخصێك تا داوای منداڵ بوونی لێ بکەن، دێن ئەم ئافرەتانە پەڕۆیەکی سەوزی ئەو شەخصە دەهێنن و ئەمجا هەر چوار لاکەی بەچوار پەلەدارێکی ئەو شەخصەوە دەبەستن، پێی دەڵێن: جۆلانە دروست کردن، پاشان ئەو ئافرەتانە ئەو جۆلانەیە بەجێ دەهێڵن تا هەفتەیەك یان دوو هەفتە، کە لەدوای ئەو ماوەیەوە دەچنەوە سەری و سەر لەو جۆلانە دەدەن، ئەگەر هەر چییەك کەوتبێتە ناو ئەو جۆلانەوە، دەبێت ئەو ئافرەتە

که منداڵی نابێت دەبێت بێ خوات بۆنەوەی منداڵی ببێت، ئیتر ریقنەی چۆلەکە بێت یان چۆلەکە تۆپیوو بێت یان هەر چیەك بێت دەبێت بیخوات، ئەگین بە باوەڕی ئەوان منداڵەکەی نابێت ئیتر، یاخود لەدوورەوە بەردێکی ئەو شەخصە فڕێ دەدەن بۆ ئەو جۆلانەیە، ئەگەر بەردەکە کەوتە ناویەوە ئەوا دەڵێن: وەك چۆن ئەو بەردە کەوتە ناو ئەو جۆلانەیەوە ئاوا تۆیش منداڵێك دەکەوێتە سکتەوە.

– یاخود مامۆستای بەڕێزو موفەسیری قورئان "مامۆستا مەلا مەحمودی گەلاڵە" لە تەفسیرەکەیدا "تەفسیری ڕەوان" دیاردەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە دەفەرموونێت: لەشاری سلێمانی دارێك هەبوو لە مزگەوتی گەورەدا، نزیك ئارامگای "کاك ئەحمەدی شێخ" خەڵکی بە پیرۆزیان دەزانی، لەدوای ساڵی ١٩٦٥ کە مزگەوتەکە تازە کرایەوە دارەکەش سەری تیا چوو، بەڵام تا ساڵی ١٩٧٨ کۆلکەدارەکەی بنکی مابوو، خەڵکی تەلاّش لێیان دەکردەوە بۆ موفەرەك، تەنانەت من بۆ خۆم بەچاوی خۆم بینیومە پرو پەرێزن زەویەکەیان بۆ هەڵدەکۆلی، بۆنەوەی بە ئەندازەی نینۆکێکیان لە بنە تۆڵەکەی وەگیر بکەوێت بۆ ددان هێشەو سك هێشەو منداڵبوون و ئەمجۆرە شتانە بەکاریان دەهێنا، چونکە بە موفەرەکیان دەزانی! باش بوو لە دەوروبەری ساڵی ١٩٨٣ دا شوێنەکەیان کۆنکرێت و کاشی کردو ئاسەواری ئەماو لەبیرچووەوە.

– یاخود لە هەندێك شوێن ئەوەندە زیادەڕەوی لە پیرۆز کردنی ئەو شێخانەدا کراوە، کە دەڵێن: لە هەندێك شوێنی کوردستان بەردی خڕی گەورە گەورە لێیە ڕووە خەڵکی ئەو بەردانە بە پیرۆز دەزانێت ، بۆ ؟ چونکە دەڵێن: ئەو بەردانە فلانە شێخ وەختی خۆی کە خەڵکی ئێرە بووە،کە کاتی نوێژ هاتووە چوەتە سەر ئەم بەردانەو،ئەمجا دیار نەماوە و ڕۆیشتووە بۆ شاری مەککەو لەوێ نوێژە فەرزەکانی بەجێ هێناوە، بەڵام بێگومان ئەوشێخانە زۆرینەیان پیاوچاك بوون کە بۆ ژیانی دونیایان،وەیاخود بۆ دوای مردنیشیان بەو زیادەڕەوی کردنە لە پیرۆز کردنیاندا ڕازی نەبوون .

– یاخود هەموو ساڵێك لەشاری سلێمانی لە مانگی چواردا دیار دەیەك پەیدا دەبێت، کە دوکانی ئیستینساخەکان بۆ پارە پەیدا کردن زیندووی دەکەنەوە

بەناوی" وەسیەتی شێخ ئەحمەد"ەوە ،کە ئەم وەسیەتە درۆیە کە لە یەك پەڕە کاغەز پێك هاتووە،و بە (٢٥٠) دینار چاپی تەبع دەی فرۆشن، کە کورتەکەی بەم شێوەیە:
من ناوم شێخ ئەحمەدەو خادمی قەبرەکەی پێغەمبەر بووم، شەوێك وەنەوزم دەدا پێغەمبەر هاتە بەرچاوم یان هاتە خەوم،و ووتی: ئەی شێخ ئەحمەد!! وەسیەتێکت بۆ دەکەم وتۆش بە ئومەتەکەمی ڕابگەیەنە، کە ئومەتەکەم لەڕێی خودا لایان داوەو وە هەفتەی چل هەزار کەسیان بەکافری دەمرن،و.... هەتا کۆتایی ، پاشان پارە پەیداکردن بەم وەسیەتەوە،ووە قۆڵ بڕینەکە ئــــا لەمەدایە دەڵێ: پاشان پێغەمبەر پێی ووتم: دەبێ ئەم وەسیەتم هەرکەس خوێندیەوە، دەبێت حەوت نوسخەی لێ بنوسێتەوەو وە بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکات ئەگەر وانەکات ، سەیر بکە خوێنەری بەڕێز ئەم فێڵە ئەو سزایانەی کە هێناویەتی بریتین لەو سزایانەی کە هەر کەسەو وە هەر چینە لەچی دەترسن ئەو سزایانەی بۆهێناون، دەڵێت: ئەگەر ئەی نوسێتەوە ئەگەر ژن بوو تەلاق دەدرێت، وە ئەگەر پیاو بوو ژنەکەی تەلاق دەدات، بەلام بی نووسێتەوە ئەگەر کچ بوو شوو دەکات، وە ئەگەر کوڕ بوو ژن دەهێنێ، وە ئەگەر بینوسێتەوە ئەگەر فەقیر بوو دەوڵەمەند دەبێت، بەلام ئەی نووسێتەوە ئەگەر دەوڵەمەند بوو فەقیر دەبێت، ئەگەر بێ ئیش بوو ئیشی دەست گیر دەبێت ، بەلام ئەی نووسێتەوە لەوەزیفەکەی دەری دەکەن.
پاشان خەڵکی داماو کە یەکێك ئەو وەسیەتەی دەداتێ و دەی خوێنێتەوە ، ئیتر لەترسا بۆئەوەی تووشی ئەم ناڕەحەتیانە نەبێت، دەبێت ٧ نوسخەی لێ ئیستنساخ بکات،و بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکات، کەواتە ناحەقی نی یە کابرای دوکانی ئیستنساخ هەموو ساڵێ زیندووی بکاتەوە بۆ بەرژەوەندی خۆی.
بەلام ئەم وەسیەتەی "شێخ ئەحمەد" درۆیە،ووە لەشاری مەککەو مەدینەشدا پێش ٣٥ ساڵ لە مەو پێش هەبووە لەناو ئەوانیشدا، کە زانای پاپە بەرز " شێخ بن باز" لەمەسەلەکانی حەقتانە ڕەتی داوەتەوەو دەڵێت: (ئەم وەسیەتە درۆیە و وە هیچ ئەصلێکی نییە)، بەلام تازە دەگات بەکوردستانی ئێمە.
پاشان بزانە خوێنەری بەڕێز بە چەند ساڵێك ناوی خاوەن وەسیەتەکە دەگۆڕن جاران ناوی شێخ مستەفا بوو، پاشان بەناوی کچێکەوە بلاویان دەکردەوە کە خەوی بە سەیدە زەینەبی کچی پێغەمبەرەوە بینیووەو هەمان وەسیەتی پێی وتووە، وە ئەمە دووساڵیشە بەناوی شێخ ئەحمەدەوە بلاوی دەکەنەوە، ئیتر خوادەزانێ دەبێ بەشێخ کێی تر، وە ئەگەر دەتەوێت باشتر ئەم درۆیەت بۆ ڕوون بێتەوە ، ئەوا ئەم

٢- سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جنۆکە: الذبح للجن

لەنێو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە، دەچێت بۆ لای جادووگەرێك "ساحیر" تا چارەسەری نەخۆشێکی بۆ بکات،ئەمجا جادووگەرەکەش بۆ ئەنجام دانی جادوو وسیحرەکەی داوای ئاژەڵێکی لێ دەکات[1] ، کە چەند سیفاتێکی جۆراو جۆرو دیاری کراوی هەبێت، بۆ نموونە (مریشکێکی ڕەش بێت سپیایی تیادا نەبێت)، وە وێنەی ئەمانە، پاشان

وەسیەتەی کە توزێکی تر بەرچاوت دەکەوێت،هەر ئەو وەسیەتەیە کە (٥) ساڵ لەمەو پێش بەناوی ئەو کچەوە کە خەوی بە سەیدە زەینەبەوە بینیوە بڵاویان کردۆتەوە، وە ئەم وەسیەتە هەر ئەو نوسخەیەیە کە پێش (٥) ساڵ لەمەو پێش لە خەڵکی وەرم گرتووە، فەرموو سەیری بکە:

من کچێکم تەمەنم (١٢ ساڵە تووشی نەخۆشییەك بووم . هیچ دکتۆرێك نەیتوانی
چارەسەری نەخۆشییەکەم بکات [illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
[illegible]
بەسەر دێت
[illegible]

---

[1] زۆرینەی خەڵك لە نەزانینەوە ئەم کارە دەکەن ، چونکە ئەگەر بزانن ئەو حەیوانەی کە جادووگەرەکە وەری دەگرێت لێیان ، بۆ ڕازی کردنی جنۆکە سەری دەبڕێ، ئەوا ڕازی نەدەبوون بەو کارە.

جادووگەرەکە مریشکەکە سەر دەبڕێ ووە لاشەی نەخۆشەکەی پێ خوێناوی دەکا،وە بۆ ڕازی کردنی جنۆکە ئەم کارە ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوەی جنۆکە بەخوێن دەژی و وە لەسەر خوێن خۆراك خۆری دەکات، وە ئەو جادووگەرە لەکاتی سەر بڕینی مریشکەکەدا ناوی خوایشی لەسەر ناهێنێ.

وە ئەم کارە کارێکی یاساغو حەرام کراوە، وە نەفرینی لێ کراوە لەو کەسەی کە هەڵدەستێ بەکردنی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە" ئیمامی موسلیم" گێڕاویەتیەوە، کە فەرموویەتی :

" لَعَنَ اللهُ مَنْ ذَبحَ لغيرِ اللهِ، لَعَنَ اللهُ مَنْ لَعَنَ وَالديهِ، لَعَنَ اللهُ من اوى مُحدثاً، لَعَنَ اللهُ مَنْ غيّرَ منارِ الارض"[1].

واتە: لەعنەتو نەفرینی خوا لەکەسێ بێت کە حەیوان سەر دەبڕێ بۆ غەیری خوا، نەفرینی خوا لەکەسێ بێت کە نەفرین لەدایكو باوکی دەکات، نەفرینی خوا لەکەسێ بێت کە داڵدەو پەنای بیدعە چییەك دەدا، نەفرینی خوا لەکەسێ بێت کە نەخشەو نیشانەی ناسینەوەی نێوان دوو زەوی دەگۆڕێت[2].

---

[1] حدیث صحیح: لە (صەحیحی موسلیم)دا هاتووە بە ژمارە (١٩٧٨) لە (الاضاحي)دا، بابی: تحريم الذبح لغير الله.

لێرەدا مەبەست بەگۆڕینی "منارُ الأرض" : واتە کەسێك هەڵبستێ بەگۆڕینی ئەو نیشانە دیاری کراوەی کە نێوانی دوو زەوی پێ دیاری دەکرێت، یاخود گۆڕینی ئەو بەردانەی کە خەڵکی سەریەکی دەنێن بۆ ناسینەوەی ڕێگاو شوێنەکانیان، یاخود ئەو گۆڕینەی کە حکومەتەکان هەڵدەستن لەنێوان دەوڵەتەکاندا دروستی دەکەن بەدانانی سنوور بۆیان.

[2] سەربڕینی حەیوان بۆ ڕازی کردنی جنۆکە:

– ئەم حەیوان بردنەی کە خەڵکانی جادووگەر داوای دەکەن لە خەڵکی بەدیاری بۆیانی بهێنن، هەتا جادوویەکیان بۆ بکەن هەیە لەناو جادووگەرەکانی کوردستاندا،

٤-لەرخان کردن و نەزرکردن[١] بۆ غەیری خوا : النذرُ لغیرِ الله

نەزرکردن یەکێکە لە خواپەرستییەکان "عبادات" کە پێویستەو واجبە بەکارنەهێنرێ جگە لەبۆ خودا نەبێت، کەوابوو دروست نییە نەزرکردن نە بۆ پێغەمبەرێك،وە نە بۆ پیاو چاکێك، وە نەبۆ فریشتیەك، وە هەر کەسێك شتێك نەزربکات بۆ "بەدەوی" یان "بۆ دسوقی" یان بۆ جگە لەم دووانە[٢]، ئەوا نەزرێکی حەرامی بڕیاڕدلوە بیکات، وە پێویستو

وە لەدوایشدا ئەو جادووگەرە ئەو حەیوانە بۆ ڕازی کردنی ئەو جنۆکانەی کە سیحرەکەی بۆ بە ئەنجام دەگەیەنن سەر دەبڕێت، بەڵکو هەندێك لە جادووگەرەکان حەیوانەکە پێش ئەوەی سەری ببڕێت دەی خنکێنێت ئەمجا سەری دەبڕێت، وە ئەو جادووگەرانە بۆ ئەنجامدانی سیحرەکەیان ئەو جنۆکانەی کە کارەکەیان بۆ دەکەن چۆن ئەو جنۆکانە بیانەوێت یان داوای هەرچییەك بکەن ئەم جادووگەر بۆیانی ئەنجام دەدەن.

لە بەرئەوە هەندێك لەو جادووگەرانە بەمەرجێك سیحر بۆ ئافرەتان دەکەن، دەبێت پێش ئەوەی سیحرەکەیان بۆ بکات کاری ناشەرعی لەگەڵ ئەو ئافرەتانە دا ئەنجام بدات، ئەمجا ئەو جنۆکانە سیحرەکەی بۆ بە ئەنجام دەگەیەنێت ،یاخود هەندێك لە ساحیرەکان هەندێك لە ئایەتەکانی قورئان بە خوێنی عادەی ئافرەت دەنووسنەوە، یان پەڕەی قورئان (دوور لە قورئانی پیرۆز) دەخەنە سەر شێوەی پێڵاو و لەپێی دەکەن، یان هەندێکیان قورئان لەگەڵ خۆیدا دەبات بۆ ناو دەستئاوو ئەمجا پەڕە پەڕە لە قورئانەکەی دەکاتەوەو خۆی پێ پاك دەکاتەوە ،یان جنۆکەکان داوا لە ساحیرەکە دەکەن بە پێوە بچێتە سەر قورئان ،یان قورئان لەسەر عەورەتی بە بەردەوامی ببەستێ ئەمجا قبوڵ دەکەن سیحری بۆ ئەنجام بدەن.

[١] نەزر: ئەوەیە کەشت لەسەر خۆت فەرز بکەی، یاخود چەند شتێك لەسەر خۆت دیاری بکەی، کە دەبێت بە ئەنجامی بگەیەنێت، کاتێك کە ئەو مەبەستەی کە لەدڵتدا هەیەو بۆت هاتەجێ.

[٢] یاخود دروست نییە نەزرکردن نە بۆ هیچ شەخسێك، وە نەبۆ هیچ شێخێك.

واجب نییه وەفا بکات بەکردنی ئەو نەزرەوە،ووە نەزرەکەی بباتە سەرو بە ئەنجامی بگەیەنێت، بەڵکو واجب و پێویستە لەسەر ئەو کەسە کە دەبێت تەوبە بکات لەکردنی ئەو نەزرە حەرامە، وە نابێت جارێکی تر بگەڕێتەوە سەری،ووە ئەو نەزرە بە ئەنجام بگەیەنێت.

لە "صەحیحی بوخاری"دا فەرموودەیەك هاتووە لەدایکمان عائشەوە - ڕەزای خوای لێبێت- : کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: " مَنْ نَذَرَ أنْ يُطِيعَ اللهَ فَلْيُطِعْهُ، ومَنْ نَذَرَ أنْ يَعْصِيَ اللهَ فَلا يَعْصِهِ "[1].

واتە: هەرکەسێ نەزرێکی بڕیاردا،وە مەبەستی بەکردنی ئەم نەزرە، بەدەست هێنانی گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی خودابووە، بانەزرەکەی بکات و گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی خوا بەدەست بهێنێ، وە هەرکەسێ نەزرێکی بڕیاردا و مەبەستی بەکردنی ئەم نەزرە سەرپێچی کردنی خودا بوو، با ئەو نەزرە نەکات و سەرپێچی خوا نەکات.[2]

---

[1] حديثٌ صحيحٌ : رواه البخاري (٥٨١/١١) لە (الايمان والنذور)دا ، بابی: النذر فيما لايملك وفي معصية، ورواه ابوداود: بە ژمارە(٣٢٨٩)، والترمذي: بە ژمارە (١٥٢٦)، والنسائي: بە ژمارە (١٧/٧)، وابن ماجه: بە ژمارە (٢١٢٦).

[2] نەزرکردنی ناشەرعی لای ئافرەتان:

لای خەڵکانی ئێمە نەزری جۆراو جۆر لەسەرخۆیان لەرز دەکەن هەر کەسە بۆ مەبەستێك، وەکو:

- هەندێك لە ئافرەتان کە چووە سەر شەخصێك و وە نیازو مەبەستێکی هەبوو، دەڵێت: شەرت بێت ئەی شەخصەکە ئەگەر ئەم نیازەم بۆ بێتەجێ بەپێی پەتی ئەمجارە بێمەوە بۆ زیارەتت.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان کە نیازێکی لەدڵدا بوو، دەڵێت: خوایە! ئەگەر ئەم کارەم بۆ بێتەجێ، نەزر بێت دوومانگ لەسەر یەك بەڕۆژو بم.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان ئەگەر نیازێکی هەبێت، دەڵێت: خوایە نەزربێت لەسەرم ئەگەر ئەم نیازو مەبەستەم بۆ بێتەجێ، نەزربێت حەوت ماڵ سواڵ بکەم، کە خوای گەورە بەزەیی پیادابهاتەوە،ووە ئەو مەبەستەی کە هەی بووە بۆی هێنایە

٥- داواکردنی تکاکردن (شەفاعەت) لە غەیری خوا: طلبُ الشفاعة من غير الله[1]

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە داوای شەفاعەتو تکاکردن لە پێغەمبەرێك، یاخود لە پیاو چاکێك دەکات،و دەڵێت: " ئەی پێغەمبەری خوا شەفاعەتو تکام بۆ بکە "، یان " ئەی ئەولیاو خۆشەویستانی خوا تکام بۆ بکەن لای خوا ".

وە ئەمەش دروست نییە، چونکە شەفاعەتو تکاکردن نابێت جگە لە بۆ خوای گەورە نەبێ، وە پاشان شەفاعەت کردن بۆ کەسێکە کە خوای گەورە مۆڵەتی شەفاعەت کردنی پێداوە، خۆ ئەگەر ویستت شەفاعەتی پێغەمبەر "محمد" (ﷺ) بەدەست بهێنی ئاوا بڵێی: "اللهُمَّ شَفِّعْ فِيَّ نبيّك

جن، ئەمجا ئافرەتەکە دەچێت عابایەکی کۆن دەدات بەسەریداو حەوت ماڵ دەگەڕێتو سواڵیان لێ دەکات، کە پیان وت ئەو ماڵانە: بەخوا تۆ ڕەنگت لە سواڵ کەر ناچێت، یاخود کە خۆی چوو بۆ ماڵەکان بۆ سواڵکردن دەڵێت: بەخوا سواڵ کەرنیم!! بەڵام نەزرم کردووە لەسەر خۆم کە حەوت ماڵ سواڵ بکەم، وە دەبێت ئەو پارەیەی کە لەو حەوت ماڵە سواڵی کردووە خۆی نەی خوات بەڵکو بیدات بە هەژارێك.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان کە تووشی ناڕەحەتییەکی زۆر دەبن، دەڵێت: خوایە! ئەم ناڕەحەتییەم لەسەر هەڵبگری، ئەوا نەزر بێت دوای لاچوونی ئەم ناخۆشی یە، ئەزربێت ئیتر گوێنی بکەم بە جلو وەئیتر جلی گوێنی لەبەر بکەم.

- یاخو هەندێك لە ئافرەتان کە کوڕیان نەبێت، دەڵێن: خوایە! ئەگەر کوڕێکم پێ ببەخشیت، ئەوا نەزر بێت هەتا گەورە دەبێت جلی تازەی لەبەر نەکەم، بەڵکو هەر بەجلە کۆنە بەخێوی بکەم،یان بەجلی خۆمان بەخێوی نەکەم بەڵکو بەجلە کۆنەی منالی خەڵکی بەخێوی بکەم، ، پاشان ئەگەر کوڕی بوو بەدراوسێکانی دەڵێت: من نەزرێکی وام بۆ خوا کردووە، ئەمجا خەڵکی جلە کۆنەی منالی خۆیانی بۆ دەبەن تا لەبەری منداڵەکەی خۆی بکات (یاخوا کەس دایکی وا بێ عەقڵی نەبێت).

[1] لە "معارجُ القبول" دا (٢/٢٤).

محمداً (ﷺ)"، واتـه: خودایـه شـهفاعهتی پێغهمبهرهکـهتم بـۆ قبـوڵ و گیرابکهی.

نهکـهی بڵێـی: " یـانبیَّ الله اشـفعْ لـي "، واتـه: ئـهی پێغهمبـهری خـوا شهفاعهتم بۆ بکه، وه لهبهر ئهوهیشه که خوای گهوره دهفهرموێت : ﴿أَمِ ٱتَّخَذُواْ مِن دُونِ ٱللَّهِ شُفَعَآءَ﴾[1] واتـــه: یـــاخود ئـــهو هاوبـــهش پهیداکهرانه بۆ تێناگهن و بیرناکهنهوه که بتهکانیان کردووه به شـهفاعهت کـار بۆخۆیـان لـه غـهیری خـوا، وه دهڵـێن: ئـهم بتانـه لـهلای خـوا شـهفاعهت و تکامـان بـۆ دهکـهن، وه سـودمان پـێ دهگهیـهنن و زیانمـان لێ دوور دهخهنهوه . ﴿ قُلْ﴾ واته: تۆش ئهی پێغهمبـهری خوا (ﷺ)پێیـان بڵـێ: ﴿أَوَلَوْ كَانُواْ لَا يَمْلِكُونَ شَيْـًٔا وَلَا يَعْقِلُونَ﴾، واتـه: پێیان بڵێ ئهو بتانهی که ئێوه ئهتانهوێ شهفاعهتتان بۆ بکهن لای خوا کۆمـهڵێ دارو بـهردی ڕهق و تـهقن، هـیچ شـتێکیان بهدهسـت نیـه، وهبـێ عهقڵ و بێ هۆشن، ئیتر چۆن بیرو هۆشتان ڕێگاتـان پـێ دهدات، که به تهمای سوود وهرگرتن بن لهشتێك که بیستن و بینینی نهبێت، وه گیانی تیادا نهبێت، وه نازانن شهفاعهت چی یهو چی نییه، تهنانهت هـهست به پهرستنی ئێوهش ناکهن بۆ ئهوان. ﴿قُل﴾، واته: وهتۆ ئهی پێغهمبهر (ﷺ) پێیان بڵێوه بهو کافرانه ﴿لِّلَّهِ ٱلشَّفَـٰعَةُ جَمِيعًا ﴾ (الزمر: ٤٣-٤٤)، واتـه: تـهنها بـۆ خوایـه هـهموو شـهفاعهت و تکاکردنێـك، کـهس توانـای شـهفاعهت کردنـی نییـه، تـهنها ئهوانـه نـهبێت کـه خـودا خـۆی مۆڵـهتی

---

[1] لێرهدا نووسهر ئهم ئایهته بۆیه دهمێنێتهوه، تا خوێنهر تێ بگات که له پێش ئیسلامدا موشریکهکان داوای شهفاعهتیان له بتهکانیان دهکرد، ئـابهم شێوه شهیتان فریوی دابوون، بهڵام که ئیسلام هات شهیتان خهڵکانی بهشێوهیهکی تر فریو داوه بۆ داواکردنـی شـهفاعهت له غهیری خوا.

شەفاعەت كردنیان پێ نەبەخشێت تا شەفاعەت بكەن بۆ ئەو كەسانەی كە شایستەن شەفاعەتیان بۆ بكرێ، كەواتە: شەفاعەت لەلاكراو شەفاعەت وەرگرو ڕێگادان بە شەفاعەت كردن تایبەتە بە خوای پەروەردگارەوە، بۆ هیچ كەسێكی تر نییە، چونكە تەنها ئەو خوایەو وە تەنها ئەویش شیاوی ئەو شتانەیە.

وە دەفەرمووێ پاك و بێ گەردی بۆ ئەو: ﴿وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ﴾ (الانبياء: ٢٨)، واتە: لەڕۆژی قیامەتدا ئەو فریشتانەی كە چەند نزیكن لەخوای گەورەوە، وە چەند بەڕێزن، وە چەند گوێڕایەڵن، كەچی وێرانی ئەوەیان نییە كە شەفاعەت بۆ هیچ كەسێك بكەن، مەگەر بۆكەسێك كە خوا لێی ڕازی بێت، وە بەشیاوی دانابێ بۆ ئەوەی شەفاعەتی بۆ بكرێت.

وە دەفەرمووی پەروەردگار: ﴿يَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَـٰعَةُ إِلَّا مَنْ أَذِنَ لَهُ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا﴾ (طـه: ١٠٩)، واتە: لەڕۆژی قیامەتدا هیچ شەفاعەت و تكاكردنی كەس سوود بە كەسی تر ناگەیەنێت، وە هیچ شەفاعەتكارو خاترو خۆترێك نییە، وە دەرفەتیشی پێ نادرێ، مەگەر تەنها شەفاعەتی ئەو كەسانە نەبێت كە خوای بەخشندە خۆی لەوەو پێش ئیزن و مۆڵەتیان پێدەدا، وە لەوەوپێش ڕازی بوو بێت لەقسەو ئاخاوتن و گوفتارەكانیان پەسەند بووبن و خودا لێی وەرگرتبن.

وە خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ﴾ (البقرة: ٢٥٥)، واتە: هیچ كەسێك لەڕۆژی قیامەتدا بۆی نییەو بتوانێت داوای

شەفاعەتو تکاکاریی بۆ کەسێکی تر بکات، مەگەر کەسێك نەبێت کە خودا خۆی بیەوێتو مۆڵەتو ڕێگای پێ بدات.

پاشان هەرکاتێ ئەو بەندەی (العبد) خۆی خاوێن ترو دڵسۆزتر کرد بۆ خوا لەکارەکانیدا، ئەوا شیاوتر دەبێت کە شەفاعەتی پێغەمبەر(ﷺ) بەدەست بهێنێ، ئیمامی (بوخاری) فەرموودەیەکی لە (ابی هریرە)وە گێڕاوەتەوە کە فەرموویەتی: وتم : ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کێ بەختەوەرترین کەسە بە شەفاعەتی تۆ لەڕۆژی قیامەتدا؟ فەرمووی: "لَقَدْ ظَنَنْتُ يا ابا هريرةَ أَنْ لاتَسألُني عَنْ هذا الحديثِ أَحَدٌ أَوْلى مِنْكَ، لما رأيتُ من حِرْصِكَ على الحديثِ، اسعدُ النّاسِ بشفاعتي يومَ القيامةِ،مَنْ قالَ: لااله الاّ الله. خالصاً من قلبه"[1]، واتە : بەڕاستی ئەی (ئەباهریرە) یەقینم وابوو کە کەسێك لەبارەی ئەوەوە پرسیار لەمن نەکات کە لەپێش ترو شیاوتر بێت لەتۆ، لەبەر ئەوەی من تۆ ئەبینم کە زۆر سووری لەوەگرتنو بەدوادا گەڕانی فەرموودەدا، بەختەوەرترین کەس لەڕۆژی قیامەتدا بەشەفاعەتی منو وەبەر شەفاعەتی من دەکەوێت، کەسێکە کە لەپاڵاوتەو پاڵفتەی دڵیەوە وتبێتی : لا الـه الاّ الله .[2]

---

[1] حديثٌ صحيحٌ: رواه البخاري له (الرقاق)دا، به ژماره (٦٥٧٠).

[2] ئەم شێوازی تکاکردنە لە غەیری خودا لای ئێمە ئا بەم شێوەیە:

- هەندێ لە نافرەتان کە دەچن بۆ زیارەتی شەخصێك، ڕوومو قەبری ئەو شێخە دەوەستن، یاخود لەوەستان بەرەو ڕوویدا دەستیش دەگرن بەو چەترە ئاسنەوە کە بەسەر قەبرەی ئەو شێخەوە دروست کراوەوە دەست دەکەن بە پاڕانەوە لێی، خۆ ئەگەر ئەو کەسە گەرم بوو لەدزعاکردنەکەیدا دەست دەکات بە ڕاوەشاندنی ئەو چەترە ئاسنە،یاخود دەرگای ئەو چەترە ئاسنە توند ڕای دەوەشێنێتو دەپاڕێتەوەو دەڵێت: یا شێخ فلان گیان! تۆ پیاوی چاکی، توخوا من داوا لەتۆ

٦- تەواف كردن و گەڕان بەدەوری جگە لە كەعبەی پیرۆزدا: الطوافُ بغيرالكعبة.

تەواف كردن پەرستش و عیبادەتێكە لەخواپەرستی و عیبادەتەكان، كە پێویستە ڕواو ڕوو و بەكارنەهێنرێ جگە لە بۆ خوای گەورە نەبێ، هیچ تەواف كردن و گەڕانێك نیەو نابێ ببێت جگە بەدەوری كەعبەی پیرۆزدا نەبێت، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَلْيَطَّوَّفُوا بِالْبَيْتِ الْعَتِيقِ﴾ (الحج: ٢٩)، واتە: با حاجییان و موسولمانان بە تەنها تەواف بكەن بەدەوری "بيتُ العتيق"دا، واتە: بەدەوری كەعبەی پیرۆزدا كە دێرین و پیرۆزو بەڕێزە.

خۆ ئەگەر هاتوو هەر كەسێك تەواف بكاو بگەڕێت بەدەوری گۆڕی پێغەمبەرێك، یاخود بەدەوری گۆڕی پیاوچاكێك، یاخود بەدەوری جگە لەم دووانەدا، ئەوا ئەو كەسە عیبادەت و پەرستنی خوای داناوە لە غەیری شوێنی خۆیدا، وە بەم گەڕان و تەواف كردنەی كردەوەیەكی كردووە خودا مۆڵەت و فەرمانی پێ نەكردووە، وە لەبەر ئەوە یەك دەنگن زانایان لەسەر ئەوەی گەڕان و تەواف كردن بە دەوری جگە لە كەعبەدا بە مەبەست و نیەتی بە گەورەگرتن و بە گەورە زانینی ئەو شوێنە، ئەوا ئەو كارە شیرك و هاوەڵ دانانە بۆ خوای گەورە[1].

ئەكەم تۆش داوام بۆ بكە لە لای خوای گەورە. یاخود دەڵێت: تۆ پیاوچاكی و من تۆ دەكەم بە تكاكار لای خوا، بەڵكو خوای گەورە بەهۆی تۆوە ڕەحمیش بەمن بكات، و ئەم كارەم بۆجێبەجێ بكات،ووە ئەم ناڕەحەتییەم لەسەر هەڵبگرێت.

[1] تەواف كردن ناشەرعی لای خەڵكی ئێمە:

- هەندێك لەو نافرمتانەی كە زۆر باوەڕیان بە شەخص هەیەو بە پیرۆزو موقەدەسی دەزانن، كە دەچنە سەر قەبری ئەو شەخصە، دێن بەدەوری ئەو بەردانەی كەوەكو پەرژینێك كراوە بەدەوری ئەو قەبرەدا،دێن بەچواردەوری ئەو بەردانەدا وەك تەواف

٧- دەست هێنان بە قەبردا: التمسحُ بالقبورِ

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە دەچێت بۆ سەر گۆڕی پیاوچاکان و پیاو پاشان هەتاوەکو دەست بهێنێ بەگۆڕەکیەداو، وە بەرەکەتی دەست بکەوێت لێی.

وەئـا ئەمانە هەر هەمووی دروست نییە، لەبەر ئەوەی بەخواکردنی ئەو خاوەن گۆڕەیە، چونکە هەرکەسێك دەست بهێنێ بەدرەختێکدا، یاخود بە بەردێکدا، یا خود بەگۆڕێکدا بەتکای ئەوەی کە بەرەکەتی دەست بکەوێت لێیان، ئەوا ئەو کەسە ئەو شتانەی کردووە بەخوایەکی تر لە غەیری خوای گەورە.

ئیمامی "ئەحمەدوترمزی " بەسەنەدێکی صەحیح فەرموودەیەکیان گێراوەتەوە لە "ابي واقد الليثي"هوە- ڕەزای خوای لێبێت- کە فەرموویەتی: لەگەڵ پێغەمبەر خودا (ﷺ) بۆ غەزای حونەین (لەدوای فەتحی مەککە)وە دەرچووین، وە ئێمە تازە کوفرمان بەجێ هێشتبوو[١]، ووە تازە موسوڵمان بوو بووین، دامان بەلای شوێنێکدا،کە لەو شوێنەدا موشریکەکان درەختێکیان دیاری کرد بوو لەلای دا مانەوەو وە لەژێریدا دادەنیشتن،وە چەکەکانین پیادا هەڵ دەپەساند،ووە شمشێرەکانیان

کردن دەگەڕێن بەدەوری دا، بە مەبەستی ئەوەی کە بۆ چ مەبەستێك هاتوون مەبەستەکەیان بێتە جێ، وە کەمچنە سەر زیارەتی ئەو قەبرە لەدوورەوە پێلاوەکانیان دادەکەن،و دوایش هەر بە پێ خاوسی کە ویستیان بڕۆن بەپاشەو پاش لەمەزاری ئەو شەخصە دێنە دەرەوە، چونکە دەڵێن: نابێت پشتت بکەیتە شەخصەکە.

[١] مەبەست بەو کەسانەی کە تازە کوفریان بەجێ هێشتبوو: ئەوانە بوون کە لەدوای فەتحی مەککەوە موسوڵمان بوو بوون، کە (ئەبو واقید) یش یەکێك بوو لەوان کە تازە موسوڵمان بوو بوو.

پیـادا هەڵدەواسـی، وە بـەو درەختـە دەوتـرا: "ذاتُ أنـواط"، واتـە: درەختێکە جێی ئەوەیە کە شتی پیا هەڵبواسرێت(کە دەکەوێتە نێوان حونەین ومەککەوە بەڵام زۆر نزیکە لە مەککەوە) ، وە ئەم درەختەیان بەپیرۆز دادەنا بۆیە لەلای دەمانەوە، وە بڕوایان وابوو کە بەرەکەتی پێوەیە، بۆیە چەکەکانیان پیا هەڵدەواسی هەتا بەرەکەتاوی ببن، کاتێک کەتێپەڕین بەلای ئەو درەختەدا، ئێمەی تازە موسوڵمان ووتمان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) "ذاتُ الأنواط" ێکیش بۆ ئێمە دابنێ هەروەکو چۆن ئەو قومە ئەو"ذاتُ الانواط"ە یان هەیە، پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمووی: (اللهُ اكبر، إنَّها السُّنَنُ، قلتُمْ- والذي نفسي بيدهِ- كما قالَتْ بنو اسرائيلَ لموسى: اِجعلْ لَنا إلهاً كما لَهم آلهة. قالَ: إنَّكم قومٌ تجهلُون)[1]، فەرمووی: اللّە اکبر، بەڕاستی ئەوەی کە ئێوە دەیڵێن هەر هەمان ئەو ڕێبازو ڕێچکەیەیە کە پێشینانتان پیادەیان کردووە، ئەوەی کە ووتتان – سوێند بەوە ذاتەی گیانی منی بەدەستە– هەر هەمان ئەو قسەیەیە کە (بەنو ئیسرائیل)ی یەکان وتیان بە موسی، ئەی موسا: پەرستراوێکی ترمان بۆ دابنێ لە غەیری خوا، هەروەکو چۆن ئەو قەومو نەتەوەیە ئەو بتەیان کردووە بە پەرسترلو بۆ خۆیان، پێغەمبەر موساش پێی وتن: بەڕاستی ئێوە گەلو نەتەوەیەکن خۆتان نەفامو نەزانو گێل دەکەن.

وە هەردوو ئیمامی "بوخاریو موسلیم" فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە لە ئیمامی "عومەری کوڕی خەتتاب"وە –ڕەزای خوای لێ بێت– کاتێک کە تەوافی کرد بە دەورەی کەعبەدا، دەستی هێنا بە بەردە ڕەشەکەدا "حجرُ الاسود"،و وە ماچی کردوو فەرمووی: " أمَا واللهِ إنّي لأعْلَمُ أنَّكَ

[1] حدیث صحیح : رواه الترمزی ، لەبابی "الفتن"دا بە ژمارە (٢١٨٠)،و احمد (٢١٨/٥) ،وقال الترمذي: حسن صحيح

حجرٌ لاضرُّ ولاتنفعُ، ولولا أنّي رأيتُ رسولَ الله (ﷺ) يُقبِّلُكَ ما قَبّلْتُكَ"[1]، واته: بزانه ئەی "حەجەرولئەسوەد" سوێند بێت بەخوا من دەزانم کە تۆ بەردێکیت ئەزیان دەبەخشیت وە ئەسوود، خۆ ئەگەر من پێغەمبەری خوام (ﷺ) نەبینیایە ماچت بکا منیش ماچم نەدەکردی.

وە شێخ (حافظ حکمي)- خوا لێی خۆش بێت- لە هۆنراوەکەیدا دەفەرمووێت:[2]

هذا ومِنْ أعمال أهْل الشّرك * مِنْ غيرِ ماتردّدٍ اوشكٍ

واتە: ئا ئەمانەی کە من بۆ تۆی باس دەکەم، یەکێکن لەکارەکانی خەڵکانی هاوبەش پەیداکەر، بەبێ ئەوەی هیچ دوو دڵی و گومانێکت تیایاندا هەبێت.

مايَقْصِدُ الجُهّالُ مِنْ تَعْظِمِ ما * لم ياذنِ اللهُ بِأنْ يُعَظَّما

واتە: ئەوەی کەوا خەڵکانی ئەزان مەبەستییانە لەبە گەورەگرتنی شتانێك، کە خوای گەورە مۆڵەتی نەداوە ئاوا بەگەورە بگیرێن

كمن يَلُذْ ببقعةٍ او حَجَرٍ * او قبرِ مَيّتٍ او ببعضِ الشّجر

واتە: وەکو کەسێك پەنا دەبات بۆ پارچە زەوییەك، یاخود بۆ تاقە بەردێك ، یاخود پەنا دەبات بۆ قەبری مردوویەك یاخود بۆ پارچە دارێك

مُتّخذاً لذلك المكان * عيداً كفعل عابدي الاوثان

واتە:وە دەیگێڕێ بۆ ئەو شوێنە جەژنۆکەیەك، هەروەك کردەوەی بت پەرستەکان بە ئەنجامی دەگەیەنێت[3]

---

[1] حديثٌ صحيح : رواه البخاري ، له (مناسك الحج)دا به ژماره (١٥٩٧)،و مسلم: له بابی "الحج"دا بەژمارە (٥/٢٠)

[2] بڕوانە پەرتووکی"سُلّمُ الوصول"

[3] دەست هێنان بەکێلی قەبردا:

- لای خەڵکی ئێمە، کە دەچنە سەر قەبری شێخێك دێن کێلەکەی ماچ دەکەن، یاخود خەڵکی وا هەیە دەست دەهێنن بە کێلی قەبری شێخێکدا، دوایی ئەو دەستەی دەهێنێتەوە بەسەرو دەموو چاوی منداڵەکەیدا بۆ پیرۆزی، وە بۆ ئەوەی منداڵەکەی صالح دەرچێت، یاخود لەش ساغ بێت.

-یاخود خەڵکانێکی نەزانی وا هەیە، ئەگەر نیازێکی لەدڵدا بێت، یان حەزیکات کە منداڵی ببێت، یان بۆ ئەوەی دڵنیا بێت کە لە قوتابخانە دەردەچێت، دەچێت بۆ سەر قەبری شێخێك،و ئەمجا بەردێکی سەر قەبرەکەی هەڵ دەگرێت و تۆزێك تفی لێوە دەدات، یان هەر بە ووشکی ئەو بەردە بچکۆڵە بەشێوەی بازنەیی هەڵدەسوێنێت لە کێلی قەبری ئەو شێخە، تا ماوەیەك بەردەوام دەبێت ئەمجا دەست بەردەدات لەو بەردە، ئەگەر ئەو بەردە نووسا و لکابە کێلی قەبرەکەوە ئەوا ئیتر ئەو کەسە تەواو دڵی خۆش دەبێت و دەڵێت: ئۆخەی شوکور نیازەکەم قبوڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر بەردەکە کەوتە خوارەوە ئیتر دنیای بەسەردا ئەڕوخێت، بـۆ؟ چونکە نیازەکەی دڵی ئیتر قبوڵ نابێت، یان شوو ناکات ،یان جارێ منداڵی نابێت ،یان لە تاقی کردنەوەکانی سەری ساڵدا دەرناچێت.

- یاخود لەم ساڵەی کە ئێستا تیایداین، چاودێر بووم بەسەر قوتابی سێی ناوەندییەوە، قوتابیەکمان لابوو هەموو ڕۆژێك کە دەچووم سەیری ناو هەمدەسەکەیم دەکرد، سەیرم دەکرد بەردێکی بچکۆڵەی تیادایە، هەتا دوو سێ تاقیکردنەوە ڕۆیی، ڕۆژێکیان کە سەیرم کردەوە هەر بەردەکەی هێنابوو لە گەڵ خۆیدا، پێم ووت: کوڕەکەگیان !ئەوا ئەو بەردە چییە لەناو ئەم قەڵەمو لاستیك و قەڵەم دادەنەتدایە، کوڕەکەش ڕووی نەهات جوابم بداتەوە، ئیتر خۆم ووتم: ناشێت ئەم بەردە بەردی شەخصێك بێت، ئەویش ووتی: بەڵێ ماموٚستا!!، ووتم: باشە ڕۆڵە ئەم بەردە بچووکە سوودی چییە بۆ تۆ، ناشێ باوەڕت وابێت ئەم بەردە بۆ پیرۆزی هێنابێتت لەگەڵ خۆتدا،وە باوەڕت وابێت یارمەتیت دەدا لەوەڵام دانەوەی تاقیکردنەوەکانت، وتی: بەڵێ ماموٚستا بەدەنگێکی کزمڵەوەو وە تۆزێکیش بەسەر سوڕمانەوە سەیری کردم، کە من وای پێ دەڵێم و گاڵتەم بەو بەردە دێت ، بەڵام من بەردەکەیم هەڵگرت و فڕێم داو بەردەکە شکا، بەڵام ئەو قوتابییە زۆر زۆری پێ ناخۆش بوو، پاشان کە

٨- باوەڕبوونی هەندێ لە خەڵکی نەزان بەوەی کە هەرکەسێ بکوژرێ لە شوێنێکدا، ئەوا قەرینی[1] ئەو کەسە لەخودی ئەو شوێنەی کە ئەم کەسەی لێ کوژراوە، بەشەواندا دێتە دەرو خەڵکی دەترسێنێ:

وە ئەمەش بیروباوڕێکی پڕو پوچە،و هیچ بنچینەو بناغەو ئەصڵێکی نییە، نە لەقورئاندا، وە لەسوننەتدا، بەڵکو تەنها کۆمەڵێ فریودانە شەیتان خستویەتیە عەقڵی هەندێ لە خەڵکییەوە.

لەتاقیکردنەوەی دوایدا کە هاتەوە هیچی پێ نەبوو، بەڵام زۆر بە ڕقەوە سەیری دەکرم، بەڵام لە تاقیکردنەوەی دوای ئەو چوو بوو بەردێکی تری هێنابوو،منیش ووتم: چییە کوڕە بەردێکی ترت هێناوەتەوە، ئەمەیشت بۆیە هێناوە تا یارمەتیت بدا لە وەڵام دانەوەی تاقیکردنەوەی ئەمڕۆدا، ئیتر مەجبور بەجێم هێشت چونکە کەسێ خۆی ئەڵێ وابێت چی لەگەڵدا دەوترێت.

- یاخود هەندێك کەس کە بەردێکی دۆزیەوە لەسەر قەبری شەخصێك، وە ئەو بەردە کونێکی تیا بێت، دەچێت ئەو بەردە بە ملی دا هەڵ دەواسێت بۆ پیرۆزی.

- یاخود دەڵێن: لە هەندێك لەلادێکانی کوردستان، بەردی بچوکی سەرقەبری شەخصیان بردۆتەوە بۆ ماڵەوە،وە خستویانەتە ناو قابلەمەی شیرەوە بۆ ئەوەی ئەو شیرە بگرسێت و ببێت بە ماست.

- یاخود لە هەندێك لادێی کوردستان ئەمە باوەڕیان بووە: خەڵکەکەی چوون بەردێکی خڕی گەورەیان لەشەخصێکدا دۆزیوەتەوە،وە کاتێك کە باران نەباریوە بەردەکەیان بەدوو کەس هەڵ گرتووە،و وەکو پیرۆزی خستوویانەتە ناو حەوزی ئاوەوە بۆ ئەوەی باران ببارێت، وە ووتویانە: چونکە ئەم بەردە مێزەری صەحابەیە!!، بەخوا شتێکی سەیرە لای هەندێ لە خەڵکی کوردستان مێزەری صەحابە لە بەردە.

[1] قەرین:بەو هاوڕێیە دەوترێت کە لەگەڵ کەسێکدا بە یەکەوە بەندن و بەستراون بە یەکەوە، وە بەو شەیتانەش دەوترێت کە لەگەڵ هەموو مرۆڤێکدا هەیە، فەرمان دەکا بەو مرۆڤە کە خراپە بکات، وە شوێنێکی تایبەتی هەیە لەناو دڵی مرۆڤدا.

٩- باوەڕبوونی هەندێ لە خەڵکی کە لەڕۆژی هەینیدا، کاتێکی تیادا هەیە کاتی بەدبەختی و نەگبەتی یە؛

وە ئەمەش بیروباوەڕێکی ناڕاستو ناڕەوایە، بەڵکو ڕۆژی هەینی یەکێکە لە باشترینی هەموو ڕۆژەکان لەلای خودا، وە لەڕۆژی هەینیدا کاتێکی تیادا هەیە کە دوعاو نزای تیادا قبولْ و گیرا دەبێت .

ئیمامی "بەیهەقی" بەسەنەدێکی صەحیح فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە: کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : " اَفْضَلُ الأَيّام عِنْدَ اللهِ يوم الجُمُعَةِ "[1].

واتە: باشترینی ڕۆژەکان لەلای خوا رشۆژی هەینی یە.

وە ئیمامی "ابـو داوُد" بـە سـەنەدێکی صـەحیح فەرموودەیـەکی گێڕاوەتەوە: کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : " يَومُ الجُمُعَةِ: لِثَنا عشرةَ ساعةً، منها ساعةٌ لايُوجَدُ عبدٌ مسلمٌ يسألُ اللهَ فيها شيئاً الا آتاهُ اللهُ إيّاهُ "[2].

واتە: ڕۆژی هەینی دوانزە کاتژمێرە، لە یەکێك لەو کاتژمێرانەدا[3]، هەر بەندەیەکی موسوڵمان داوای هەر شتێ بکات لەخوای گەورە ئیللا خوای گەورە ئەو شتەی پێ دەبەخشێت [4].

---

[1] لە "صحيح الجامع"دا بە ژمارە (١٠٩٨).

[2] لە "صحيح الجامع"دا بە ژمارە (٨١٩٠)

[3] ئەو سەعاتەی کە لەڕۆژی هەینی دا دوعای تیادا قبوڵە، لەدوای نوێژی عەسرەوە دەست پێدەکات تا نزیك بانگی مەغریب. کاتێکی تێدایە کە دیاری نەکراوە کە ئەو کاتەکە کەیە، هەر کەسێ دوعاکەی بەر ئەو کاتە بکەوێ قبولْ دەبێت لە لای خودا.

[4] باوەڕبوونی هەڵە لەڕۆژی هەینی دا:

- ئەگەر جل لە ڕۆژی هەینیدا ببڕی، ئەوا ئەو جلە بەسووتان دەڕوات، یاخود دەسوتێت لە بەرتا.

١٠- باوەڕبوون لەگۆشتو ماسی دا: الأعتقادُ في اللحم والسَمك

هەندێك لە ئافرەتان باوەڕیان وایە کە ئافرەتی زەیسان، ئەگەر یەکێك بێت بۆلای ماسییەکی پێبێت، یاخود گۆشتێکی کاڵی پێبێت، یاخود پیاوێك بێت بۆ لای سەری تاشی بێت، ئەوا شیری ئەو ئافرەتە لە مەمکیدا ڕادەگیریو دەوەستێتو نایەتە دەرەوە بۆ منداڵەکەی، وەپێی دەڵێن :"مکبوسة"، واتە: ئەو شیرە کەپس کراوەو پەستێنراوە، وە لەبەر ئەوەیشە قەدەغەی ئەم جۆرە کەسانە لەم ئافرەتە زەیسانە دەکرێت کە بچن بۆ لای ، هەتا ٤٠ ڕۆژ تێ دەپەڕێت بەسەر زەیسانییەکەیدا، (واتا هەتا چلەی دەچێت).

وە بێگومان ئەمەش بیروباوەڕێکی بۆ گەنە[1].

– لەڕۆژی هەینی دا نان مەکە، یاخود نیشی قورس مەکە، چونکە هەینی ڕۆژێکی قورسەو نیشت بەدەستەوە نایەت.

[1] باوەڕبوونی هەڵە لە گۆشتو ماسیو زۆر بوونی شیرو منداڵ بووندا:

– دەڵێن: ئەگەر لووتت بخورێت، ئەوا گۆشت دەخۆیت لەدوایدا.

باوەڕ بوون لەماسیدا:

– هەندێك لە خەڵکی ئەگەر هەر ئێوارەیەك ماسی سووورەکراویان هەبوو، ئەوا ئەو تاوەیەی کە ماسییەکەیان تیادا سوور کردۆتەوە نابێت ئەو شەوەبێ شۆرن، چونکە دەڵێن: ئەگەر تاوەکەی بشۆین ئەوا مردووەکمان لێ دەمرێت، یان هەواڵی مردوو مردنێکمان بۆ دەهێنن، بەڵکو دەبێت تا دووسێ ڕۆژ فڕێ بدرێ لە حەوشەی ماڵەکەیاندا .

– هەندێك لە خەڵکی ئەگەر تووشی نەخۆشی زەردوی بوو، لای خەڵکانی ئێمە دەچن ماسی بەزیندووی بۆ دەهێنن بۆ ماڵەوە، یان نەخۆشەکە دەبەن بۆ سەر حەوزی دەست نوێژ گرتنی مزگەوتێك کە ماسی تیادا بێت، پاشان ماوەیەك

نەخۆشەکە بە تەنها بەجێ دەهێڵن، وە پێی دەڵێن: سەیری ئەو ماسیانە زۆر بکە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی خەڵکی باوەڕیان وایە ئەگەر ئەو نەخۆشەی کە تووشی زەردوی بوو، دەبێت سەیری ماسی زیندوو بکات ،وە باوەڕیان وا یە کە ئەو ماسییە بە سەیرکردنەکەی ئەو نەخۆشە ڕەق دەبێت و دەمرێت ،وە باوەڕیان وایە کە ئەو تیشکی زەردوویيە لە چاوی ئەو کەسەوە دەردەچێت و،وە دایدات لەو ماسیە، ووە ئەومندە بەهێزە ئەو ماسییەی ڕەق دەکات، وە بۆیە ئەم کارە دەکەن بۆ ئەوەی لە ڕێگەی مردنی ئەم ماسییەوە ئەو کەسە زەردوورییەکەی چاك ببێت، وە دەڵێن: زەردوورییەکە دەپەڕێت بۆ ئەو ماسییە.

- یاخود ئەو کەسەی کە زەردووی بێت، دێن مووروویەکی زەردی لەدەست دەکەن، پێی دەوترێت: مووروی زەردووی، ئەمجا دەبێت بە باوەڕی ئەو خەڵکە ئەو نەخۆشە هەمیشە سەیری ئەو مووروە بکات، بۆ ئەوەی زەردوویەکەی بپەڕێت بۆ ئەو مووروەوە، باشە خەڵکینە مووروویەك خۆی ڕەنگی زەرد بێت، ڕەنگ زەردی خۆی بۆ لانابرێت، ئیتر چۆن دەتوانێ ڕەنگی زەردی چاوی مرۆڤ لاببات.

- یاخود لە هەندێك شوێنی کوردستان ماسی زەردیان بە باش زانیوە بۆ شیفادان وچاك بوونەوەی زەردووی.

بیروباوەڕی هەڵە دەربارەی منداڵ:

- منداڵ ئەگەر بە بچوکی نینۆکی بۆ بکەی، دز دەردەچێت .

- منداڵ بەری پێی خۆی ماچ بکات، ووڕکاوی دەردەچێت.

- ئەگەر منداڵێك ڕووی گرژ بێت، ئەوا کچی بەدوادا دێت .

- ئەگەر منداڵ بەساوایی مرد دایکی نابێت بچێتە سەر قەبرەکەی، چونکە لەو دنیا ئەو منداڵە دەم ووشك دەبێت.

- منداڵی لیکن لەش ساغ دەردەچێت.

- ئەگەر منداڵ لیکن بوو، ئەگەر خاڵۆی بە مقەست لیکەکەی بۆ ببڕێت، ئەوا ئیتر لیکنییەکەی نامێنێ.

- هەر منداڵێك پەنجە گەورەی قاچی بمژێت، ئەوا ئەو منداڵە کوڕی بەدوادا دێت.

- هەر منداڵێکی کچ پاژنە قاچی خڕبێت، ئەوا کوڕی بەدوادا دێت، بەڵام ئەگەر پاژنە قاچی درێژ بێت، ئەوا کچی بەدوادا دێت.

- ئەگەر منداڵ لەخەودا دەمی جووڵاند، ئەوا فریشتە شیری دەداتێ.

- ئەگەر منداڵ قەڵەو جوان بوو، ئەوا فریشتە شیری داوەتێ، بەڵام ئەگەر منداڵ زەعیف و ڕەنگ زەردبوو، ئەوا جنۆکە شیری مەمکی خۆی داوەتێ.

- هەندێك لە خەڵکی سەیری سەری کوڕە بچکۆلەکەی دەکات، ئەگەر هاتوو دوو ناو تەوقەسەری هەبوو، پێی دەڵێت: ئەوا تۆ کە گەورە بووی دوو ژن دەهێنێ.

بەڵام شێوازی هەڵە بۆ منداڵ بوون:

- ئەگەر ئافرەتێك بە منداڵەوە بووبێت،و وە منداڵەکەی لێ نەبووبێتەوە،و زۆر ناڕەحەت بووایە، لەم کاتەدا دەچوون بۆ لای شێخێك، یاخود دەچوون بۆ لای کەسێك کە بە ئەخلاق بووبێت، پیان ووتوە بەو کەسە شەرواڵ پاك، ئا لەم کاتەدا کەس و کاری ئەو ئافرەتە زەیستانە بە ئەخوێنی شەرواڵەکەی ئەو پیاوەیان هێناوەو وە لەناو قەدی ژنەکەیانەوە بەستووە، وە وتوویانە: چونکە ئەم پیاوە بەنەخوێنی حەرامی نەکردۆتەوەو وە بە ئەخلاقە بووە، بەڵکو بەهۆی ئەوەوە ئەم ئافرەتە منداڵەکەی لێ ببێتەوەو وە منداڵەکەی ببێت.

بەڵام بیروباوەڕی هەڵە بۆ زۆربوونی شیری ئافرەت، ئەوەیە:

- ئافرەتی وا هەیە کە شیرەکەی کەم دەکات، دەچێت مووروویەکی سپی درێژ هەیە کەپێی دەوترێت: مووروە شیرە، دەیکاتە ملی بۆ ئەوەی شیرەکەی زۆر ببێت.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان بۆ زۆر بوونی شیری، دێت گەنم دەبرژێنێت، وە لەگەڵ برژاندنەکەدا بە بەردەوامی "بسم الله "یشی لەسەر دەکات، وە هەروەها دەبێت دەست نوێژیشی هەبێت، دوایی ئەو گەنمە برژاوە لە شوێنێکی پاکدا دادەنێت، وە ڕۆژی چەند جارێك ئەو ئافرەتە دەچێتەوە سەر ئەو قاپەی کە گەنمە تیادایە،ووە چەند دەنکێکی لێ دەخوات و دەڵێت: خوایە ئەوڕزقەم پێ ببەخشیتەوە.

- یاخود هەندێك لەئافرەتان ئەگەر ویستییان منداڵەکەیان لە شیر ببڕنەوەو شیرەکەیان ووشك بکات، دێت ئەو ئافرەتە سێ نەڵقەی پیاز دەکاتە ملی خۆی، بۆ ئەوەی شیرەکەی ووشك بکات.

١١- باوەڕبوون لە ئاسندا: الأعتقادُ في الحديد

هەندێك لە خەڵكی جۆرە بیرو باوەڕێكی بۆ دروست بووە لە ئاسندا، بەوەی ئەگەر هاتوو شیری ئافرەتێ لە منداڵەكەی بڕا، یاخود كەمی كرد، ئەوا بەو ئافرەتە دەڵێن: "مكبوسة"، واتە: شیری ئەو ئافرەتە كەپس بووەو پەستێنراوە .

ئەی باشە چۆن ئەم پەستێڕاو بوونە هەڵبەستراو ودرۆیە هەڵدەوەشێننەوە؟ دەچن كۆمەڵێ گوێزانی سەرتاشین دەهێنن كە بەكارهاتبێ و سەرو ڕیشی خەڵكی پێ تاشرابێت، بەئاو ئەو گوێزانانە دەشۆن، دوایی(ئەو ئافرەتەی كە شیرەكەی پەستاوەو وەستاوە)

هەندێك لەبیروباوەڕی پڕو پووچ لەكاتێكدا كە ژنێك زەیستان دەبێت:

- هەندێك لە ئافرەتان كە منداڵیان بوو، مووروویەكی ڕەش كەپێی دەوترێت: (مووروی شەوە) بەخۆیانەوە هەڵ دەواسێت تا ٤٠ ڕۆژ لە زەیستانییەكەی، لەترسی جنۆكە ئەم كارە دەكات، هەتا جنۆكە لێی نزیك نەبێتەوە.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتانی زەیستان هەتا ٤٠ ڕۆژ نیشكو حەراسەتی دەگرن، واتە: هەتا ٤٠ ڕۆژ دەبێت تا بەیانی بەلایەوە دابنیشن،و وەدەبێت هەتا بەیانی ئەو كەسەی كە لەلای دەبێت نەخەوێت، چونكە دەڵێن: ئەم ئافرەتە نیشكی لەسەرە واتە: دەبێت حەراسەتی بكێرێ، لەترسی ئەوەی ئەوەكو جنۆكە دەستی لێ بوەشێنێت، یاخود شەوە منداڵەكەی بكوشێت و بیمرێنێت، وە هەروەها دەبێت بەشەو بەڕۆژ بەجێی نەهێڵن بەلای خۆیو منداڵەكەیەوە بن ،ئەگەر ئەو ئافرەتە چووە دەرەوە دەبیت لەگەڵیدا بچینە دەرەوە هاتە ژوورەوە لەگەڵیدا بێنە ژوورەوە، وەلای ئەو خەڵكە ئەزانە دەبێت ئەو ئافرەتە زەیستانە ئاوی كۆن نەخواتەوە، دەبێت هەموو جارێك ئاوی تازەی بۆ بهێنن، وە نابێت دەماوی ئاوی كەس بخواتەوە، دەبێت لەئاوێك نەخوات كەسەری بەتاڵ بێت، و وە دەبێت لەئاوێك نەخوات كە هەنگاوی بەسەردانرابێت تا ٤٠ ڕۆژو شەو، بۆ؟ لە بەر ئەوەی نەك جنۆكە چەموڵەی لێ بدات

دەشۆرن بە ناوی ئەو گوێزانە شۆڕاوانە، هەتاوەکو بەم کارە پەستاو بوونی ئەو شیرە نەمێنێ، وە شیرەکەی پێ زۆر ببێ‌و وە پێشی بێتەوە.
ئایا لەکەیەوە گوێزان‌و مەکینەی سەرتاشین ووە جگە لەمانە، شیری دایکی زۆر کردووەو چارەسەری نەخۆشی داوە؟!
ئەی خەڵکینە کوا عەقڵ‌و هۆشتان ؟!!
پێی دەچێ هەندێ جار شەیتان دەستی هەبێت لەبڕانی ئەو شیرەدا، وەدوایی واز لەو شیرە دەهێنێ هەتا وەکو خۆی لێ بێتەوە، هەتاوەکو خەڵکی ئەو باوەڕەیان لە گوێزان‌و ئەو شتانەدا بۆ دروست ببێ، ئەمجا بڕوانە ئەم هەڵوێستەی شەیتان بەرامبەر بە خەڵکی کە چۆن لە هەوڵدایە بۆ هەڵ خەڵەتاندنیان.
ئیمامی" ئەحمەد" فەرمودەیەکی گێڕاوەتەوە (٣٨١/١) بە ژمارە (٣٦١٥) و "ئەحمەد شاکر"یش فەرمووده‌کەی بە "حسن" داناوە:
لە "زینب"ەوە خێزانی "عبداللە کوڕی مەسعود" – ڕەزای خوای لێ بێت– زەینەب دەفەرموێ: عبداللە عادەتی وابوو ئەگەر بۆ پێویستییەك بگەڕایەتەوە بۆ ماڵەوە، کاتێ کە دەگەیشتەوە بەر دەرگای ماڵەوە کۆکە کۆکی دەکردو تفی ڕۆدەکرد، چونکە پێی ناخۆش بوو بێتەوە بەسەرماندا وە ئێمە لەسەر شێوازێ بین ئەو پێی ناخۆش بێت.
دەفەرمووێ: ڕۆژێکیان کە هاتەوە بۆ ماڵەوە، دەستی کردەوە بە کۆکە کۆك وەکو جاران، وەمنیش پیرێژنێکم لابوو نووشتەی بۆ دەکردم بۆ نەخۆشییەکی پێست سووربوونەوە کە تووشم بوو بوو، منیش پیرێژنەکەم هەر چۆنێك بوو خێرا شاردەوەو کردم بە ژێر کۆمەڵێ جل‌و جێگەدا.
دەفەرمووێ: عبداللە هاتە ژوورەوەو دانیشت لە پاڵمدا، وە دەزوویەکی بینی لەملمدا.
فەرمووی : ئەو دەزووە چییە لە ملتا ؟!!.

ووتم: دەزوویەکە نووشتەیەکیان بۆ کردووم تیایدا !!.

دەفەرمووێ: دەزووەکەی گرتوو پچڕاندی لە ملمدا،و پاشان ووتی: بەڕاستی کەس و کارو ماڵ و خێزانی عبدالله بێ نیازو بێ پێویستن لە شیرك، لە پێغەمبەری خوام (ﷺ) بیستووە کە فەرموویەتی: " إنَّ الرُّقَى والتَّمائِمَ والتِّوَلَةَ[1] شِركٌ "، واتە: بەڕاستی نووشتەو چاوەزارو نووشتەی چەورو شیرنی و ڕق لێ بوونەوە شیرك و هاوبەش بۆ خوا دانانە.

دەڵێ ووتم بە عبدُالله: بۆ وا دەڵێی!! خۆ جاری وا هەبووە کە چاوم دەفری، دەچووم بۆ لای فلأن کەسی یەهودی تا نووشتەیەکم بۆ بکات بۆی، هەرکاتێ کە نووشتەکەی بۆ دەکردم ئیتر چاوم لە جووڵە جووڵ دەکەوت.

ئەمجا عبدُالله فەرمووی: ئا ئەو چاو فرینە تەنها لە شەیتانەوە بووە، بەدەستی جووڵە جوولی بەچاوت کردووە،و وە هەرکاتێ نووشتەکەی بۆ کردووە دەستی لێ هەڵگرتووە، وە تەنها بەس بوو بۆ تۆ لەو کاتەدا[2]، ئەو ذیکرە بڵێیت هەر وەکو چۆن پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (اِذهَبِ البأسَ رَبَّ الناسِ، اِشفِ انتَ الشَّافي، لاشفاءَ إلاَّ شفائُك، شفاءً لايغادرُ سَقَماً).

واتە: ئەی پەروەردگاری خەڵکی ئێش و ئازارەکان ببەو لایان بە، چارەسەری نەخۆشییەکانمان بکە تەنها تۆی شیفادەری، هیچ

---

[1] التولة: ئەو نووشتەیەیە کە دەکرێت بۆ خۆشەویست کردن یان ڕق لێ بوونەوە، لەنێوان ژن و مێرددا، کەپێی دەوترێ: نووشتەی چەورو شیرینی.

نووشتە: بریتییە لەو شتەی کە بۆ مەبەستی پیرۆزی هەڵی بواسیت بەخۆتدا، ئیتر ئەو شتە لە پەڕۆیەکدا بێت، یاخود دارێك بێت، یاخود بەردێك بێت، ئەوا هەر بەنووشتە دادەنرێت.

[2] واتە: لەکاتی چاو فرینەکەدا، یاخود لەکاتی هەر نەخۆشییەکدا، سوننەت وایە کە ئەو ذیکرە بخوێنی.

چارەسەرو شیفایەك نییە جگە لە چارەسەرو شیفای تۆنەبێ، چارەسەرێکی وای نەخۆشییەکانمان بدەی هیچ نەخۆشییەك بەجێ نەمێنێ لەدوای خۆی، هەموو نەخۆشییەکان ببات و لایان بەرێت .

وە خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الانعام: ١٧)، واتە: ئەگەر خودا بیەوێت تووشی ناخۆشییەکت بکات، هیچ هێزو توانایەك نیە ئەو گرفت و ناخۆشییەت لێ دووربخاتەوە، تەنها خودا خۆی نەبێ، وە ئەگەریش بیەوێت خێرو خۆشییەکت بێنێتەرێ،ئەوا هیچ کەس ناتوانێ ڕێگای لێ بگرێت، وە ئەوەی خودا خۆی بیەوێت هەر ئەوە دەبێت، چونکە تەنها(الله) خودایە، بەسەر هەموو شتێکدا بە تواناو دەستەلات دارە.[1]

١٢- باوەڕبوون لە پلاستیکدا: الاعتقاد في البلاستيك

پیاوی وا هەیە کە سەیارەیەکی تازە دەکڕێت، خێرا ترسی چاو پیسی و حەسوودی بردنی بەسەیارەکەی لێ دەنیشێت .

---

[1] باوەڕبوونی هەڵە لەچاو فڕیندا:

- لای خەڵکی ئێمە، ئەگەر کەسێك چاوی چەپی بفڕێت، دەڵێن: ئەوا تووشی ناڕەحەتی دەبێت، وە ئەگەر چاوی ڕاستی بفڕێت، دەڵێن: ئەوا تووشی خێرو بەرەکەت دەبێت.

بەڵام نووشتەی چەورو شیرینی لای خەڵکی ئێمە ئەوەیە:

- ئەگەر ئافرەتێك مێردەکەی خۆشی نەویست و وە ڕقی لێ بویەوە، دەچێت نووشتەی چەورو شیرینی لێ دەکات، کە نووشتەکەیان بۆ کرد ئەمجا پێی دەڵێن: بڕۆ ئەم نوشتە بکەرە ناو سەرینەکەی مێردەکەت، یا بیکە ناو شەکرو چاکەی ماڵەوەتان، یا بیکەنە ئاوێك و بەجێگەکەیدا هەڵی بپرژێنە، ئیتر دوای ئەوە مێردەکەت بۆت کەر دەبێت و وەخۆشی دەوێت.

ئـەی ئـەبێ چـی بـکـات بـاشـــە ؟

کاتێك دەزانـی خێـرا پارچـەیەك پلاستیك دەهێنـی کـە لەسـەر شێوەی دەستی مرۆڤــ دروست کراوە، ناویـان نـاوە "خمسة وخميسة"، واتـە: پێنج پەنجەیی. پاشان هـەڵی دەواسـێ بەسـەیارەکەیدا، بەگومانی خۆی ئەو پارچە پلاستیکە چاوپیسی لەسەیارەکەی دەگێڕێتەوەو حەسوودی لادەبا!! .

لاالـه الاّ الله... ئایا پلاستیكو نایلۆن سوودو[1] زەرەرو زیان بە خـەڵکی دەگەیـەنێ، یـاخود سـوودو زەرەرو زیـان لـە خـەڵکی دوور دەخاتـەوە؟! نـەخێر، بـەڵکو پێویـستە مرۆڤــ بـاوەڕی وابـێ کـە سـوودو زیـان تـەنها بەدەستی خودایە.[2]

---

[1] مەبەست بە نەبوونی سوودو زیانی نایلۆن، لێرەدا ئەوەیە کە نایلۆن سوودی لابردنی چاوپیسی نییە، وە زیانی تووش کردنی چاو پیسی نییە، ئەگینا نایلۆن سوودی هەیە کە وەکو تەشتو کەلو پەلی ماڵ بەکاردەهێنرێت، بەڵام بۆ حەسوودی هیچ سوودێکی نیە

[2] باوەڕبوونی هەڵە لە خۆپاراستن لە حەسوودی :

لای خەڵکی ئێمە بۆ خۆپاراستن لە حەسوودی کۆمەڵێك ڕێگای پڕو پووچ دەگرنە بەر وەکو:

- ئەگـەر ترسـان حەسـوودییان پـێ ببرێـت، ئـەوا دەچـن چـاوەزار هـەڵ دەواسـن بـەدەرگای دەرەوەی ماڵەکەیانـدا، کـە چـاوەزارەکان چـەند جـۆرێکن: یـان تاکـە پێڵاوێکی کۆنی دڕاو بە دەرگاکەیانـدا هـەڵی دەواسـن، یـان کونـا و کـون و دەشـتو دەرو چۆڵەوانی دەگەڕێن، بەڵکو کەرێك یـان ئەسـپێکی تۆپیوویـان بەرچاو بکەوێت، ئەگەر بەرچاویان کەوت خێرا ناڵەکەی لەپێی هەڵ دەکێشنو لێی دەکەنەوە لە بنی پێی، دوای دەهێننـەوەو بەدەرگاکەیانـدا هـەڵی دەواسن، یان پارچەیەك لە پێستی بەراز پەیدا دەکەنو هەڵی دەواسن بەدەرگای دەرەوەی ماڵەکەیاندا، چونکە دەڵێن: پێستی بەراز تیر نای بڕێت، وە چاوی پیسیش وەکو تیر وایە، بەڵکو کە چاومان پێوەکرا ئەم پێستە بەرازە بیگێڕێتەوە لێمان.

- یاخود دەڵێن: ئەگەر گومانت هەبوو لەئافرەتێکدا کەوا حەسوودی پێ بردبێ، ئەوا شوێنی بکەوە بەدزییەوە کە ئاگای لە خۆی نەبوو، پارچەیەك لە ماکسییەکەی یان کراسەکەی لە دەری قنی(دوور لەڕووی ئێوە) ببڕە، ئیتر حەسوودییەکەی کارت لێ ناکات.

- یان ئەگەر ترسای منداڵەکەت حەسوودی پێ ببرێت، ئەوا چەند تاڵە قژێکی ناوچاوی بهێنە خوارەوەو، وە بە بنێشتە تاڵ کلانکەیەکی شین، یان چاوەزارێك کە لە ئاڵتون دروست کراوە پیای هەڵ بواسە، با چاو کاری تێ نەکات، یاخود مووروویەکی شین بەناوچاویدا هەڵبواسە.

- یاخود هەندێك لە ماڵان ئەچن گوێ سەگ دەهێننو لە حەوشەی ماڵەکەیاندا دەی سوتێنن، بۆ ئەوەی چاوی پیس کاریان تێ نەکات، وە ئەو گوێ سەگە ناڕەحەتییان لەسەر لاببات.

- یاخود هەندێك لە ماڵان سەرە ئاسکێك بەدووشاخەوە بە دەرگاکەیدا هەڵ دەواسێت بۆ نەهێشتنی حەسوودی، یان پارچەیەك گەچ دەهێنن کە ڕەنگی شین کراوەو، لەناوەڕاستی ئەو پارچە گەچەدا کە شێوەیەکی خڕی هەیە چاوێك دروست کراوەو وە پێنج پڵ پڵەی خڕیش بەچوار دەوریدا دروست کراوەو، کراوە بە چاوە زار و بەدەرگای ماڵەکەیدا هەڵی دەواسێت.

- یاخود هەندێك لە خەڵك کە کەڵو پەلێکی تازەی ماڵیان کڕی، کە لەو کاتەدا کە دەیبەنە ژوورەوە، دڵیان لە هەر کەسێك پیس بێتو بترسن حەسوودییان پێ ببات، ئەوا دوو هێلکە بەرەو ڕووی ئەو کەسە یان بەرەو ڕووی ماڵەکەی دەشکێنن.

- یاخود هەندێك لە نانەواکان کە بەیانیان پێش ئەوەی دەست بکەن بەنیش، ئەگەر ترسی حەسوودییان هەبوو پێیان ببرێت، ئەوا ئەو نانەوایە دەچێت ناوی ئەو کەسانە لەسەر پارچەیەك کاغەز دەنووسێت،و ئەمجا یەك یەك تف لەناوەکان دەکاتو،وە کاغەزەکە فڕێ دەداتە ناو تەنورەکەیەوەو،وە ئەو ناوانە دەسووتێنێت کە دەترسێ حەسوودی پێ ببەن .

- یاخود ئەگەر لە هەر کەسێك ترسان حەسوودییان پێ ببات، هەرکاتێك چاویان بەو کەسە کەوت دەڵێن: " یاحافظ الله محفوظ " لامان دەی لە نفوس.

١٢- بـاوەڕبـوون لـە پـێڵاودا: الاعتقادُ في الحذاء

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە عەقڵی خۆی پووچەڵ کردۆتەوەو، وە بیرکردنەوەی خۆی هەڵوەشاندۆتەوە، وە لاسایی و چاولێکەری کەسانی تر دەکاتەوە، باوەڕی کردووە بەوەی کە پێڵاو - خودا ڕێزدارتان بکات - سوودو زەرەرو زیـان دەگەیـەنێت، هـەر کاتـێ کـە کارگەیـەکی تـازەی دروست کرد، یاخود سەیارەیەکی تازەی کڕی، ئیتر چاو پیسی لەسەر شتەکانی بۆ دروست دەبێ،خێرا هۆمەن دەبا بۆ "تاکە پێڵاوێك" و هەڵی دەواسێت بەسەیارەکەیدا، بەگومانی خۆی ئەو تاکە پێڵاوە حەسوودی لەسەیارەکەی دەگێڕێتەوەو چاو پیسی بۆ لادەبا[1].

وە بـێ گومـان ئـەم کـارەش گومڕاییـەکی ئاشکرایە، وەنابێـت بـەهیچ شێوەیەك ئەوە هەبێ لەووڵاتی موسوڵماناندا.

بەڵێ، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرمووێ: " العـينُ حَـقٌ "[2] واتە: چاوپیسی ڕاستەو هەیە، بەڵام چارەسەرکردنەکەی ئەوەیە ئەگەر هاتوو مرۆڤـ لە شتێکی چاو پیسی ترسا، پـەنا دەگرێـت بـەخوا بـەو ووتانـەی کـە لـە

- یاخود مەندێك لە خەڵکی ئەگەر کوڕیان ببێت، ئەوا تا نزیکەی دووساڵ نایەڵن خـەڵکی زۆر ببینێـت، نـەك حەسـوودی پـێ ببـەن، وە ئەگـەریش ئـەو کوڕەیـان بـردە دەرەوە لەگەڵ خۆیانـدا دەیخەنـە باوەشـی خۆیـان و، وە پەڕۆیـەکی گـەورەی دەدەن بەسەردا بۆ ئەوەی کەس چاوی پێی نەکەوێت.

[1] ئاخر خەڵکینە پێڵاو خەڵکی لەپێی دەکا، بەقوڕو چڵپاو داڕو بەردیا دەبــات، کەچی ئەو پێڵاوە توانای ئەوەی نییە کەخۆی لە قاچی ئەو کەسە ڕزگار بکات، کە ئیتر لەپێ نەکرێ، وە بە هەموو پیسیەکدا نەبرێت، سوودی بـۆ خۆی نـی یە ئیتر چۆن سوودی بۆ خەڵکی دەبێت و حەسوودییان بۆ لادەبات .

[2] حديثٌ صحيح: رواه البخاري (١٠/٢١٣) ، ومسلم في "السلام" لەبابی "الطب"دا (١٣/١٧٠-نووی)

پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە کە فەرموویەتی: " أُعِيذُ بكلماتِ اللهِ التامةِ، مِن كلِّ شيطانٍ وهامّةٍ، ومن كلِّ عينٍ لامّةٍ "، واتە: پەنا دەگرم بە ووشە تەواوەکانی خودا، لە هەموو شەیتانێك و گیانلەبەرو، زیندەوەرێکی زیان بەخشی خاوەن ژەهر، وە لە هەموو چاوێکی لۆمە کراو و پیس.

وە چەسپاو جێگیر بووە کە پێغەمبەر (ﷺ) "حەسەن و حوسەین"ی بەم ذیکرە پەنادەداو دەی فەرموو پێیان: " أُعيذُ بكلماتِ اللهِ التامةِ، مِن كلِّ شيطانٍ وهامةٍ، ومن كل عينٍ لامّةٍ "، واتە: پەنا دەگرم بە ووشە تەواوەکانی خودا، لە هەموو شەیتانێك و گیانلەبەرو، زیندەوەرێکی زیان بەخشی خاوەن ژەهر، وە لە هەموو چاوێکی لۆمە کراوو پیس، وە دەیشی فەرموو: " كان أبو كُما ابراهيم يُعَوِّذُ بهما اسماعيلَ واسحاقَ "[1]، واتە: باوکی ئێوە کە ئیبراهیم بوو، پەنای (ئیسماعیل و ئیسحاق)ی هەردوو کوڕی بەم ذیکرو پاڕانەوەیە دەدا[2].

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه البخاري (٦/٤٥٨-فتح).

[2] باوەڕبوونی هەڵە لە پێڵاودا:

- لای خەڵکی ئێمە، ئەگەر ترسی ئەوەی بوو کەخەڵکی حەسوودی پێ ببەن، دەچێت پاژنەی پێڵاوە کۆنێك دەهێنێت و،وە بە بەشی سەرەوەی دەرگاکەی دەرەوەیدا هەڵی دەواسێت، ئەگەر پرسیاری لێ بکرێت و بڵێن: بۆ ئەم پاژنە پێڵاوەت هەڵواسیوە؟ دەڵێت: یەعنی هەر کەس چاوم پێ هەڵدەمێنێت، یەعنی چاوی چڵکنی بەم تاکە پێڵاوە.

- یاخود هەندێك کەس باوەڕی وایە ئەگەر پێڵاو بە هەڵگەڕاوەی ڕووی لەئاسمان بێت، واتە: ئەوا چەموڵە لەخوا دەنێت!! بۆیە یەکسەر دەچێت ئەو پێڵاوە دەخاتەوە سەرپێی، ئەگێن ئەگەر وای لێ نەکاتەوە ئەوا خۆی بەگوناهبار دەزانێ، بۆ؟ دەڵێت:

١٤- باوەڕبوون بەوەی کە ناوی پێغەمبەر پاسەوانی منداڵان دەکاو دەیان پارێزێت:

هەندێ لە ئافرەتان کەبینی کەسێك سەیری منداڵەکەی دەکا، دەترسێ ئەو کەسە حەسوودی بە منداڵەکەی ببات، لەو کاتەدا دەڵێت: " اسمُ النبيِّ حارسُهُ وصائِنُهُ "، واتە: ناوی پێغەمبەر پاسەوان و پارێزگاریەتی.

وە ئەمەش بیروباوەڕێکی بەتاڵ و ناڕاستە، لەبەر ئەوەی هەرچەندە پێغەمبەر (ﷺ) چاکترینی دروست کراوەکانی خودایە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستی نییە بۆ خودی خۆیشی نەسوودو وەنەزەرەر و زیانیش، وە خوای گەورەش بە پێغەمبەرەکەی (ﷺ) دەفەرمووێ:

﴿قُل لَّآ أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعًا وَلَا ضَرًّا إِلَّا مَا شَآءَ ٱللَّهُ﴾ (الأعراف: ١٨٨)

واتە: ئەی محمد (ﷺ) بەگرۆهی ئادەمیزاد بڵێ: من نە بۆ خودی خۆم وە نەبۆ جگە لەخۆمیش دەستەڵاتی ئەوەم نییە، نەخێرو خۆشی،و وە نەسوودو قازانج بۆ خۆم بهێنم، وە نەزەرەرو زیانیش لە خۆم دووربخەمەوە، مەگەر ئەوە نەبێ کە خوا ویستی لەسەریەتی تووشم بکات.

وە دەفەرموێت خوای گەورە ﴿قُلْ إِنِّي لَآ أَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلَا رَشَدًا﴾ (الجن:٢١)، واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) تۆ بەوان بڵێ: من ناتوانم زیانتان لێ دوور بخەمەوە، یاخود سوودو قازانجتان بۆ کێش بکەم، چونکە سوودو قازانج و زەرەرو زیان بەدەستی خوایەو لە ژێر دەستەلاّتی ئەو دایە .

چونکە ئەو پێلاّوە ڕووی بەرەو ئاسمان و خوایە نابێت وابێت نەگینا خوا غەزەبمان لێ دەگرێت.

کەوابوو ئەگەر ئەمە حاڵ و وەزع و توانای پێغەمبەر (ﷺ) بێت، ئیتر چۆن پێغەمبەر (ﷺ)، یاخود ناوی پێغەمبەر (ﷺ) پاسەوانی منداڵان دەکا، یاخود دەیان پارێزێ لەو شتانەی کە ئازاریان دەدا[1].

١٥- باوەڕبوون لە تەختەدا: الاعتقادُ في الخشب

هەندێ لە خەڵکی باوەڕیان وایە کە تەختە بەربەستی حەسوودی دەکات، وە حەسوودی دەگێڕێتەوە، وە هەرکاتێ ترسا لە حەسوودی دەڵێ: "إمْسِكِ الخَشَبَ"، واتە: تەختەکە بگرە[2].

ئەمەش بیروباوەڕێکی بەتاڵ و ناڕاستە، نابێت موسوڵمانی ژێر باوەڕی بەمانە هەبێت، بەڵکو ئەگەر ترسا چاو بکات بەشتێکەوە بڵێ: "ماشاءَ الله، اللّهُمَّ بارِك"، واتە: ئەوەی خوا ویستی لەسەر بێت هەر ئەوە دەبێت، خودایە بەرەکەتی بەسەردا برێژە.

وە خوای گەورە دەفەرموێت ﴿وَلَوْلَآ إِذْ دَخَلْتَ جَنَّتَكَ قُلْتَ مَا شَآءَ ٱللَّهُ لَا قُوَّةَ إِلَّا بِٱللَّهِ﴾ (الكهف:٣٩)، واتە: ئەوە بۆچی کاتێک

---

[1] باوەڕبوونی هەڵە لەناوی پێغەمبەردا (ﷺ):

- لای خەڵکی ئێمەدا، ئەگەر دایکێك بۆ کوڕەکەی بپاڕێتەوە، دەڵێت :دەك پێغەمبەر ئاگادارت بێت.

- یان دەڵێت: دەك مەولودی پێغەمبەر لەعومری سەرت گەڕێت.

[2] ئەمە قسەیەکە خەڵکی میسر دەیڵێن، لەکاتێکدا کە بترسن یەکێك حەسوودی پێ ببرێت، بەو کەسە دەڵێن: کوڕە دەست بگرە بەدارەکەوە، وە مەبەستیان پێی ئەوەیە کە دەست گرتن بەشتێکەوە مرۆڤ بە هێزی دەکات،و بەڵکو ئەو دارە حەسودییەکە بگرێتەوەوتوشی نەبێت.

چوویته ناو باخه ڕازاوەکەت[1]، وه چاوت بەو گشت بەروبوومە جوانە کەوت، وە لە دیمەنەکانیت ڕوانی، بۆچی سوپاسی خوات نەکرد، با ئەو کاتەی کە چوویتە ناو باخ و باخاتەکەتەوە بتگوتایە : "ماشاء الله لاقوة الا بالله"، واتە: هەرشتێ خودا ویستی لەسەر بێ هەر ئەوە دەبێت، ئەم ناز و نیعمەتە بەخشینی خوایە، ئەمە ئەوەیە کە خوا ویستویەتی بی بەخشێت بە من، وە ئەوەی کە خودا بیەوێت بێگومان هەر ئەوە دێتەدی، وە هیچ هێز و توانایە نییە جگە لەهێز و توانای خودا نەبێ.

وە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی بەو هاوەڵەی کە چاوی کردبوو بەکەسێکی ترەوە (الاّ بَرَّكتَ)[2]، واتە بۆچی داوای بەرەکەتت بۆ نەکرد لەخوای گەورەو بڵێی: "ماشاءَ اللهُ اللهم بارِكْ عليهِ"، یاخود بڵێی: "ماشاء الله لاقوة الاّ بالله"[3].

---

[1] ئەمە چیرۆکی دوو برا باس دەکا کە لە سوورەتی (کەهف) دا هاتووە، یەکێکیان باخێکی هەیە، بەڵام سوپاسی خوا لەسەر ئەو باخە ڕازاوەیەی ناکات، بەڵام براکەی تری ئامۆژگاری دەکا کە خوای لە بیر نەچێت لەسەر ئەو نیعمەتانەی پەروەردگار.

[2] حديثٌ صحيح: رواه احمد والنسائي وابن ماجه، وە شێخ ئەلبانی لە (صحيح الجامع)دا بە صەحیحی داناوە بە ژمارە (٣٩٠٨).

[3] باوەڕبوونە لە دار و تەختەدا:

- لە یەکێك لە شەخصەکانی نزیك سنووری ئێران، خەڵکی دەچن پارچەیەك داری ووشك لەدارەکانی چواردەوری ئەو شەخصە دەهێنن، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئەو پارچە دارە ووشکە بۆ ئەهێشتنی ددان ئێشە، ئەمجا کە ئەو پارچەدارەیان هێنایەوە بۆماڵەوە، هەرکاتێك منداڵێکیان یان یەکێك لە ئەندامانی ئەو ماڵە ددانی ئازاری کرد یەکسەر ڕادەکات ئەو پارچە دارە دەهێنێت،و بە بەردەوامی ئەو دارە دەهێنێت بەڕووەمتیا لەرێکی ئەو شوێنەی کە ددانەکەی لەژێردایەو ئازار دەکات، ئەمجا هەر منداڵەی داماو ددانەکەی ئازاری کرد خێرا خێرا دارەکە لە ڕوومەتی هەڵ دەسووێت، بەڵکو ددانەکەی ژێر ڕوومەتی ئازارەکەی نەمێنێ، بەڵام دارەکەی "کاکە شێخ" هیچ

١٦- ترسان لەمردوو: الخوف من الاموات

هەندێ لە خەڵكی باوەڕی وایە ئەگەر باسی فلانە كەسێ بكرێ لە پیاوچاكان بە خراپە، ئەوا ئەو پیاوچاكە ئازاری ئەدا لە لاشەیدا، یان لە ماڵیدا، یان لەمناڵیدا.

وە ئەمە بیرو باوەڕێكی بەتاڵو ناڕاستە، لەبەر ئەوەی دەستەڵاتدار لەم بوونەوەرەدا تەنها خوای بەرزو بڵندە.

بەڵێ، نابێت بەهیچ شێوەیەك باسی مردووی موسوڵمانان بكەین ئیللا بە خەیرو چاكە نەبێت، هەروەك چۆن جێگیر بووەو هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) كە فەرموویەتی: " لاتذكروا اموالكم الا بخيرٍ "[1]، واتە: باسی مردووەكانتان مەكەن ئیللا بەخەیر نەبێت.

وە دووبارە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: " لاتسُبوا الامواتَ، فَاِنَّهم قد اَفضَوا الى ما قدّموا "[2]، واتە: قسە مەڵێنو جنێو مەدەن بە مردووەكان، چونكە گەیشتون بەو شوێنەی كە بەكردەوەی خۆیان ئەنجامیان داوە.

وە ترسان یەكێكە لە عیبادەتو پەرستشەكانی دڵ "العبادات القلبيه" كە واجبە ڕووو ڕوو نەكرێو بەكار نەهێنرێ جگە لە بۆ تەنها خودا نەبێت[3]

سوودێك بەددان ئێشەكەی ناگەیەنێت، چونكە پارچە دارێك چی بۆ دەكرێت خۆ دەرمان نییە ئازارەكە نەهێڵێ، بەڵام منداڵەی داماو هەر بەردەوام دەبێت هەتا چاوی سپی دەبێت و خەوی لێ دەكەوێت، كە دوای یەك دوو سەعاتێك كە خەبەری دەبێتەوە سەیر دەكات ئازارەكەی نەماوە، وا دەزانێ ئەم پارچە دارە ووشكە شیفای داوە، نازانێت كە كاتێك خەوی لێ كەوتووەو ئاگای لەخۆی نەماوە، ئازارەكە لەسەر خۆ كەم بۆتەوەو هەتا ژانی ددانەكەی نەماوە.

[1] حديث حسن: رواه النسائي (٤/٥٢)، وە (حافظي عيراق)یش دەفەرمووێ: إسنادُهُ جيّدٌ.

[2] حديث صحيح: رواه البخاري (٣/٥٥٢- فتح).

[3] ترسان لەمردوو:

- لای خەڵکی ئێمە ئەگەر قسەیەك بکەی بەرامبەر بە شەخسێك، یەکسەر پێت دەڵێن: قسەی بەرامبەر ئەکەی ئەگین پێت ئەنوێنی.

- یان دەڵێن: ئەو فلان شەخصە ئەت کات بە قوڕاو شێت‌و شبرت ئەکات.

- یان دەڵێن: قسە ئەکەی بەرامبەری، چونکە دەمت لار دەکات، یان گۆج‌و ئیفلیجت ئەکات، یان دەڵێن، فەوتت دەکاو تەفرو توناو ماڵ‌و حاڵت نفرۆ ئەکات.

بەڵام لای خەڵکی ئێمە وەکو لەو جۆرە مردووانەش ئەترسن، کۆمەڵێك بیروباوەڕی پووچیشیان هەیە لەسەر مردن ومردوو و وە چونە سەر قەبران، وەکو:

١- کاتێك کە مردووەکە دەشۆرن:

- دەبێت تا تەعزیەی ژنان لە ماڵەوە تەواو دەبێت، کە تا سێ ڕۆژە دەبێت تاتە شۆرەکەی کە مردووەکەی لەسەر شۆراوە لەبەردەم دەرگای ئەو ماڵەی کە تەعزیەی ژنانی تیایە لانەبرێت، بـۆ؟ نازانم: لەوە دەچێت بۆ ئەوەبێت، دەڵێن: دوای تەواو بوونی تـەعزی یەکـەی مردووەکـە ڕۆحیانەتەکـەی دێتـەوە بۆ ماڵـەی خـۆی!! لـەوە دەچێ بۆیە ئەو تاتە شۆرە نابەنەوە، تا مردووەکە کە هاتەوە ئەمجارەیان خۆی بچێت لەسەری خۆی بشوات.

- دەڵێن کە مردووت لێ مرد، دەبێت تا سێ ڕۆژ لەو شوێنەی کە مردووەکەی لێ شۆراوە چرایەك دابنرێت، بـۆ؟ چونکە دوای سێ ڕۆژانەی تەعزییەکەی ڕوحەکەی دێتەوەو سەیری ماڵەکەی خۆی دەکات، با ماڵەکەی ڕووناك بێت(ئەی بۆ ناو قەبرەکەی چی دادەنێن!!) .

٢- دوای بەخاك سپاردنی مردوو:

- دەبێت ئەریت وایە کە مردوو بەخاك سپێدرا، ئەوانەی کە چوون بۆ سپاردنی بێنەوە بۆ بەردەم ماڵی مردووەکەو گەردنی ئازاد بکەن‌و فاتحەی بۆ بنێرن.

- ئەمجا تەعزی یەی بۆ دادەنرێت ،دوو ڕۆژ بۆ پیاوان لە مزگەوت‌و سێ ڕۆژیش بۆ ژنان لە ماڵەوە، بۆ هەردوولاش دەبێت یەکی کەسێك بە پارە بگرن قورئانیان بۆ بخوێنێت، بەتایبەتی دەبێت بۆ ژنان ئافرەتێك بە پارە بگرن شیعرو هۆنراوەیان بۆ بڵێت‌و مردنیان بیربخاتەوە، چونکە دەڵێت: بەخوا شتێکی چاکە باغەیبەت ئەکەین.

- ئەمجا سێ ڕۆژانە چوون بۆ سەرقەبران، یان سێ شەممان دوانیوەڕۆیان، یا هەموو جومعەیەك چوون بۆ سەر قەبران، وە دوایی كەسێكی بۆ دەگرن هەموو جومعەیەك و سێ شەممەیەك قورئان بەسەر قەبری مردووەكەیاندا بخوێنێت.

- پاشان چلە كردن بۆ مردوو، ساڵانە، نۆ جەژنە، یان خەتمی (لا الە الا اللە) ی بۆ دەكەن لەسەر قەبرەكەی، یان دوای سێ ڕۆژەی تەعزێ هەندێك لە خەڵك حەڵوا دەبەخشێتەوە، یان بۆ پیاوان لە ماڵی مردووەكە دوای تەواو بوونی تەعزیەكەی ساردی وپاقلاوەو مۆزو قۆخ و ئەمانە دادەنرێت بۆ خەڵكی، یان لای هەندێك خەڵك تا ٤٠ ڕۆژ دوای مردنی ئەو مردووە هەموو ژەمێ چەند خواردنی خواردووە دەیبەن بۆ ماڵی فەقیرێك، دەڵێن:بـــا ئەو كەسە فەقیرە لە جیاتی مردووەكەمان بی خوات.

- پاشان سەیری پڕو پووچی تر بكە:

- بنێشت بەشەو بجوی، ئەوا گۆشتی مردوو دەخۆی.

- گڵی سەرقەبران مەهێنە بۆ ماڵەكەت، چونكە فەقیر دەبیت.

- مەنجەڵی ڕەش بەشەودا مەبەرەوە بۆ ماڵی خاوەنەكەی، چونكە خراپە مردوویان لێ دەمرێت.

- ئەگەر كەسێك لە تەعزیەكەوە هەستا خراپە بچێت بۆ ماڵان، چونكە خراپە ئەو ماڵە مردوویان لێ دەمرێت، ئەگەریش چوو دەبێت نەچێتە ژوورەوە هەر لەدەرەوە بووەستێ و قسە لەگەڵ ئەندامانی ئەو ماڵەدا بكات.

- نابێت ژنی زەیستان سەیری مردوو بكات، چونكە دوایی منداڵەكەی بەناڕەحەت لێ دەبێتەوە.

- كە چووی بۆ سەر قەبری مردوو، دەبێت لای خوارەوەی بوەستی، بامردووەكە چاوی لێت بێت.

- كە لە سێ ڕۆژانە چوویتە سەر قەبری مردوو، خێرا فاتیحە دامەدە، چونكە ئەو مردووە چاوی لێت نابێت، وە بەفاتیحەكەوا مەشغول دەبێت.

- هەركەسێ مردووی لێ مرد، گڵی سەر قەبرەكەی بكە بەسەر كەسوكاریی دا با مەیلییان بۆ ئەو مردووەیان نەمێنێ.

- قەبر تازە بكەیتەوە مردووت لێ دەمرێت.

١٧- باوەڕبوون لەوەدا کە چەرم (الجلد) ڕزق و ڕۆزی دەهێنێ:

هەندێ لە گەنجان بازنەیەك لە چەرم دەکەنە دەستیان، وە واگومان دەبەن کە ئەمە بەخت و شانسی باشیان بۆ دەهێنێ،وە ناویان لێ ناوە: "حظاظة"، واتە: بەختەوانە.

وە ئەمەش دووبارە بیرو باوەڕێکی گەندەڵە، کە پێویستە موسوڵمانان خۆیانی لێ پاك بکەنەوە، وە ئەم شتەش یەکێکە لە نوشتە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی : " مَنْ تَعَلَّقَ تَمِيمَةً فَلا أَتَمَّ اللهُ لَهُ، وَمَن تَعَلَّقَ وَدَعَةً[1] فَلا وَدَّعَ اللهُ لَه "[2]، واتە: هەرکەسێ نوشتەیەك بەخۆیەوە هەڵ بواسێت، دەك خوای بۆی تەواو نەکات ئەو

- کەچوویتە سەر قەبری مردوو بە بەردێك بدە لە کێلی قەبرەکەی، با بزانێت کە هاتوویت و سەیرت بکات.
- یاخود ئەگەر سەیری قەبرت کرد بەچۆڵی، ئەوا دەبێت گۆشتی شتێك لەخۆت حەرام بکەی، هەندێك ژن یەکسەر دەڵێت لەو کاتەدا: ئەوا گۆشتی چۆلەکەم لەخۆم حەرام کرد، ئیتر دەبێت ئەو کەسە تا دەمرێت ئەو گۆشتە نەخوات.
- کە مردوو برا بۆ سەر قەبران ئاوی بەدوادا بکە، بۆ ئەوەی لەدوای خۆی ڕووناکی بەجێ بهێڵێت.
- یان دەڵێن: ئەگەر مردوو هاتە خەوت ئەوا داوای خێرت لێ دەکات، یاخود ئەگەر مردوو پارچەیەك جلی بردی، یان خۆت لەگەڵیدا ڕۆشتی ئەوا خۆت دەمری.
- یاخود دەڵێن:ئەگەر قەبر هەڵ کەندرا،نابێت شەوی بەسەردا بێت،چونکە خراپە!!.

[1] ودعة : بریتییە لەو سەدەفانەی کە لەناو دەریادا هەیە: وەپێیان دەوترێت: "گوێچکە ماسی" وە ڕەنگیان سپی یە، وە لەناویاندا مرواری بەنرخی تیادایە، کە ئەم گوێچکە ماسیانە وەختی خۆی بە ملی منداڵیاندا هەڵیانواسیوە ، بۆ ئەوەی حەسوودی و چاویان پیا هەڵ نەهێنرێت.

[2] حديثٌ صحيح :رواه احمد (١٤٥/٤) والحاكم (٢١٦/٤) و صححه ووافقه الذهبي.

مەبەستەی کە ئەو کەسە دەیەوێت لەو نووشتە هەڵواسینەدا بۆی بێتە جێ، وە هەرکەسێ گوێچکە ماسییەك بەخۆیدا هەڵ بواسێت، ئەك خوا ئەو کەسە نەپارێزێت و، وەسووك و ئاسانی ئەکات لەسەری ئەو شتەی کە لێی دەترسێت.[1]

١٨- بەڕاست زانینی جادووگەرو فاڵچییەکان: تصديقُ الكَهَنَةِ والعرّافينَ

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە دەچێت بۆ لای جادووگەرو فاڵچییەکان، هەتاوەکو سیحرێکی بۆ هەڵبوەشێننەوە، یاخود هەتاوەکو ئەو ساحیرانە خێری بۆ بهێنن بە بۆچوونی ئەو، وە ئەو داماوە نازانێ بە ڕۆیشتنی بۆ لای ئەو جادووگەرانە لەدەستی چووە لە تەرازووی چاکەکانیدا "٢٠٠" نوێژ کە کردوویەتی ،ئەویش بە بەڵگەی ئەو

---

[1] باوەڕبوونی پڕو پووچ لە زۆربوون و بەرەکەت بوونی ڕزق و ڕۆزی دا:

- خەوبینین بە پیسایی مرۆڤەوە ڕزق و ڕۆزییە.

- ئەگەر ئاگر بەر بوو لەماڵت، دەڵێن: ئەشەمەی باشە، دەوڵەمەند دەبی و ڕزق و ڕۆزیت زۆر دەبێت.

- مێلووره پیات هەڵگەڕێت ڕزقت بۆ دێت.

بۆ کەم بوونەوەی بەرەکەت و ڕزق و ڕۆزیش ، وەکو:

- ئەگەر گونك بڕ زیادەی گونکی هەویر بخاتەوە ناو تەشتی هەویرەکەی، ئەوا ئەو هەویرە بێ بەرکەت دەبێت.

- لەسەر نان کردن و هەویر شێلان قاچ ڕاکێشی، ئەوا بەرەکەتی نامێنێ.

- زەخیرەی ماڵ ئەگەر لەسەرەوە دەری بهێنی کەم دەکات، دەبێ ئەو شتەی کە زەخیرەکەی تیایە کونێکی لە خوارەوە تێ بکەیت و وە لەوێوە دەری بهێنی.

- یاخود بۆ زۆربوونی بەرەکەت، ئەگەر دراوسێیەکت خواردنی بۆ هێنای، ئەوا دوایی قاپەکان بەخاڵی مەنێرەوە، بەڵکو خواردنێکی بۆ تێبکەرەوە بۆ ئەوەی ئەو ماڵە بێ بەرەکەتی و ووشکی ڕوویان تێ نەکات.

فەرموودەیەی کە ئیمامی "موسلیم" لە صەحیحەکەیدا هێناویەتی لە هەندێ لە دایکانی بڕوادارانەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: " مَن أتَى عرّافاً فسألَهُ عن شيءٍ، لم تُقبلْ له صلاةُ أربعينَ ليلةً "[1].

واتە: هەرکەسێك بچێ بۆ لای "جادووگەرێك"،و پرسیاری لێ بکات لەبارەی شتێکەوە هەتا ئەو جادووگەرە بۆی ئەنجام بدات، ئەوا ئەو کەسە لەو کاتەوە کە چووە بۆ لای ئەو جادووگەرە تا "٤٠" شەو بەڕۆژەکەیشیەوە هیچ نوێژێکی لێ وەرناگیرێ.

وە لەنێو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە دەچێت بۆ لای فاڵچییەك هەتاوەکو فاڵێکی بۆ بگرێتەوە، لەبارەی زانینی پاشە ڕۆژییەوە کەچی بەسەردا دێت، وە فاڵچییەکەش پێی دەڵێت: ئابەو شێوە ژن دەهێنی، وە ئەوەندە منداڵتان دەبێ، و وەێنەی ئەمانە.

وەئەمەش کوفرو بێ باوەڕی کردنە بەرامبەر بەخوا، لەبەرئەوەی شتە غەیبی و پەنامەندییەکان "الغیب" هیچ کەسێك نایزانێ جگە لە (الله) نەبێ.

ئەمەش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەی کە ئیمامی "ئەحمەد و حاکیم" گێڕاویانەتەوە، وە شێخ ئەلبانیش لە (صحیح الجامع) دا بە صەحیحی داناوە لە (ابی هریرە)وە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ أتَى عَرّافاً أو كاهناً، فصدقهُ بما يقولُ فقد كفرَ بما انزلَ على محمدٍ (ﷺ)[2]).

واتە: هەر کەسێك بچێت بۆ لای جادووگەرێك، یاخود فاڵچییەك، وە باوەڕبکات بەو قسانەی کە ئەو جادووگەرە دەیان ڵێت، ئەوا ئەو کەسە کافر بووە بەو قورئانەی کە بۆ محمد (ﷺ) هاتووە[3].

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه مسلم واحمد، وە لە(صحیح الجامع) دا بە ژمارە (٥٩٤٠) هاتووە.

[2] حديثٌ صحيح: رواه احمد والحاكم. وە لە (صحيح الجامع)دا بەژمارە (٥٩٣٩).

[3] هەندێك لە جۆرەکانی سیحرو چوون بۆ لای ساحیر لای خەڵکی:

١٩- باوەڕبوون لە بەردا: الاعتقادُ في الحجارة

بەڕاستی لەناو ئافرەتاندا کەسانێکی وا هەیە، ئەگەر منالْ بوونی دواکەوت پەنا ئابات بۆلای خودا تا لێی بپاڕێتەوە،ووەلێی هەڵ کوڕێت، بەڵکو پەنا ئەبات بۆ کۆمەڵێ بەرد کە بەیەکەوە بەستراون، و وەناویان لێ ناوە:(فرغُ الكبسة)[1]،واتە: ئەم منالْ نەبوونەش فەرعێکە و بەشێکە لە

– هەندێك لە خەڵکی بە مەبەستی زانینی پاشەڕۆژی ئەچێت بۆ لای خەڵکانی جادووگەر، ئەویش فاڵ و جادوویییەکیان بۆ ئەگرێتەوە لەڕێی قاوەوە، کە پێی ئەوترێت: قاوە گرتنەوە.

– یاخود هەندێك کەس کە ئەچن بۆلای فاڵچی، ئەو فاڵچییە سەیری ناو لەپی دەستی ئەو کەسە ئەکات، ئەمجا بەگوێرەی ئەو خەتانەی کە لەدەستی ئەو کەسەدا هەیە، جادووگەرەکە ڕووداوەکانی پاشەڕۆژی ئەو کەسە بەدرۆ بۆی باس ئەکات، بۆ نموونە: ئەڵێت تۆ دوو خەتی درێژ گەورە لەدەستدا هەیە واتای ئەوەیە کە تۆ دوو شوو ئەکەی، یا دووجار تەڵاق ئەدرێی، یان دووجار ژن ئەهێنی ئەگەرئەوکەسە پیاوبوو.

– یاخود جۆرێکی تر لە سیحر هەیە لەناو خەڵکیدا کە کەم لە خەڵکی ئەزانێ ئەو شتە سیحرە، ئەویش ئەوەیە کە پێی ئەوترێت: لەرز بڕین، کە بریتییە لەوەی کە کەسێك کە تووشی لەرزوتا ئەبێت، ئەچێت بۆ لای ئەو کەسانەی کە ئەو لەرزە بۆ خەڵکی ئەکەن تالەرزێکی بۆ ببڕێت، کە پێك هاتووە لە تاڵێك ئەزوو کەکۆمەڵێك گرێی لێ ئەدرێ، وەلەگەڵ لێدانی هەرگرێیەکدا ئەو کەسە چەند قسەیەك ئەڵێت بە سەر ئەزوووەکەدا کە بەحساب دۆعا ئەکات، دوای ئەوە ئەو ئەزووە ئەدات بەو کەسەکەی کە لەرزی لێ هاتووە ئەویش ئەیکاتە ئەستی وەکو بازنە، پاشان کابرای لەرزبڕ داوای شتێك لەو کەسە ئەکات، ئیتر پارەبێت یان کڵۆیەك شەکر بێت وە ئەیخوات، وە ئەڵێت: بۆ ئەوەی لەرزەکە نەیەت بۆ خۆم.

– یاخود زۆربەی ژنان، کاتێك کە منداڵەکەی ڕەنگی زەرد بوو یان تووشی سك چوون بوو، یەکسەر ئەڵێت :منالەکەم بە بۆن کەوتووە!! ئیتر نای بات بۆ

کەپسبوون و پەستاوبوون و گیران ، وە ئەو کۆمەڵە بەردە بەناو دەشۆرن و پاشان بەو ئاوە ئافرەتەکە خۆی پێ دەشوات، بەگومانی ئەوەی ئەم کـارە بەسـتن و گرێـدانی لـەمناڵ نـەبوون هەڵدەوەشـێنێتەوە و وە منـاڵ نەبوونەکەشی بەر دەبێت .

وە ئـایـا نازانێت کە خوای گەورە تـەنها خـۆی ﴿يَهَبُ لِمَنْ يَشَاءُ إِنَاثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَاءُ الذُّكُورَ، أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَاثًا وَيَجْعَلُ مَن يَشَاءُ عَقِيمًا﴾ (الشورى: ٤٩-٥٠).

واتە: پەروەردگار هەرچییەکی ویست لەسەر بێت دروستی دەکا و دەیهێنێتە بوون، تـەنها کـچ بـەو کەسـە دەبەخشێت کـەخۆی بیـەوێت، وە بـەو کەسـەی

ئەخۆشخانە، بەڵکو دەیبات بۆ لای ژنە گاورەکەن یان ژنە قەرەجەکە، یان حەلاوە مەرگەیی، بەڵکو ئەمان سکچونی مندالەکەی شیفا بدەن، ئەوانیش دەرمانی جۆرلو جۆری بـۆ دەگرنـەوەو وە نوشـتەو سـیحری بـۆ تێکـەڵ دەکـەن، ودەڵـێن بـەدایکی مندالەکە کـە: ئـەم دەرمانانـەی بـۆ ببـەرەوە ڕۆژی ئەوەنـدەجار بیـدەرێ، ئیتر چاك دەبێت، پاشـان پارەیـەکی زۆری لێ دەسـتێنن ، بـەلام دایە "قل قل" نازانێ بەملی شکاوی "ژنەکەرە" کـە سـیحری لـە مناڵەکـەی کردووە، وە هـەتا ئـەو مناڵـە لەژیاندا بێت ئەو سیحرەی هەر لەگەڵدا دەبێت مەگەرخوا ڕزگاری بکات.

- یاخود کە ئەو جادووگەرانە سیحر یان بۆ هەر کەسێك کرد شوێنی شاردنەوەی سیحرەکەش بەو کەسە دەڵێن، بۆ نموونە: دەڵێت: با باش کاریات تێ بکات بچۆ ئەم نووشتە لـە پشتی قەبری منـاڵی نەبالغ بوەوە بیشارەوە، یاخود هەموو ئێوارەیەك پاشمـاوەی خـواردنی سـەر سـفرەکەتان ڕۆبکەنـە بـەردەم دەرگـای ئـەو ماڵـەی کـە سیحرەکەی لێ دەکەیت.

- یـاخود ئەگـەر ویـستت بزانـێ کـە سـیحرت لێ کراوە ئـەوا ئەگـەر پشیلە بـەماڵت فێربێت، ئەوا نووشتەت لێکراوە.

کەخۆی بیەوێت تەنها کوڕی پێ دەبەخشێت، یان بۆ هەندێکیش کوڕیش و کچیشیان پێ دەبەخشێت، وە بۆ هەر کەسێکیش کە خۆی بیەوێت لەپیاوو ئافرەت ئەزۆك و بێ وەچەیان دەکات.

بڕوانە ئەو پێغەمبەرەی خودا (زەکەریا) -سەلامی خوای لێ بێت- بەوەجاخ کوێری مابووە منداڵی نەبوو، هەتا سەری سپی بوو، وە ئێسقانەکانی لاشەیشی بێ هێزو بەرەو پوکاندن دەچوو، وە پشتیشی چەمیبۆوە، وە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بێ هیوا نەبوو لە ڕەحمەت و بەزەیی پەروەردگارەکەی، وە بە بەردەوامی دەپاڕایەوە و هەڵ دەکوڕا لێی هەتا خودا منداڵێکی پێ ببەخشێت، تا ببێتە جێنشین و میراتگری پێغەمبەرایەتیەکەی لەدوای خۆی، وە هەتاوەکو پێغەمبەرایەتی نەپچڕێت لەوەچەکانی باوانی کە "یەعقوبی کوڕی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم"ە - سەلامی خوایان لێبێت-.

لەئەنجامدا خوای گەورە ڕەحمی پێکردو، وەڵامی پاڕانەوەکانی دایەوەو وە (یحیی)ی پێ بەخشی. وەکردیشی بە پێغەمبەر بۆ ئەوەی کە جێنشینی باوکی بێت لەدوای مردنی. خوای گەورە لەبارەی پێغەمبەر "زەکەریا"وە دەفەرمووێت : ﴿ذِكْرُ رَحْمَةِ رَبِّكَ عَبْدَهُ زَكَرِيَّا﴾، واتە: ئەمە باسی ڕەحمەت و بەزەیی پەروەردگارەکەتە، دەربارەی بەندەی خولناسی خۆی، کە زەکەریایە.

﴿إِذْ نَادَىٰ رَبَّهُ نِدَاءً خَفِيًّا﴾، واتە: کاتێك کە بەنهێنی و پەنامەکی لەپەروەردگاری خۆی دەپاڕایەوە، کە بەڵکو خوای پەروەردگار منداڵێکی پێ ببەخشێت.

﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي وَهَنَ الْعَظْمُ مِنِّي وَاشْتَعَلَ الرَّأْسُ شَيْبًا وَلَمْ أَكُن بِدُعَائِكَ رَبِّ شَقِيًّا﴾ ، واتە: لەخودا پاڕایەوەو وە وتی: ئەی پەروەردگارم! بەڕاستی

من ئێسقانەکانی لاشەم بێ هێزبوون، و بەرەو پوکێن دەچن، وە خۆیشم هێزم تێدانەماوە، وەپیرو کەنەفەت بووم، وە مووەکانی سەرم بەتەواوەتی سپییەتی دایگرتووە و سپی بووە، لێت دەپاڕێمەوە کە منداڵێکم پێ ببەخشی، من هیچ کاتێك لە ناکامی پاڕانەوە و دوعاکانم دا بۆلای تۆ نائومێدو بێ هیوا نەبووم.

﴿وَإِنِّي خِفْتُ الْمَوَالِيَ مِنْ وَرَائِي وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا فَهَبْ لِي مِنْ لَدُنْكَ وَلِيًّا﴾ ، واتە: وە بەڕاستی من لەوە دەترسم کە خزمە نزیکەکانم لەدوای مردنی من یاخی ببن و ڕوو بکەنە خراپەو، وە کاروباری ئەم ئایینە بەباشی ئەنجام نەدەن، وە پاش مردنم واز لەبانگەوازی کردن بۆ ئاین و خودا پەرستی بهێنن، سەرباری هەموو ئەمانەش بۆ خۆم پیر بووم و پەکم کەوتووە، وە خێزانەکەشم نەزۆکەو منداڵی نابێ، خودایە! کەس نییە لەدوای خۆم ببێ بەجێنشینم، خودایە! لەلایەن خۆتەوە بەبەزەیی و ڕەحمەتی خۆت لەپشتی خۆم منداڵێکم پێ ببەخشە.

﴿يَرِثُنِي وَيَرِثُ مِنْ آلِ يَعْقُوبَ وَاجْعَلْهُ رَبِّ رَضِيًّا﴾، واتە: هەتا ئەو منداڵە ببێ بەمیراتگری پێغەمبەرایەتی لەمن و وە لەنەوەی یەعقوب، پەروەردگار! داوات لێ دەکەم منداڵێکی وام پێ ببەخشی، کە ڕاستگۆ و خواناس و ساڵیح بێ، وە تۆ لە کردەوەکانی ڕازی بیت.

لەپاداشتی ئەوەی کە بەتەنها ڕووی کردە خوا وە بەتەنهاش داوای لە خوداکرد، خوای گەورەش دەست بەجێ وەڵامی پاڕانەوەکەی دایەوە بەوەی ﴿يَا زَكَرِيَّا إِنَّا نُبَشِّرُكَ بِغُلَامٍ اسْمُهُ يَحْيَى لَمْ نَجْعَلْ لَهُ مِنْ قَبْلُ سَمِيًّا﴾، واتە: خودا نیگای بۆ ناردو پێی فەرموو: ئەی زەکەریبا! ئێمە مژدەت

ئەدەینێ بە کوڕێك، کە ناوی "یەحیا"یە، کە پێشتر ئەو ناوەمان لەهیچ کەسێك نەناوە.

پێغەمبەر "زەکەریا"ش بەم مژدە سەری سوڕما، کە خۆی دەبینی لەسەر ئەم حاڵەیە ووە کە کەسێکی بەساڵاچووە، وەخێزانەکەشی ئافرەتێکی نەزۆکە ووە منداڵی ئیتر نابێت، ئەمجا پێغەمبەر زەکەریا فەرمووی: ﴿رَبِّ أَنَّى يَكُونُ لِي غُلَامٌ وَكَانَتِ امْرَأَتِي عَاقِرًا وَقَدْ بَلَغْتُ مِنَ الْكِبَرِ عِتِيًّا﴾ ، واتە: زەکەریا لەخۆشیدا فەرمووی: ئەی پەروەردگارم! چۆن من منداڵم دەبێت،خێزانەکەم لەتەمەنی گەنجیشیدا هەر نەزۆك بووە، وە ئێستاش کە بۆتە پیرەژن چۆن منداڵی دەبێ؟ وە خۆیشم ئەوەندە بەتەمەنم پەکم کەوتووە و ووشك بوومەتەوە.

بەڵام خوای گەورە پێی فەرموو: ﴿قَالَ كَذَلِكَ قَالَ رَبُّكَ هُوَ عَلَيَّ هَيِّنٌ وَقَدْ خَلَقْتُكَ مِنْ قَبْلُ وَلَمْ تَكُ شَيْئًا﴾ (مريم: ٢-٩) ، واتە: ئەو ملائیکەتەی کە نیگاکەی بۆ دەهێنا پێ فەرموو: هەر بەو شێوای کە موژدەت پێ دراوە خوا بۆت دێنێتە جێ، پەروەردگارت دەفەرموێت: ئەنجامدانی ئەم کارە زۆر ئاسانە بەلای پەروەردگارەوە، وە بێگومان من (پەروەردگار) پێشتر تۆم لە نەبوونەوە هێناوەتە بوون، وە من تۆم دروست کردووە بەبێ ئەوەی هیچ بوونێکت هەبووبێت.

٢٠- باوەڕبوون لە وێلاشی[1] مەڕو مالآتدا: الاعتقادُ في المَشيمَةِ

هەندێ لەجووتیارەکان ئەگەریەکێك لەئاژەڵەکانیان بەچکەیەکی بوو، دەچێت پارچەیەك لەوێلاشی ئەو ئاژەڵە دەبڕێت و، وە لەگەڵ چەند کلۆیەك خوێدا هەردوکیان بەیەکەوە دەبەستێت، پاشان دەیانخاتە ناو تورەکەیەك، یاخود پریاسکەیەکی قوماشەوە، وە هەڵی دەواسێت بەملی ئاژەڵەکەیدا، بەباوەڕی ئەوەی کە ئەم شتە شیری ئاژەڵەکەی زۆر دەکات ﴿ساءَ ما يعملونَ﴾ (المائدة: ٦٦)، واتە: بەڕاستی ئەمە خراپترین کارە کەئێوە ئەنجامی دەدەن.

٢١- باوەڕبوون لە ئێسقاندا: الاعتقادُ في العظام

هەندێ لەجووتیاران – خوا هیدایەتیان بدات- کاتێ کە سەوزەی باخەکەی یاخود تەماتەکەی یاخود باینجانەکەی، بەرهەمەکەی لاواز دەبێت، یاخود تامەکەی تاڵ دەبێت، دەڕوات ئێسقانی کەر یاخود سەگ... -خوا ڕێزدارتان بکا- دەهێنێ و ئاگریان پێوە دەنێت ووە دەیان سووتێنێ، پاشان خۆڵەمێشی ئەو ئێسقانانەی کە سووتاوە دروکەڵی لێ هەڵدەستێ و دەیبات بەناو هەموو باخەکەیدا دەیگێڕێت، هەتاوەکو ئەو دووکەڵە بچێت بەسەر بەروبوومی باخەکەیدا، بەباوەڕی ئەوەی ئا ئەم کارە بەرهەم و بەروبوومی باخەکەی بەهێز و چاك دەکات، لەدوای ئەوەی کە لاوازبوو بوو بەرهەمەکەی، وە تامەکەیشی دەگۆڕێت بۆ خۆش

---

[1] وێلاش: بریتییە لەو توورەکەیەی کە کاتێ بەچکەی ئاژەڵە کە لەدایك دەبێت لەناو ئەو توورەکەدایە و دێتە دەرەوە، پاشان کە بەچکەکەیان دەرهێنا تیایدا، توورەکەکە فڕێ دەدەن.

و بەتام وبەچێژ لەدوای ئەوەی كەوا تامەكەی تاڵ وبێ تام بوو بوو[1]

﴿سـاءَ مـا يحكـون﴾ (الانعام: ١٣٦)، واتـە:بەڕاسـتی ئەمـە خـراپترین حوكمدانە كە ئێوە بەو شێوە ئەنجامی دەدەن[2].

٢٢- بـاوەڕبـوون لـە مۆم دا: الاعـتـقـادُ في الشُّموع

هەندێ لەخەڵكی ئەگەر منداڵێكیان بوو، یاخود ئەگەر ویستیان ناوێكی بۆ هەڵبژێرن، دەچن كۆمەڵێك مۆم دەهێنن، وە بۆ هەر مۆمێك ناوێكی لێ دەنێن، پاشان هەموویان دادەگیرسێنن، وە كام مۆم لەو مۆمانە زوو كوژایەوە لەو ناوە ڕەش بین دەبن كە ناویان ناوە لەومۆمە، لەبەرئەوەی زوو مۆمەكە كوژایەوە كەوابوو تەمەنی مۆمەكە كورت بوو، وە ئەگەر ناوی ئەم مۆمە زوو كوژاوەیە بنێن لەمنداڵەكەیان، ئەوا تەمەنی منداڵەكەشیان وەكو تەمەنی ئەو مۆمە كورت دەبێت بەبۆچوونی ئەوان.

وە لەدوایدا بۆچوون و بڕیاریان دەچێتە سەر ناوی ئەو مۆمەی كە لەدوای هەموو مۆمەكانەوە دەكوژێتەوە، وە ئەو مۆمەی كە درەنگ

---

[1] خوای گەورە بڵێی لەم جۆرە سەوزەو میوە لەمیسرەوە نەهاتبێ بۆ كوردستان.

[2] باوەڕبوونی پووچ لەئێسقاندا:-

لەهەندێك شوێنی كوردستاندا، خەڵكی چوون بۆ ڕاوی پەپوسلێمانكە، كە ڕاویان كردووە، ئەمجا سەریان بڕیوە و وە خستویانەتە ناو ئاوێكی گەرمەوە، تا گۆشتەكەی لە ئێسقانەكەی جیا بۆتەوە، دوای ئەوە وەستاون بەلای ئەو مەنجەڵەی كە گۆشتی پەپومكەی تیادایە، تا یەك ئێسقان لە ئێسقانەكانی سەر ئاو بكەوێت، كە یەك ئێسقانی سەر ئاوەكە كەوتووە، ئەو ئێسقانەیان لەئاوەكە دەرهێناوە و لەپەڕۆیەكیان پێچاوەو هەڵیان گرتووە، بەباوەڕی ئەوەی كە ئەم ئێسقانە پیرۆزە و وە ڕزق و ڕۆزیان زیاد دەكات، یان نیازو مەبەستی ژن و مێردایەتی حاصل دەبێت و دێتەجێ بەهۆی ئەم ئێسقانەوە.

کوژایەوە کەوابوو تەمەنی مۆمەکە درێژ بوو، وە تەمەنی منداڵەکەشیان درێژ دەبێ، ئەگەر بەناوی ئەو مۆمە تەمەن درێژەوە ناویان لێ نا ،
باشە ئایا مۆم علیمی غەیب دەزانێ ؟! .
وە ئایا شتی بێ ڕۆح و بێ گیان تەمەنی وەچەکانی باوکە ئادەم دەزانێ؟ .

٢٢- باوەڕبوون لەوەدا کە شەیتان هەندێ بەرووبووم و ڕووەك دەڕوێنێ:

لەنێو جووتیارەکاندا کەسانێکی وا هەیە بەهەندێ لە بەرووبووم و ڕووەك کە ڕووا بێت، وە بەبێ ئەوەی جووتیارەکەش دەستی هەبێت لەڕواندنیدا بەو ڕووەکە دەڵێ: (شیطانیٌ)، واتە: ئەم ڕووەکە شەیتان کردە، وە ئەمەش هەڵە و پەڵەیە، لەبەرئەوەی شەیتان هیچ بەروبووم و ڕووەکێك ناڕوێنێ، وە دەبێ بەو ڕووەکە بڵێی: (ربّانيٌ) واتە: خوا کردە.
خوای گەورە و میهرەبانیش دەفەرمووێ: ﴿أَفَرَأَيْتُمْ مَا تَحْرُثُونَ﴾، واتە: ئایا نابینن: ئەو شتانەی کە ئێوە دەیچێنن.
﴿أَأَنْتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ﴾، واتە: ئەرێ ئێوە ئەو تۆو بەروبووم و ڕووەکانە دەڕوێنن، یان ئێمە دەیان ڕوێنین.
﴿لَوْ نَشَاءُ لَجَعَلْنَاهُ حُطَامًا فَظَلْتُمْ تَفَكَّهُونَ﴾، واتە: خۆ ئەگەر بمانەوێت ئەوەی کە ئێوە دەیچێنن و دەیڕوێنن ووشکمان دەکردو دەمان کردەوە بەپووش و پەڵاش، وە هیچ سوودێکتان لێ نەدەبینی.
﴿إِنَّا لَمُغْرَمُونَ﴾،واتە: ئەو کاتە ئێوە سەرسام دەبوون و دەکەوتنە قسەو باس لەناو خۆتاندا، کە بۆچی وای لێهات و وەبۆچی وای بەسەر هات،

وە دەتـان ووت: بەڕاستی ڕەنجەڕۆ و مایە پـوچ بـووین﴿بَـــلْ نَحْـــنُ مَحْرُومُونَ﴾ (الواقعة:٦٣- ٦٧)
واتــە: بــەڵکو دەتــان ووت: بەڕاســتی ئێمــە بەتیاچــوونی بــەرووبووم کشتوکاڵەکەمان خۆشمان تیادەچین و دەفەوتێین.

٢٤- بـاوەڕبـوون لـەخـوێـن دا: الاعتقـادُ في الدَمِاءِ

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە ئەگەر ئاژەڵێکی سەربڕی دەستی نوقم دەکا لەخوێنی ئەو ئاژەڵەدا، وە بەدەستە خوێناوییەکانی دیواری خانووەکەی پێ خوێناوی دەکات[1]، بەباوەڕی ئەوەی ئـا ئەم کارە بەرەکەت بۆ ماڵەکەی دەهێنێ!!.
وە بێ گومان هەموو شتێکیش ئـا لەم شێوازانە یەکێکە لە دواکەوتووی و سەرپووچـی سـەردەمی جاهلیـەتی یەکـەمی پـێش هـاتنی ئـایینی پیرۆزی ئیسلام، وە ئـەم کـارە پووچـە ئەو بیدعەیـەم بیردەخاتـەوە کـە میصری یەکۆنەکان دایان هێنابوو، ئەویش ئەوەبوو عادات و نەریتیان وابـوو هـەموو سـاڵێك کـچۆڵەیەکیان فڕێ دەدایـە نـاو ئـاوی ڕووبـاری نیلەوە، ئەویش لەبەر وەفاو دڵسۆزی خەڵکی میصربوو بۆ ڕووباری نیل کە چەندە لەو ئاوەی پێشکەش بەخەڵکی میصر دەکات، کە بەهۆی ئەو ئاوەیـەوە ژیانیان و گوزەرانیـان بەڕێوە دەچوو، وە ئـەو ڕۆژەی کـە ئـەم کارەیـان تیـادا ئـەنجام دەدا ناویـان لێ نـابوو (عیـدُ وفـاء النیـل)، واتـە: جەژنی بەوەفاو بەئەمەك بوون بۆ ڕووباری نیل.
بـەڵام کـاتێ موسـوڵمانان لـە سـاڵی ٢٠ی هیجریـدا وڵاتـی میـصریان ئـازادکرد، ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام ئـەم بیدعەیـەی پووچـەڵ کـردەوە،

---

[1] بە شێوەی چەمۆلە دەست ئەو خوێنی ئاژەڵە دەدەن لە دیواری ماڵەکەیان.

پاشان خەڵکەکەی هاتن بۆ لای والیی میصر کە (عەمری کوڕی عاص) بوو، کاتێک کە پێیان نایە ئەو مانگەی کە ئەم کارەیان تیادا ئەنجام ئەدا، کە ناوی مانگی بۆنة بوو (شهرُ بؤنة)، وە بەعەمری کوڕی عاص یان ووت: ئەی پێشەوا!! بۆ ئەم ڕووباری نیلەی ئێمە ساڵێك هەیە ئاوەکەی کەم دەکاو لەبەری ناڕوات جگە بەو کارە نەبێ ئاوەکەی زیاد ناکاتەوە، عەمریش فەرمووی: ئەو کارە چییە؟!! .

وتیان: کاتێك دوانزە مانگی ساڵ تێ ئەپەڕێت و ئەگەینەوە بەم مانگی (بۆنة)ی کە ئێستا وەهاین تیایدا، ئەچین کچۆڵەیەکی نۆبەرە لەدایك و باوکی وەرئەگرین، و وە دایك و باوکی ڕازی ئەکەین، وە ئەو کچە ئەرازێنینەوە بەجوانترین و چاکترین خشڵ و پۆشاکێك کە هەیبێت و ئەست بکەوێت لامان، پاشان فڕێی ئەدەینە ناو ئا ئەم ڕووباری نیلەوە.

عەمریش فەرمووی: ئا ئەمە کارێکە کە نابێ بکرێت لەئیسلامدا!، چونکە ئیسلام ڕوخێنەری ئەوکارە خراپانەیە کە لەپێش هاتینیدا هەبوون.

پاشان تا ماوەی سێ مانگ وەستان مانگی (بۆنە و ئەبیب و مەسرا) ڕووباری نیل نە کەم ئاوی لەبەر ئەڕۆیی، وە نەزۆر، هەتاوەکو خەڵکی کەوتنە ئەو دڵییەوە کەوا چۆڵی بکەن ووە ماڵ و حاڵیان بەجێبهێڵن، ئەمجا عەمر ناچار بوو نووسراوێك بۆ خەلیفە "عومەری کوڕی خەتاب" بنووسێ لەم بارەیەوە.

وە ئیمامی عومەریش نووسراوێکی نووسییەوە بۆ عەمر ووە بۆی نارد، کە تیادا نووسی بووی: بەڕاستی تۆ توش بووی بەشتێکەوە کەوا پیاوەو کردووە و ئەتهێشتووە ئەو کارە بکەن، وە من پارچە

نووسـراوێکم بـۆ نـاردووی کـه لـەناو ئـەم نووسـراوەمدایە،وە ئـەو پارچـە نووسراوە کە دەرتهێنا فڕێی بدەرە ناو ڕووباری نیلەوە.

کاتێك کە نووسراوەکەی ئیمامی (عومەر) گەیشتە میسر، عەمر پارچە نووسراوەکەی تیادا دەرهێناو، وە ئەمەی تیادا نووسرابوو: (لـەبەندەی خوداوە عـومـەرا پێشەوای بـاوەڕداران بـۆ ڕووبـاری نیلـی خـەڵکی میسر، پاشان لەدووایدا: ئەگەر تۆ ئـەو ئـاوەت کـاتێ زۆر دەبـێ و فـوارە دەکـاو لەبەرت دەڕوات، بەویستی خۆت و بەفەرمانی خۆت ئاوەکەت زیـاد دەکـات، بـا ئەو ئاوەت ئیتر لـە بـەر نـەڕوات و ووشـك بکـات، وە ئێمـەش ئـیتر هـیچ پێویستیەکمان بەئاوی تۆ نیە، خۆ ئەگەر ئاوەکەی تۆ بەفەرمانی خوای تاك و تەنهاوبەتوانا لەبەرت دەڕوات، ووە ئاوەکەی تۆ زۆر دەکات، ئـەوا داواکـارین لەخوای بەرزو بڵند کەوا ئەو ئاوەت زۆر بکات و فوارەی پێ بکاو وە لەبەرتی بڕوێنێ).

ئەمجا عەمریش ئەم پارچە نووسراوەی فڕێ دایە نـاو ڕووبـاری نیلـەوە، وە کـاتێ بـەیانی ڕۆژی شـەممە[1] بویـەوە خـوای گـەورە لەیـەك شـەودا شـانزە گـەز[2] ئـاوی ڕووبـاری نیلـی زۆر کردبـوو، ئەوەنـدە مـاوە بڵێین: ﴿قُلْ جاءَ الحق وزهق الباطل، إنَّ الباطل كان زهوقاً﴾ (الاسراء: ٨١).

واتـە: ئـەی ئـەو کەسـەی کـە بـاوەڕت بە ڕاستییەکان هێنـاوە، بڵـێ بـەو کەسانەی کە شوێن پڕووپوچی کەوتوون: ئـەوا حـەق و ڕاسـتی هـات و

---

[1] وەك دیارە لـە ڕۆژی هـەینی دا ئـەم پارچە نووسـراوەیان فڕێداوەتـە نـاو ڕووبـاری نیلەوە.

[2] گەز: بریتییە لەیەك مەتر، واتـە: لەیـەك شـەودا خـوای گـەورە شـانزە مـەتر ئـاوی بەبەرزایی‌و پانتایی ڕووباری نیل زیادکرد بوو.

چەسپاو، وە ناڕاستی و باطیلیش پوکایەوە و شکستی هێناو نەما، چونکە بەڕاستی باطیل و ناڕاستی ناکام و سەرئەنجامی هەر پووکانەوە و قەلاچۆ بوون و تیاچوونە[1] [2].

---

[1] ئەم ڕووداوە لە پەرتووکی (البداية و النهاية)ی ئیبنو کەثیردا هاتووە (١٠٢/٧).

[2] پوچەڵە بیروباوەڕ لای ئێمە لە خوێن دا:

لای هەندێك خەڵك بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە دەوڵەمەندن، کە خانوویەکیان کردەوە، ئەو کاتەی کە خانووەکەیان تەواو بوو پێش ئەوەی بەماڵەوە بچنە ناوی ، دێن مەڕێك یان دوو مەڕ دەهێنن، و دەیبەنەسەرەوە بۆ سەربانی خانووەکەیان و ئەمجا بەسەر دیواری خانووەکەیاندا سەری دەبڕن، بۆئەوەی خوێنەکەی بەدیواری خانووەکەدا بێتە خوارەوە، یاخود دەستیان لەخوێنەکەی هەڵدەکێشن و وە بەشێوەی چەمۆڵەی دەست دەیدەن لە دیواری دەرەوەی خانووەکەیان، بە گومانی ئەوەی ئەگەر حەسوودییان پێ بەرا، بەڵکو ئەم خوێنە ئەو حەسوودییەیان بۆ بگێڕێتەوە، وەیان ئەم خوێنە خێرو خۆشیان بۆ بهێنێ.

بەڵام بۆ زۆربوونی ئاو لای هەندێك لەخەڵکی ئێمە، ئەوەیە:

لەهەندێك لەلادێکان نەریتیان وابووە ئەگەر ئاوی لادێکەیان کەمی کردبێت،ووە وەختی ئەوەش بووبێت کە ئاوو کانیاو زۆر ببێت و بتەقێ بەتایبەتی لەبەهاراندا، هاتوون پیاوانی ئەو لادێیە لە مزگەوتی لادێکە کۆبوونەتەوە لەو شوێنەی کە دەست نوێژی لێ دەگرن، کە شوێنی دەست نوێژکرتن لە مزگەوتی لادێکاندا بەزۆری وەکو حەوزی مەلەکردن دروست دەکرا، وە هەر کەسێك کە دەچێت دەستی تێدەخات و وە دەست نوێژی لێ هەڵ دەگرێت، ئەمجا هاتوون ئەو خەڵکە شێخێکی ئەو لادێیەی خۆیان هێناوە، و بەهەموویان ئاویان داوەتێ و وەچوارپەلیان گرتووە، و بەسەردا و وەبەجل و پێڵاوییەوە هەڵیان داوە بۆناو ئەو حەوزەی دەست نوێژگرتنەکە، بەباوەڕی ئەوەی کە خودا بەهۆی" کاکە شێخەوە" ئاویان بۆ زۆر بکات و ئەو حەوزەیان بۆ پڕبکات لەئاو، ئیتر حەوزەکەش کەمێك ئاوی تیابووە کاکە شێخ لە ئاو هەڵکشاوە و وە جاری وا هەبووە لەدووسێ شوێنیشەوە سەریشی شکاوە.

٢٥- باوەڕبوون لەخۆردا: الاعتقادُ في الشمس

هەندێ لە خەڵکی باوەڕیان وایە کە (خۆر) هەندێ لە ئەندامەکانی لاشەی مرۆڤ دروست دەکات، هەر کاتێ ددانێك یاخود خرنیەکی کوڕە بچکۆلانەکەی کەوت، پێی دەڵێت: ددانەکەت بەو فڕێی بدەرە بەرتیشکی خۆرو بڵێ: (یاشمسُ یاشموسةُ) واتە: ئەی خۆر! ئەی خۆرەتاو!، ددانی کەریەتی ببەو ددانی بووکەڵەم بۆ بهێنە.

ئا بەم شێوەیە کاتێ کە ئەو منداڵە پێدەگاو گەورە دەبێ، دەبێت بەبیروباوەڕ لەلای کەخۆر ددان دەبەخشێ بەمرۆڤ !![1].

---

[1] لای خەڵکی ئێمە باوەڕیان بەخۆر نییە بۆ ددان ڕواندن، بەڵام کۆمەڵێك بیروباوەڕی پڕوپووچی تریان هەیە بۆ ددان ڕووان، وەکو:

- هەندێك لەخەڵکی باوەڕیان وایە، ئەگەر منداڵەکەیان وەخت و کاتی ددان دەرهاتنی نزیك بۆیەوە، پێیان دەڵێن: گۆشتی چۆلەکەی بدەنێ، بازوو ددانی دەربێت، ئەوانیش دەچن چۆلەکەیەکی بۆ دەکوژن، و وە بۆی سووردەکەنەوە و ئەمجا گۆشتەکەی دەدەنێ، بۆئەوەی زوو ددانی دەربێت (ئاخر خەڵکینە چۆلەکەی دڵماو چی پێ دەکرێت، خۆی ددانی لەدەمدا نییە ئیتر چۆن دەتوانێت گۆشتەکەی ددانی منداڵ بڕوێنێت).
- یاخود کە منداڵەکەیان ددانێکی لەدەمیا سەری دەرهێنا، دایکی دەچێت دانەڕۆکەی بۆ دەکات، کە بریتییە: لە گەنم و نۆك بەیەکەوە دەیکوڵێنن هەتا وەکو ئیسکێنەی لێ دێت، ئەمجا دایکی بەسەر ماڵە دراوسێکانیاندا قاپ قاپ دەیبەخشێتەوە، باشە بۆ ئەم دانەڕۆکەیە دەکەیت؟ دەڵێن: بۆئەوەی تاسەری منداڵەکەی نەرم ببێت و زوو ددانەکانی بێتەدەرەوە، وە دەبێت کە دراوسێکان قاپەکەیان نارەوە نابێت بەخاڵی بینێرنەوە، دەبێت هەریەکە پارەیەك یان شتێکی تێبکاتەوە ئەگین خراپە!!.

٢٦- باوەڕبوون لەوەدا کە ئەگەر پەرداخ بشکێ شەڕی لەگەڵ خۆیدا بردووە:

ئەم نەریتەی هەندێ لە خەڵکی ئەگەر قاپێك، یاخود پەرداخێکیان بەدەستیانەوە شکا دەڵێن: (لخذ الشَّرَو راح)، واتە: شەڕی لەگەڵ خۆیدا بردوو رۆیی.

کەچی قاپ و قاچاخ هیچ پەیوەندییەکی نەبەخێرەوە هەیە وە نە بەشەڕیشەوە هەیە، بەڵکو خێرو شەڕ بەتەنها ئەندازەگیری کراوە لەلایەن خوای گەورەوە،وە خوا دەفەمووێ﴿وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ﴾ (الانعام: ١٧) ، واتە: ئەگەر پەروەردگار ویستی تووشی ناخۆشی و شەڕو نارەحەتی و زەرەرو زیانێکت بکا، ئەوا هیچ هێزو تواناو دەسەڵاتێك

پاشان گەشبینی و رەشبینی لەددانددا لای خەڵکی ئێمە:

- هەر کەسێك ددانی شاش بێت، بەو کەسە دەڵێن: ددانی شاشە بەختی باشە، بەلام ئەگەر ددانی شاش نەبێت، پێی دەڵێن: ددانی ریزە بەختی". ...... ".

- دەڵێن منداڵ دەبێ یەکەمجار ددانی بەری خوارەوەی دەربێت، خۆ ئەگەر هاتوو ددانی بەری سەرەوەی یەکەم جار دەرهات، ئەوا بەو منداڵە دەڵێن: سەرەخۆرمیە! لەشوێنێکی بەرزەوە فڕێی بدەنە خوارەوە.

- یاخود لە لادێیەکی سەر بەشاری هەولێر، دارێکی لێیە لەو لادێیەدا، خەڵکی دەستە دەستە بەتایبەتی لەهەولێرو چواردەوری دەچن بۆ لای ئەوداره، وە هەر کەسە کە گەیشتە لای ئەو دارە، بزمارێکی پیادا دەکوتێت، بەباوەڕی ئەوەی ئەگەر ئێستا ددانی ئازار بکات بەڵکو ئەو ئازارەی نەمێنێت، یاخود بەباوەڕی ئەوەی کە لە ژیانیدا تووشی ددان ئێشە نەبێت، ئیتر ئەو دارە داماوە هەر کەس پێی دەگات بزمارێکی پیادا دەکوێت،کە وەکو ژیژکی لێ هاتووە ئەوەندە بزماری پیاداکوتراوە، وە شوێنێکی نەماوە ئیللا بزمارێکی پیاکوتراوە.

نییه كه بتوانێ ئەو گیروگرفت و ناخۆشی و ناڕەحەتییەت لەسەر لابەرێت و وە لێتی دوور بخاتەوە، خۆ ئەگەریش پەروەردگار ویستی خێرو خۆشییەكت پێ ببەخشێت و بیهێنێتە ڕێت، ئەوا هیچ كەس و هێز وتوانا و دەسەلاَتێك ناتوانێ ڕێگای ئەو خێرو خۆشییەت لێ بگرێت، بەڕاستی تەنها (اللَّه) بەسەر هەموو شتێكدا بەتواناو بەدەسەلاَتە[1].

٢٧- باوەڕبوون لەزاخ و ماسی سوێر خوێ كراودا: الاعتقادُ في الشَّبة والفَسُوحة.

هەندێ خەڵكی هەموو بەیانییەك ماڵەكەی، یاخود دوكانەكەی بۆندارو بوخردار دەكا بەزاخ و ماسی سوێر خوێ كراو، وا گومان دەبا ئەم دوو شتە حەسودی لادەبەن.

وە هەندێكیان ئەو كەسەی كە حەسوودی پێ برابێت بەم دوو شتە بۆنداری دەكەن، پاشان زاخ و ماسییە سوێر خوێ كراوەكە دەخەنە ناو ئاگرێكەوە و دەیان سووتێنن بەیەكەوە، وە پاشان سەیری ناو ئاگرەكە

---

[1] بیروباوەڕی هەڵە لەشت شكاندندا:-

- لای خەڵكانی ئێمە ئەگەر شتێك بە دەستیانەوە كەوتە خوارەوە و شكا، یان ئەو شتە لەشوێنێكەوە كەوتە خوارەوە و شكا، یەكسەر دەڵێن: قەیناكا، لەزاو بەلاَی بردبێت.

- یاخود هەندێك لە خەڵكی خۆیان شتێكی ماڵەكەیان دەكێشن بەزەویداو دەیشكێنن، ودەڵێن: باشەو ئاژاوەی ماڵەكەمان لەگەڵ خۆیدا ببات!!.

- یان هەندێك باوەڕیان وایە ئەگەر شتێكیان شكا ئەوا ئەوشت شكانە ناگرسێتەوە، هەتا سێ شتیان بەدوای یەكدا نەشكێت تەواو نابێت ئەم شت شكاندنە.

دەکەن، بەبانگەشەو فریوی ئەوان کە ئەم دوو شتە کە توانانەوەو سووتان لەناو ئاگرەکەدا دەچنە سەر شکڵ و شێوە و وێنەی ئەو کەسەی کە حەسوودییەکەی پێ بردوون. وە هەموو ئەمانە پڕوپووچی و ئەفسانەیە[1].

---

[1] لای خەڵکی میسر ئەم شێوازەیان گرتۆتەبەر بۆ لابردنی حەسوودی لە بەرووبوومی کێڵگەکانیاندا،بەڵام لای خەڵکی ئێمە وەکو ئەو شێوازەی میسرییەکان وایە بەڵام بەکاری دەهێنن بۆ دەرکردنی ترس، ئەویش بەم شێوەیە:

- ئەگەر منداڵێك تووشی ترس ببێ، پشکۆیەکی ئاگر دەهێنن لەگەڵ جامێك ئاوی سارد، ئەمجا لەسەر سەری منداڵەکە جامە ئاوەکە ڕادەگرن و وەبەمقاش پشکۆکە دەگرن و دەیخەنە ناو جامە ئاوە ساردەکەوە، هەتا پشکۆکە بەتەواوەتی دەکوژێتەوە لەناو جامە ئاوەکەدا، پاشان دەڵێن: ترساوە ئەم منداڵە!! وە مەبەستیان لەکردنی ئەم کارەدا ئەوەیە کە ئەو منداڵە ترسەکەی نەمێنێ و، وە نەخۆشییەکەی چاك ببێت بەئەنجامدانی ئەم کارە پڕوپووچەو بێ عەقڵانەیە.

- یاخود ئەگەر منداڵێك نەخۆش بکەوێت و وە ڕەنگی زەرد ببێت، پێی دەڵێن: ئەوە ترساوە!! بەری بۆ بگرن بەپیاز، کە بریتییە: لەوەی کە دێن سەلکێك پیاز دەهێنن، وە بەبەری دەست بەپیازەکەدا دەکێشن و دەیکەن بەدوولەتەوە، وە دەبێت بەقەدچۆ دوولەتی ئەکەی بەڵکو دەبێت بەدەست پیازەکە بپیشێنن، پاشان پیازەکە بەلەت کراوی هەڵ دەسوون لەدەست و قاچی منداڵەکە بەشێوەی ڕاست و چەپ، واتە: پیازەکە هەڵدەسوون لەبەری پێی ڕاستی منداڵەکەو وەبەری دەستی چەپی، ئەمجا لەبەری پێی چەپی بۆ بەری دەستی ڕاستی. وەپاش ئەوە هەڵی دەسوون لە ناوچاوان و سەری لووت و هەندێك جاریش لە کۆمی منداڵەیشی هەڵدەسوون، لەدواییدا ئەو دوو لەتە پیازە یان دەیخەنە پشتی وسەرێنی منداڵەکەوە،وە یان فڕێی دەدەنە بەر پێی منداڵەکە ووە دەڵێن: باپیسی بەپیسییەوە بڕوات!! وە دەبێت ئەو منداڵە تا چەند سەعاتێکیش ماچ نەکرێ، چونکە بەری گیراوەبەپیاز(واتە سواخ دراوە بەپیاز) وە ئەگەر ماچی بکەن ترسەکەی دەرناچێت.

٢٨- باوەڕبوون لەئەستێرەکاندا: الاعتقادُ في النّجوم

هەندێ لە خەڵکی ڕۆژانە پەڕەی ڕۆژنامەکان هەڵدەداتەوە و سەیری ڕۆژنامەکان دەکات، هەتاوەکو بەختی خۆی بخوێنێتەوە لەو ڕۆژەدا لەگۆشەی (تۆو ئەستێرەکاندا)، دێت حسابی ڕۆژی لەدایك بوونەکەی و بورجەکەی دەکا، پاشان سەیر دەکات تا بزانێ ئەستێرەناسەکە لەژێر ئەو بەروار و بورجەدا چی بۆ نوسییوە لە بەختەکەی ئەمڕۆیدا.

کە هەموو ئەمانەش شەریك بۆ خوا دانانەوەو دروست نییە، چونکە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرمووێ: (مَن أتَى عَرّافاً أو كاهِناً، فَصَدَّقَهُ بِما يقولُ، فقد كَفَرَ بِما أُنزِلَ على محمد)[1].

واتە: هەر کەسێك بچێت بۆ لای جادووگەرێك یاخود فاڵچییەك، وە بڕوا بکات و بەڕاستی دابنێ ئەو قسانەی کە ئەو جادووگەرە دەیانڵێت: ئەوا ئەو کەسە کافرو بێ باوەڕ بووە بەو قورئانەی کە بۆ محمد هاتۆتە خوارەوە.

- یاخود بەشێوەیەکی تر ترسی منداڵ دەردەکەن، کە ئەوەیە: دایك و باوکی منداڵە ترساوەکە دێن پارچەیەك قوڕقوشم دەتوێننەوە و، ئەمجا جامێك ئاو دەهێنن و لەسەر سەری منداڵەکەیان ڕایدەگرن، پاشان قوڕقوشمە تواوەکە دەکەنە ناو جامە ئاوەکەوە، وە دوایی ئەو قوڕقوڕشمە تواوە کە لەناو ئاوەکەدا چووە سەر شێوەی چ شتێك دەڵێن: ئەوەتا لەوە ترساوە!! ئەگەر لەدوو پشکە بچێت شێوەی قوڕقوشمەکە دەڵێن: لە دووپشك ترساوە،وە ئەگەر لە تەیارە بچێت دەڵێن: لەتەیارە ترساوە، وە ئەگەر لەمرۆڤ بچێت دەڵێن: لە خەڵکی ترساوە و.... هەتا دوایی، وە دەبێت لەکاتی ئەوەدا کە قوڕقوشمەکە دەکەنە ناو ئاوەکەوە بڵێن: سەگەکە بەشەو هاتی بەڕۆژ بڕۆ، بەڕۆژ هاتی بەشەو بڕۆ، بەڵکو منداڵەکەیان ترسەکەی دەرچێت.... دەك خوارەحم بەبێ عەقڵیتان بکات.

[1] حديثٌ صحيح: رواه احمد والحاكم وصححه الالباني لە (صحيح الجامع) دا بەژمارە (٥٩٣٩).

وە خـــوای گـــەورەش دەفـــەرموێ: ﴿قُل لَّا يَعْلَمُ مَن فِي ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ٱلْغَيْبَ إِلَّا ٱللَّهُ﴾ (النمل: ٦٥).

واتە: ئەی پێغەمبەر! بەهەموو خەڵکی ڕابگەیەنە و پێیان بڵێ: کە هیچ کەسێك لە ئاسمانەکان و زەویـیدا غەیب و نهێنییـەکان نازانێ جگە لە (الله) نەبێ.

٢٩- ڕەشبینی کـردن لـە پێکەنینی زۆردا: التشاؤمُ في كثرةِ الضحك

بەڕاستی هەندێ لەخەڵکی باوەڕییان وایە کە پێکەنینی زۆر هەر دەبێ غەمناکی و پەژارەو خەفەتی بەدوادا بێت، خۆ ئەگەر هاتوو زۆر پێکەنی یەکسەر دەڵێ: (اللّهم اجعله خيراً) واتە: خوایە بەخێری بگێڕی.

وە ئـەم بۆچـوونەش بیروبـاوەڕێکی بـاطیـل و پـووچ و ناڕاســتە. بەڵێ، هەرچەندە پێغەمبەر (ﷺ) قەدەغەو نەهی کردووە لە پێکەنینی زۆر، ئەویش لەو فەرموودەدا کە (ابن ماجه) گێڕاویەتیەوە و، وە شێخ ئـەلبانیش لـە صـەحیحەکەیدا فەرموودەکـەی بـە صـەحیح دانـاوە لـە (ابوهريره)وە کە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لاتُكْثِر الضحكَ، فإنَّ كَثرةَ الضحِكِ تُميتُ القلبَ)[1]، واتە: زۆر پێ مەکەنە، چونکە پێکەنینی زۆر دڵ دەمرێنێ.

بەڵام ئەوە بزانە پێکەنینی زۆر هیچ پەیوەندییەکی بەخێرو شەڕو غەم و پەژارەوە نییە بەهیچ شێوەیەك[2].

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه ابن ماجه و صححه الالباني لە (السلسلة الصحيحة)دا بەژمارە (٥٠٥)، وە لە (صحيح الجامع) دا بەژمارە (٤٧٣٥).

[2] ڕەش بینی کردن لەپێکەنیندا:

٢٠-ڕەش بینی کردن لەدەنگی "کونە پەپوودا" یاخود "قەلەڕەشدا" یاخود "سوورەداڵدا"[1]:

هەندێ لەخەڵکی ئەگەر گوێی لەدەنگی کونە پەپوو بوو، دەڵێ: خێر بێت!! ئەبێ ئەمڕۆ کێ بمرێ؟ ئەبێ ئەمڕۆ چی ڕووبدات؟

ئەمجا هەر پێنج سونەنەکە فەرموودەیەکیان گێڕاوەتەوە، وە شێخ ئەلبانیش -خوا لێی خۆش بێت- بەصەحیحی داناوە لە (صحیح الجامع)دا بەژمارە (٣٩٦٠) لە (ابن مسعود)ەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (الطِيرةُ شِركٌ)، واتە: ڕەش بینی کردن لەباڵندەدا شەریک بۆ خوا دانانە[2].

- لای ئێمە کە لە ماڵێکدا کۆمەڵێك خەڵك بەیەکەوە دادەنیشن و دەست دەکەن بەقسەی خۆش، کە زۆر پێکەنین، یەکسەر یەکێکیان بەتایبەتی یەکێك لەنافرەتان دەڵێت: یاخوا خێر بێت، ئێمە پێکەنینمان پێوەنایەت، تووشی بەلایەك نەبین.

- یاخود ئەگەر منداڵێك زۆر پێ بکەنێت،ئەوا بەو منداڵە دەڵێن: خوا ڕەحمان پێ بکات، بەخوا ئەم پێکەنینەی تۆ شتێکی بەدەمەوەیە.

[1] الحَدأة : بریتییە لە داڵێکی سوور، کە خواردنی لەسەر مشك و کەروێشك و ئەم بابەتانەیە، کە نموونەی لەسەر تیژ ڕەوی لەسەر دەهێنرێتەوە.

[2] جۆرەکانی ڕەش بینی لای خەڵکانی ئێمە:

- قەلەڕەش بەسەر هەر ماڵێکدا بڕوات و بقیڕێنێ ئەوا ئەو ماڵە مردوویان لێ دەمرێت، یان بەسەر هەر شارو لادێیەکدا بڕوات ئەوا چۆڵی دەکەن.

- ئەگەر گوێدرێژ لەناوەختدا بزەڕێنێت ئەوا شەیتان دەبینێ و خراپە، یاخود دەڵێن: ئەوا ئەو گوێدرێژە گورگ بانگ دەکات.

- ئەگەر هەر حەیوانێك ئیتر مەڕ بێت یان مانگا، ئەگەر لەشەودا بباڕێنێت یان ببۆڕێنێت، ئەوا دەیانگوت: سەری ساحیبەکەی دەخوات و دەبێت سەری ببڕن.

٣١- ڕەش بینی لەکەسێکدا لەکاتی چوونە ژوورەوەیدا بۆ ماڵێک کاردا ببڕێ:
ئەوا بەو کەسە دەڵێن: ئەی چەند کەسێکی شومە!!، یاخود پێی ئەڵێن: وەیش خومرە ناهێڵی لەماڵدا (واتە: ووشکی دەخاتە ماڵ)، وە ئەم ڕەش بینییەش دروست نییە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) لەو فەرموودەدا کە ئیمامی (موسلیم) گێڕاویەتیەوە فەرموویەتی: (لاطِيَرَةَ) ، واتە: ڕەش بینی مەکەن.

- ئەگەر کەسێك بچوایە بۆ سەرکێڵگەکەی یان بۆ سەفەر یان بۆ هەر ئیشێکی تر، ئەگەر ڕێوییەکی تووش ببوایە ئەوا ئەوکەسە زۆر خۆشحاڵ دەبوو، بەلاَم ئەگەر کەروێشکێکی ببینیایە دەگەڕایەوە و دەیووت: کەروێشك شوم و نەگبەتییە!!.
- کەڵەشێر لەشەودا یان لەناوەختدا ئەگەر خوێندی دەڵێن: یاخوا خێر بێت!! دەبێت سەری بڕی و سەرەکەی هەڵبدەی بۆ پشت ماڵەکەت، ئەگینا ئەوا تووشی شەڕو نەگبەتییەك دەبێت، یان مردووەیکمان لێ دەمرێت، یان باوکمان دەمرێت.
- مەنجەڵی ڕەش بەشەودا نابێ بیبەیتەوە بۆ ماڵی خاوەنەکەی، چونکە خراپە! ئەو ماڵە مردوویان لێ دەمرێت.
- ئەگەر هەر کارێك بەهیوا بووی بیکەی، وە لەو کاتەدا باسی ئەو کارەت دەکردو پژمیت، ئەوا سەبر بکە ئەو کارەمەکە و دوای بخە ئەگینا خراپە بیکەی.
- ترخێنە نەکرێت لەماڵدا باشە، چونکە مردووت لێ دەمرێت.
- گوڵە نازناز لەماڵدا نەچێنی،چونکە خراپە بۆ ئاژاوەی ماڵ.
- سێ شەممان خراپە سەربتاشی، بیخە ڕۆژێکی تر.
- لەشەودا تەگبیر مەکەن، چونکە تەگبیری شەو بەتاڵەو سەر ناگرێت.
- ئەگەر یەکێك ڕابکشێ یاخود بخەوێت، دەڵێن: هەنگاوی بەسەردا مەمێنە، چونکە تەمەنی کورت دەبێت.
...دەی باشە خەڵکینە! ئەگەر بەقسەی ئێوە بکەین، مەگەر هەر زوو قەبرێك بۆ خۆمان هەڵ بکەنین و بەزیندوویی تێی بچین، ئا ئەمە لەوە باشترە ئەم هەموو بیروباوەڕە پووچەڵە لەژیانماندا پەیڕەوی پێ بکەین.

٣٢- خۆ پێ چانەوە و کۆڵ بەکۆڵدادان بۆ جگە لەو سێ مزگەوتە پیرۆزە؛

وەکو کەسێك کە کردوویەتی بەپیشەی کە دەبێ نوێژی هەینی ببات بۆ مزگەوتێك کە قەبری تێدایە، وەکو ئەو مزگەوتەی کە قەبرەکەی (بەدەوی) تێدایە، یان ئەو مزگەوتەی کە قەبری (دسوقی) تێدایە.

وە هەر کەسێك سەفەر یاخود خۆی شەتەك و بپێچێتەوە، یاخود خۆی بەتایبەت ئامادە بکات بۆ مزگەوتی "ئیبراهیم دسوقی" بەگومانی ئەوەی کە نوێژکردن لەو مزگەوتەدا باشترەو پیرۆزترە لە نوێژی مزگەوتێکی تر، ئەوا پێغەمبەر (ﷺ) نەهی و قەدەغەی کردووە لەو کارە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە هاتووە لە صەحیحی "بوخاری و موسلیم" دا لە (ابی سعید)ەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا تُشدُّ الرِّحالَ إلاّ الى ثلاثةِ مساجِدَ: المسجد الحرام، و مسجدِي، والمسجدِ الاقْصَى[1]).

واتە: کۆڵ بەکۆڵدا نادرێت و سەفەر و خۆکورج ناکرێتەوە بۆ هیچ شوێنێك لەبەر پیرۆزی، تەنها بۆ سێ مزگەوت نەبێت: بۆ مزگەوتی حەرام (کعبة)، وە بۆ مزگەوتەکەی من (مزگەوتی پێغەمبەر (ﷺ))، وە بۆ مزگەوتی ئەقصا (قودس).

٣٣- چەمینەوە بۆ جگە لە خوا: الركوعُ لغيرِ الله

رکوع: بریتییە لەو چەمینەوەی کەدەبرێت بۆمەبەستی بەگەورە زانین، وە ئەم رکوع و خۆچەماندنەوە دروست نییە بەکاربهێنرێ جگە لە بۆ خوای گەورە نەبێ، کەوابوو دروست نییە بۆ فەرمانبەرێ کە خۆی بچەمێنێتەوە، وە یاخود خۆی کوڕ بکاتەوە بۆ بەڕێوەبەرەکەی کە لەکاتێکدا کە سڵاوی لێ دەکات، وە بەهەمان شێوە دروست نییە ئەو

[1] حديث صحيح: رواه البخاري بەژمارە (١١٨٩) و مسلم بە ژمارە (٨٢٧).

چەمینانەوەی کە دەبرێت لەلایەن وەرزشەوانی کاراتی و کۆنگ فۆوە، وە هەروەها هەر جۆرە چەمینەوەیەکی تر کە دەبیات بۆ ڕاهێنەرەکەی.

وە هەروەها بەهەمان شێوەش دروست نییە ئەو شێوە چەمانەوەی کە گۆرانی بێژ دەیبات بۆ جەماوەرەکەی، لەکاتێکدا کە جەماوەرەکەی بەگۆرانیەکەی سەرسام دەبن و بەدڵیان دەبێت... وە هەموو شێوازێ لەم چەمینانەوە دروست نییە[1]

٢٤-دەست پێش خەری ئەهلی کیتاب لەسەلام کردندا: بدء اهل الکتاب بالسلام .

ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە لە (ابوهریرە)ەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا تبدءوا الیهود والنصاری بالسّلام).

واتە: دەست پێش خەری کەسانی جوولەکە و گاور مەکە لەسڵاوکردن لێیان.

٢٥- قسە وتن و جنێودان بەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ): سبُ الصحابة

بەڕاستی هەندێ لە خەڵکی زمان درێژی و سەرکێشی دەکەن لەوەدا کە جنێو بەهاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دەدەن، وە ئەم جنێودانە تانەدان و بوغزاندن و سوکایەتی کردن و شێواندن و قسە ووتنە بەبیروباوەڕی دینی ئیسلام. لەبەرئەوەی خوای پەروەردگار هەڵنابژێری بۆ هاوڕێیەتی کردنی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئیللا خەیرترین و باشترینی مرۆڤەکان نەبێت،ئەمەیش بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە هاتووە لە صەحیحی (بوخاری و موسلیم) دا کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (خَیرُ أمّتی

---

[1] بێگومان دەست خستنە سەر سنگ بەمەبەستی ڕێز لێنانی کەسێك جۆرێك لە خۆچەمینەوەی تیادا دروست دەبێت کە ئیسلام پێی ڕازی نییە.

قَرني، ثمَّ الَّذين يَلُونَهُم.....[1])، واته: خەیرترین و باشترینی خەڵکی ئوممەتەکەم خەڵکی ئەم سەردەمەی منە، پاشان ئەوانەی کە بەدوا ئەماندا دێن.

وە دووبارە هاتووە لەهەردوو صەحیحەکەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (لا تَسُبُّوا أصحابي، فَوالَّذي نَفسي بِيَدِه لَوْ أنَّ احدَكُم انفَقَ مِثلَ أُحُدٍ ذَهَباً مابَلَغَ مُدَّ احدِهِم، ولانَصيفَه)[2] .

واتە: جنێو مەدەن بەهاوڕێکانم، سوێند بەو زاتەی کە نەفسی منی بەدەستە، ئەگەر یەکێ لەئێوە ببەخشێ لەپێناوی خوادا ئاڵتون بەوێنەی شاخی ئوحود، هێشتا ناگاتە مشتێ خێری دەستی یەکێ لەوان (هاوەڵان)، وە نەبە نیوە مشتە خێرێکی دەستیان.

٣٦- بەکافرکردنی موسوڵمانان بەبێ بەڵگە : تكفيرُ المسلم بغير حُجة

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە پەلە دەکات لە کافرکردنی موسوڵماناندا بەبێ هیچ بەڵگەو سەلماندنێ. وە ئەمەش دروست نییە، خۆ ئەگەر کەسێك لێی هەڵەببێ و حوکم بدات بەسەر کافرێکدا بەوەی کە پێی بڵێت موسوڵمانە، ئەمە خەیرترو باشترە لەوەی کە بە هەڵە حوکم بدات بەسەر موسڵمانێکدا بەکافرییەت،جونکە لەهەردوو صەحیحەکەدا فەرموودەیەك هاتووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَن قالَ لأخيه: ياكافرُ. فَقَدْ باءَ بها أحدُهما)، واتە: هەر کەسێك بەبرا موسوڵمانانەکەی بڵێ: ئەی کافر! ئەوا ئەو بەکافرکردنە بەر یەکێك لەو دووکەسە دەکەوێت.

وە لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی: (فإنْ كان كما قالَ، وإلاّ حارَتْ عليه)[1]، واتە: خۆ ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی کە کافر دەکرێت وانە بوو،

---

[1] حديث صحيح: رواه البخاري، بەژمارە (٣٦٥٠)، و مسلم بەژمارە (٢٥٣٥).

[2] حديث صحيح: رواه البخاري، بەژمارە (٣٦٧٣)، و مسلم بەژمارە (٢٥٤١).

[1] حديث صحيح: رواه البخاري (١٠/٥١٤)، و مسلم (٢/٤٩).

ئەوا ئەو کافر کردنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسە خۆی کە ئەو بەکافر کردنەی وتووە[1].

٢٧- کردنی جوولەکە و گاور بە دۆست و وە ڕاوێژیان پێ بکات کەسێك لە کارەکانیدا:

دروست نییە بۆ هیچ موسڵمانێك کە کەسانێکی جوولەکەو گاور، یاخود بێ باوەڕ بکات بەهاوڕێیەکی دەست پاك و باوەڕپێکراو بۆ خۆی، وە ڕاوێژیان پێ بکات لەکارەکانیدا.

خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلۡيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوۡلِيَآءَۘ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمۡ فَإِنَّهُۥ مِنۡهُمۡ﴾ (المائـــدة: ٥١)،

واتــە: ئــەی گــرۆی بــاوەڕداران: ئێــوە جوولەکــەو گــاور مەکــەن بەخۆشەویست و دۆست و پشت پێ بەستووی خۆتان، وە مەیان کەن بەیارمەتیدەرو پەیمانیان لەگەڵدا مەبەستن دژی موسڵمانان، وە نهێنی خۆتانیان لا مەدرکێنن، چونکە ئەوان دڵسۆزی ئێوە نین، وە هەر کۆمەڵێك لەوان کۆمەکی کەرو لایەنگرو پشت و پەنای ئەوانی تریان و خۆیانن، وە هەر کەسێك لەئێوە یارمەتیان بداو هاریکارییان بکات، یاخود پشتیان پێ ببەستێ، یاخود داوای یارمەتییان لێ بکات، ئەوا ئەو

---

[1] لەسەر ئەم بەکافرکردنە خوویەکی خراپ هەیە لای ئێمە، ئەویش ئەوەیە:-

- ئەگەر کەسێك لە کەسێکی تر تووڕە ببێت، پێی دەڵێت: تۆ سەیری ئەم کافری مەلعونە ناکەی.

- یان ئەگەر کەسێك قسەی بۆ کەسێکی تر کرد و باوەڕی پێ نەکرد، ئەم بەو دەڵێت: ناخر کافر بۆ باوەڕم پێ ناکەیت، یاخود تۆ کافرو بێ زەمیری، یان پێی دەڵێت: بێ دینی بێ ئیمان.

کەسە لەوانەو وە لەکۆمەڵی ئەوان حسابی بۆ دەکرێت،ووە وەکو ئەوان وایەو،وە لەکۆمەڵی موسوڵمانان نییە.

وە پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لاتَتَّخِذُوا بطانَةً مِنْ دُونكم﴾، واتە: ئەی ئەوانەی کە ئیمانتان هێناوە و موسوڵمان بوون، لەخۆتانی موسوڵمان زیاتر، کەسانێکی دیکە بەدۆست و برادەرو یاوەری خۆتان مەزانن، وە هەرگیز دوژمنانتان بەسەر نهێنی خۆتاندا ئاگادار مەکەن،وەدۆستایەتی لەگەڵ خولنەناساندا مەکەن،چونکە ﴿لَا يَأْلُونَكُمْ خَبَالاً﴾ ئەوان کەمتەرخەمی ناکەن لەزیان پێگەیاندنتان،وە ئەوەندەی بتوانن هەوڵ دەدەن کاروبارتان بشێوێنن ﴿ وَدُّوا مَا عَنِتُّمْ ﴾ وە ئاواتەخوازی ئەوەن کە ئێوە تووشی ئەو پەڕی زەرەرو زیان بن لەدین و دونیادا، وە هەمیشە لەزەحمەت و ئازارو ناڕەحەتیدا بن، ﴿قَدْ بَدَتِ ٱلْبَغْضَآءُ مِنْ أَفْوَاهِهِمْ﴾ وەڕق و کینەیان بەرامبەر بە ئێوە ئەوەندە زۆرە کە ناتوانن لەناخییاندا بیشارنەوە، بەدەم ئاشکرای دەکەن.

﴿وَمَا تُخْفِي صُدُورُهُمْ أَكْبَرُ﴾ (آل عمران :١١٨)، وە ئەو ڕق و کینەیەی کە لەدڵ و سینەیاندا شاردویانەتەوە زۆر گەورەترە لەو ڕق و قین و ناخۆشەویستییەی کە هەیانە لەبەرامبەرتان ووە بەدەم ئاشکرایان کردووە.

٣٨- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی هەڵمژین و هەڵ کردنی شنە با، الاحتفالُ بشم النَسيم .

نەریتێکە بت پەرستە فرعەونییەکان (میصرییە کۆنەکان) دروستیان کردووە، وە ناویان لێ نابوو: (يومُ الزِّينةِ)، واتە: ڕۆژی خۆ ڕازاندنەوە.

وە ببووە نەریتی یۆنانییە کۆنەکانیش کە ئاهەنگیان بەو بۆنەیەوە دەگێڕا، بەباوەڕی ئەوەی کە زەوی کچێکی هەیە،کە ئەو کچەی خانە ووە هەموو کارەکانی زەوی بەڕێوە دەبات و سەرپەرشتی دەکات، وە

زەوی زویرو خەفەتبارو دڵشکاو بووە، لەبەرئەوەی خوای جیهانی خواروو کچەکەی زەوی فڕاندووە، وە کاتێ کە زەوی دڵگران و خەفەتبار بوو، دوای ئەوە ووشک و بێ باران و بێ پیتیش بوو، وە ڕووەک و بەروبوومیشی لەمرۆڤ قەدەغەکرد، لەئەنجامدا مرۆڤەکان هۆمەن و هاواریان برد بۆ لای خوایەک کەناوی خوای (ئەولەمپ[1]) بوو، لەئەنجامدا فەرمانیان دا بەسەر خوای جیهانی خوارووەدا کەوا ئەو کچەی زەوی لەهەموو ساڵێکدا شەش مانگ بیگێڕێتەوە بۆ زەوی دایکی، وە دیاریان کرد کە کاتی گەڕانەوەی ئەو کچەی زەوی لەوەرزی بەهاردا بێت، وە کاتێك کە زەوی لەبەهاراندا سەوز دەبێ، لەبەر خۆشی دەربڕینییەتی بەگەڕانەوەی کچەکەی، وە خەڵکیش بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێڕن، وە ناویان لێناوە: (عیدُ الربیع)، واتە: جەژنی بەهار، یاخود (النیروز)، واتە: جەژنی نەورۆز، یاخود (شمُّ النسیم)، واتە: ڕۆژی بۆن کردنی شنەبا، وە دڵخۆشن خەڵکی بەسەوز بوونی زەوی، ئەویش لەبەر خۆشی دەربڕینی زەوییە بەگەڕانەوەی ئەو کچە (بەدرۆ هەڵبەستراوە)یە بۆی.

وە ئا ئەمانە هەر هەمووی یەکێکن لە ئەفسانەو پڕوپووچی کافرە بت پەرستە یۆنانی و میسرییە کۆنەکان.[2]

---

[1] ئەولەمپ: ناوی شاخێکی بەرزە لە یۆنان کە بەرزییەکەی ٢،٩١٧م، وە ناوی شارێکی کۆنیشە هەر لەیۆنان، وە لەو شارەدا بتێکیان هەبوو بەناوی ئەو شارەوە ناویان لێ نابوو: (خوای ئەولومپ)، وە ئەم شارە مەکەزو مقەڕی پەرستنی ئەم بتە بووە لای یۆنانییەکان، وە یاری ئەولومپی کە ساڵانە دەکرێت بەخۆشەویستی ئەو بتەوە ناونراوە، وە زوو لەکۆندا کراوە، وە ئێستا هەر بەردەوامە.

[2] بگەڕێوە بۆ پەرتووکی (اقوال وافعال خاطئة)ی د. طلعت زهران، لاپەڕە (٥٠).

کەوا بوو ئاھەنگ گێڕان بەبۆنەی ھەڵمژین و بۆن کردنی شنەبای بەھار خۆ شوبھاندنە بەکافرەکانەوە، وە پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: (لَيسَ مِنَّا مَنْ تَشَبَّهَ بِغَيرِنَا)[1]، واتە: لەئێمە نییە ھەر کەسێ کە خۆی بشوبھێنێ بە جگە لەئێمەوە.

وە لەلای (ابی داود) فەرموودەیەکی تر ھاتووە و شێخ ئەلبانی لە (الإرواء) بەصەحیحی داناوە بەژمارە (١٢٦٩)، لەو فەرموودەیەدا کە (ابن عمر) گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ تَشَبَّهَ بِقَومٍ فَهو مِنهم[2])[3]، واتە: ھەر کەسێ خۆی شوبھاند بە ھەر گەل و کۆمەڵێکەوە ئەوا ئەو کەسە لەوانە[4].

---

[1] حديث صحيح: حسنه الالباني له (الصحيحة)دا بەژمارە (٢١٩٤).

[2] حديث صحيح: رواه ابو داود، وصححه الالباني، لە "الارواء"دا،بە ژمارە (١٢٦٩).

[3] بۆزیاتر شارەزا بوون بگەڕێوە بۆ پەرتوکی (حكم الاسلام في الاحتفال بشم النسيم)ی نووسەر.

[4] جەژنی ھەڵمژینی شنە بای بەھار (نەورۆز):

- ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە کە شەیتانی نەفرین لێکراو، بۆ ھەموو سەردەم و ساتە وەختێك، و وە بۆ ھەموو گەل و ھۆزێك، وە بۆ ھەموو نەوەیەك یەك لەدوای یەك، وە بۆ ھەموو تاك تاکێکی ئەم مرۆڤە بەپێست ڕەش و سوورو زەردو سپییەوە، بۆ ھەموویان نەخشەی تایبەتی و فێڵ و تەڵەکەو فریوی خۆی بۆ داناون، بەشێوەیەك کە بتوانێت ئەوەی کە خۆی دەیەوێت ئەنجامی بدات، ئەویش لادانی ئەم بنی ئادەمیە لەڕێگەی خوای ربولعالمین.

جارێك بتییان بۆ دروست دەکات، جاری تەڵەوە پەرستییان بۆ دادەنێت، جارێکی تر بەدڕەوشتی، پاشان فریوییان دەدات بۆ دروست کردنی جەژنی پڕوپووچ و شیرکییات، کە یەکێك لەو جەژنە درۆیانە ئەم جەژنەیە، لای گەلێك شەیتان ناوی بێ

٣٩- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی دایکەوە: الاحتفال بعيد الأم

ئەم ئاهەنگە ڕۆژئاوای کافر دایهێناوە ودروستی کردووە، لەبەرئەوەی خەڵکی لای ئەوان ڕێ بڕانی و سەردان لەگەڵ دایکیدا دادەبڕێ، و بەچەندەها ساڵانی دوورو درێژ ئەو کەسە دایکی نابینێ، وە نەدەچێت بۆلایشی هەتاوەکو سیلەی ڕەحمی لەگەڵدا بەجێ بهێنێ.

لەبەرئەوە دایان ناوە بۆ دایك (یەك) ڕۆژ لە ساڵێکدا، لەو ڕۆژەدا سەردانی دایکیانی تیادا دەکەن و، وە دیارییان پێشکەش دەکەن، پاشان لەدوای ئەو ڕۆژەوە ئیتر پەیوەندی لەگەڵ دایکیاندا دەپچڕێن لەتێکڕای ساڵەکەدا، بەڵام ئیسلامی پیرۆز هانی خەڵکانی داوە لەسەر جێبەجێ کردنی سیلەی ڕەحم و چاکەکردن لەگەڵ دایکاندا بەدرێژایی

ناون: جەژنی هەڵمژینی شنەبای بەهار، لای گەلێکی تر: با جەژنی داروبرەخت بێت، لای یەکێکی تر: بڕانەوەی زستان و هاتنی بەهار، بۆ گەلێکی تر: سەرکەوتنی هێزی خێر بەسەر هێزی شەڕ و سەرمادا، وەبۆ گەل ئێمەش جەژنی نەورۆز، خوا جەژنی وابە هیچ گەلێك نەدات، ئەگەر لای ئەوان شنە ی با هەڵمژن، لای ئێمە ئەومندە تایەی تیادا دەسوتێنرا ڕۆژی ڕووناکمان لێ دەکرا بە هەورو هەلاً، لای ئێمە بۆنی شنەبا دەبێت بەبۆنی شنە بای تایە سووتاو، تا زەمانێکیش ئەم تایە سووتانە شەیتان هانی خەڵکی دەدا کە سوور بن لەسەر ئەنجامدانی، چونکە سەلماندنی بوونی نەتەوەکەیانە.

بێگومان ئەم (نەورۆزە)ش هەر جلە کۆن و دڕاوەکەی یۆنانی و میسرییە کۆنەکانە، شەیتان دڕاوییەکانی دووریوەتەوە و کردوویەتی بە بەری گەل کوردی داماودا.

بەڵام سوپاس بۆ خوا ساڵ بەساڵ خەڵکی تۆزی عاقڵ بوون لەتایە سووتانەوە کردوویانە بەدار سووتاندن، بەڵکو سەردەمێك بێت ئەم نەریتە پیسە هەر لابرێت و وە هەر کەسێك ئەنجامی بدات بەمێ عەقڵ سەیری ئەو کەسە بکەن.

ساڵ، وە ڕاخستنی باڵی میهرەبانی و سۆز بۆیان، وە سزا نەدان و فەرامۆش نەکردنیان و وەڕێ بڕانی دانەخستن لێیان .
کەوا بوو ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی دایکەوە خۆ شوبهاندنە بەکافرانەوە.

٤٠- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونەوە: الاحتفالُ بعيد الميلاد .

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە هەموو ساڵێك ئاهەنگ دەگێڕێت بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونییەوە،بۆنەم مەبەستە دۆست و هاوڕێکانی کۆدەکاتەوەو، وە ئەو شەوە تا درەنگ ئاهەنگ دەگێڕن، وە شیرینی جۆراوجۆر دەخۆن بەتایبەت کێکی نەخشێنراو.
کە بێگومان ئەم ئاهەنگەش دووبارە بیدعەیە و خۆشوبهاندنە بە کافرانەوە[1].

---

[1] ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونەوە لای خەڵکی ئێمە:
- کە ساڵێك تێ دەپەڕێت بەسەر لەدایك بوونی ئەو منداڵەدا، خاوەنی ئەو منداڵە لە ماڵی خۆیاندا، کۆمەڵێك لە کەسوکاریان بانگ دەکەن و وە کێك و شیرینی ئامادە دەکەن و ناوی لێ دەنێن :(عيدُ الميلاد).
ئەمجا ئەو منداڵە بەجوانترین شێوە دەڕازێننەوە، وە هەموو ساڵێك ئەم ئاهەنگەی لەدوای تەواوکردنی هەر ساڵێك لەتەمەنی بۆ دەکەن، وە لەسەر ئەو کێکەی کە ئامادەیان کردووە بەگوێرەی ژمارەی ساڵەکانی تەمەنی مۆمی بۆ دادەگیرسێنن، ئەمجا کە دەستیان کرد بەئاهەنگەکە ئەو منداڵە دەبێت فوو لەو مۆمانە بکات، بەواتای ئەوەی کە ئەوەندە مۆمی تەمەنی کوژاندۆتەوە، ئەمجا بەدەوریدا گۆرانی (هەپی پای تای تو یوو)ی بۆ دەڵێن.

٤١- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی حەوتەمین ڕۆژی لەدایك بوونەوە: الاحتفال بسبوع المولود .

وە هەروەها لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە ئاهەنگ دەگێڕێ بەبۆنەی تێپەڕبوونی حەوت ڕۆژ بەسەر لەدایك بوونی منداڵەکەیدا، وە شیرینی بەسەر دراوسێکانیدا دەبەخشێتەوە. وە لەناویاندا کەسانێکی وا هەیە لەحەوتەم ڕۆژدا منداڵەکەی دەخاتە ناو بێژنێکەوە و ڕای دەوەشێنێ و دەڵێت: (بەگوێی قسەی دایکت بکە، و گوێ بۆ قسەی باوکت مەگرە).

وە کەسانێکی وایان هەیە دەسکەوانێك یان دەسووە دۆڵێك دەگرێت بەدەستیەوە لەو ڕۆژەدا، وە دەیکێشێت بەیەکدا ووە دەنگێکی لێ دروست دەبێ وەکو دەنگی زەنگی کەنیسە وایە، یاخود وێنەی ئەم شتە پڕوپووچانە ئەنجام دەدەن لەم ڕۆژەدا. بەڵام لەئیسلامدا سوننەت وایە عەقیقەی[1] بۆ بکرێت بۆ ئەو منداڵە لە

---

[1]**عەقیقە: بریتییە لەوەی کە هەر کەسێك خوا منداڵی پێ بەخشێت ئیتر ئەو منداڵە کوڕ بێت یا کچ، دەبێت خاوەنی ئەوە منداڵە لەحەوتەمین ڕۆژی لەدایك بوونیدا حەیوانی بۆ سەر ببڕێت و وەصەری بۆ بتاشن و وە ناوی لێ بنێن.**

پرسیار: ئایا سوودی عەقیقە چییە؟ وەبۆچی دەبێت هەموو منداڵێك عەقیقەی بۆ بکرێت.؟

وەڵام: لەفەرموودەیەکی صەحیح دا هاتووە لای (ئیمامی ئەحمەد)بەژمارە(١/٧-٨)وەلە(ابوداود)دلبەژمارە(٢/٢٨٣٨)وەلە(ترمزی)دلبەژمارە(٤/١٠١/١٥٢٢)وەلە(نەسائی)دابەژمارە(٨/١٦٦/ ٤٢٢٠)وە(ابن ماجە)دابەژمارە (٢/١٠٥٦/٣١٦٥)وەلە(الاروك)دابەژمارە(١١٦٥)وەلەصەحیحی(ابن ماجە)ی شێخ ئەلبانیدا بەژمارە(٢٥٦٢)هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (كـلُّ غُـلامٍ

حەوتەمین ڕۆژی لە دایکبونیدا، کە بریتییە لەسەر برینی مەڕێك بۆ کچێك وە دوو مەڕ بۆ کوڕێك[1]، وە گۆشتەکەی دەبەخشرێتەوە بەسەر

رَهِيْنٌ بِعَقِيقَتِهِ، يُذبحُ عَنهُ يومُ سابِعه، ويُسمى فيه، ويُحلَقُ رَأسُهُ)، واتە: هەموو منداڵێك کە لەدایك دەبێت بارمتەو گل دراوە وڕەهن کراوە بەو عەقیقەوە هەتا بۆی دەکرێت، لەڕۆژی حەوتەمدا حەیوانی بۆسەر دەبڕێت و ناوی لێ دەنرێت و سەری دەتاشرێت.

تێبینی بکە: لەفەرموودەکەدا ووشەی (رَهین) هاتووە وە لەریوایەتێکی تردا بە (مُرتَهِنٌ) ئەم ووشەیە هاتووە، کە ووشەی (رَهینٌ) واتە: بارمتەکراو، وە ووشەی (مرتهنٌ) واتە: بەبارمتە دانراو، پاشان مانای هەردوو ووشەکە ئاماژە دەگرێتەوە: کە پێویستە و وە سوننەتە لەسەر خاوەنی ئەو منداڵەی کە لەدایك بووە، دەبێت گوێزە بانە (عقیقة) بۆ منداڵەکەی بکات و دوای نەخات، چونکە وەك بڵێی: ئەو منداڵە کە لەدایك دەبێت خراوەتە بارمتەوە، وەبە بارمتە دادەنرێت و وەگل دەدرێتەوە لای کەسێك لەجێگە ولەجیاتی قەرزێکدا، وە ئەو منداڵە لەو بارمتەییە دەرباز و ڕزگاری نابێت ئیللا بەوە نەبێت دەبێت عەقیقەی بۆ بکەیت، وە هەروەها ئەگەر ئەو عەقیقەی بۆ نەکرێت وەکو وایە: ئەو منداڵە بێ کەڵك دەبێت بۆ خاوەنەکەی و وە هیچ سوودێکی بۆیان نابێت، هەتا خاوەنەکەی ئەو قەرزە دەداتەوە کە عەقیقە بۆ کردنەکەیەتی، وە ئەمجا ئەو منداڵە لەژێر ئەو بارمتەییەدا ئەو عەقیقە بۆ کردنە ڕزگاری دەکات و لەژێر ئەو بارمتەیی یەدا دەردەچێت، پاشان کە عەقیقەکەی بۆ کرا ئەمجا ئەو منداڵە کەڵك دار بەکەڵك و سوود بەخش دەبێت بۆ خاوەنەکەی، چونکە ئەو عەقیقەیە وەکو قەرزوایە، کە کرا وەکو وایە ئەو قەرزە درابێتەوە، وە کە ئەو منداڵە ئەو قەرز و بارمتەییەی لەسەر نەما ئەمجا بەکەڵك و سوودمەند دەبێت بۆ خاوەنەکەی.(بەسوودوەرگرتن لەپەرتوکی–پوختەی فیقهی شەریعەت– م. تارق هەمەوەندی، بابی گوێزەبانە لاپەڕەی (۲۰۸ –۲۰۹) .

[1] پرسیار: ئایا بۆچی لەعەقیقەدا دەبێت دوو مەڕ لەبری کوڕێك سەربڕیەت ، وە بەڵام بۆ کچێك دەبێت یەك مەڕی لە بری سەربڕیەت ؟ ئایا ئەمە لە بەرژەوەندی کوڕدایە؟

وەڵام: نەخێر، سوێند بە پەروەردگار وەڵامەکەی ئەوە نییە کە شەیتان خێرا دەیکات بەگومان و دەیخاتە ناو ناخی مرۆڤەوە، کە ئەمە جیاوازی کردنە لەنێوان "کوڕو کچ"دا، نەخێر وا نییە، بەڵکو:
وەکو لەپێشەوە لەباسی عەقیقەدا باسکرا، کە هەر منداڵێك کە لە دایك دەبێت، ئەوا ئەو منداڵە وەکو بەرەهن و بە بارمتە لەبری شتێکدا دانرابێت وایە، وە ئەو منداڵە وەکو گل دراوەیەك وایە کە لەبری وەکو بلێی قەرزێك دانرابێت، وە دووبارە وەکو رەهینە وایە کە رەهینە واتاکەی: ئەوەیە کە وەکو دەست بەسەر گیراوێك و بەندکراوێك وایە، پاشان کە ئەو منداڵە ی کە لە دایك دەبێت لەم نارەحەتییانە نەجاتی نابێت ئیللا بەوە نەبێت کە دەبێت عەقیقەو گوێزە بانەی بۆ بکرێت، وە هەروەها ئەو منداڵە سوودمەند و بەسوود و بەکەڵك و پڕ خێرو بەرەکەت نابێت بۆ خاوەنەکەی ئیللا دەبێت دایك وباوکی ئەو عەقیقەی بۆ بە ئەنجام بگەیەنن، ئەمجا بەسوود دەبێت ئەو منداڵە بۆ خاوەنەکەی، کەواتە: ئائەمەیە سوودی عەقیقە کردن بۆ منداڵ. بەڵام کە بۆ کچ یەك حەیوانە و وە بۆ کوڕ دوو حەیوانە، لێرەدا گەورەیی و فەزڵ و پاك و بێ گەردی ئافرەت لای خودا دەردە خات لەمەدا، چـۆن؟ :-
١- زۆربەی خراپەی سەر زەوی و شەڕوشۆڕ کوڕ ئەنجامی دەدات کە گەورە بوو، بەڵام کچ نە لەبچوکیدا و، وە نە لەگەورەیەتیشدا دەستی لەو خراپەکارییانەدا نییە، کەواتە: هەر لەمناڵییەوە دەبێت خێری زۆرتر بۆ ئەو منداڵە کوڕە بکرێت تا خوای گەورە سوودمەندی بکات و بەکەڵکی بکات بۆ خاوەنەکەی وە بۆ خەڵکیش، هەتا بەهۆی ئەم سوودمەندی بوونەیەوە خەڵکی لە شەڕی پارێزراو بن، کە لە بەرامبەری دا کچ پاکترە لە کوڕ بەخێرێکی کەمتر (کە یەك حەیوان سەربڕینە بۆی) سوودمەند دەبێت بۆ خاوەنەکەی و وە بۆ کۆمەڵگەکەیشی .
٢- کچ بەیەك حەیوان لەو وەکو قەرز بوونە ڕزگاری دەبێت، بەڵام کوڕ دەبێت دوو حەیوانی بۆ بکرێت، ئەمجا نەجاتی دەبێت لەو وەکو قەرز بوونە.
٣- کچ لەو ڕەهن بوون و بەبارمتە دانراوبو وە لەو کۆت بوون و دەست بەسەرگرتنە دا بەیەك حەیوان سەرین بۆی خوا ڕزگاری دەکات، بەڵام کوڕ بەدوو حەیوان سەربڕین بۆی ئەمجا لەو بە بارمتەبوونە خوا نەجاتی دەدات.

٤- كچ بەیەك حەیوان كردن بەخێر بوَی خوای گەورە دەیكات بە سوودمەند و بەكەڵك و پڕخێرو بەرەكەت بوَ خاوەنەكەی ،بەلاَم ئەگەر كوڕ دوو حەیوانی بوَ نەكرێت پڕ خێرو سوودمەند نابێت بوَ خاوەنەكەی، كەوا بوو: ئەگەر كوڕێك یەك حەیوانی وەك كچێك بوَ بكرێت بەخێر هەر سوودمەند نابێت، بەڵكو هێشتا لەژێر خانەی بێ كەڵكیدا دەرنەچووە، وەكو بڵێی دەبێت خێری زوَرتری بوَ بكرێت ئەمجا پاك دەبێتەوە و سوودمەند دەبێت.

٥- كچ بەیەك حەیوان خوای گەورە پوخت وپاڵفتە و پاك وبێ گەردی دەكاتەوە، وەلەبێ كەڵكییەوە دەیكا بە بەكەڵكو بەسوود ،بەلاَم كوڕ بە دوو حەیوان ئەمجا پاك و پوخت دەبێتەوە و بەكەڵك دەبێت.

كەواتە: خوای گەورە بە بەزەیی تر سەیری ئافرەت دەكات وەكو لەپیاو، وە هەروەها هەر لەمنداڵیشەوە خوای گەورە ئاسانكاری بوَ كچ زوَرتر دەكات،و وە بەئاسانی لەو بێ كەڵك بوون و بارمتەو كوَت بوونە ئەجاتی دەدات، بەلاَم بوَ كوڕ بە رەحمەت تر ئەجاتی دەدات لەو بارمتەو كوَت بوونە و وە بەكەڵكی دەكات، وە كچ لای خوا پاك ترە مبێ گوناه ترە وەك لە كوڕ، بوَیە یەك حەیوان سەربڕین لەبری كچێك دانراوە .

كەواتە: هەر كەسێك ئاسانكاری بوَ بكرێت، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو كەسە خاوەن پلەو ڕێزو جێی بەزەیی و رەحم و پاشە روَژێكی بەرزو بڵندترە، لەو كەسەی كە بەزەحمەت تر كاری بوَ ئاسان دەكرێت، كەوا بوو ئێستا بوَیە بوَ كچ یەك حەیوانە وە بوَ كوڕ دوو حەیوانە.

یاخود لەبەر هوَیەكی ترە، كە ئەوەیە: ئەگەر بوَ كچیش وەكو هی كوڕ وا بووایە: واتە: بوَ كچیش دوو حەیوان بووایە، ئەمجا ئەو كچە لەو بارمتەیی بوونە ڕزگاری دەبوو، یاخود كچیش وەكو كوڕ ئەگەر وابوایە كە خێری زیاتری بوَ نەكرایە سوودمەند نە دەبوو، ئەوا لێرەدا كوڕ لای خەڵكی ئەزان زوَر خوَشەویستە، نەك دوو حەیوان، بەڵكو دە حەیوانیش بوایا بوَیان دەكرد، بەلاَم كچ دوو حەیوان بووایە، دەیان ووت: ئا دوو حەیوان بوَ دەڵە شڕێك بكەین!! بەلاَم بوَ ئەوەی بەڵكو ئەو كچە عەقیقەی هەر بوَ بكەن،وە لەو بارمتەیی بونە ڕزگاری ببێت، بوَیە یەك حەیوانی بوَ دانراوە. بەڵكو بوَئەوەی دایك و باوكی دەستیان لەدڵیان بێتەوە، و بڵێن: یەك

خەڵکیدا، یاخود گۆشتەکەی دەکرێت بەچێشت و نان و وە خەڵکی بۆ دەعوەت دەکرێت ،وە خەڵکەکەیش دەپارێنەوە بۆ ئەو منداڵە و داوای بەرەکەتی لەخوای گەورە بۆ دەکەن، ئەمەش بەبەڵگەی ئەو فەرموودەی کە (ئیمامی ئەحمەد) و (ئەبو داود) و (ئەسائی) گێراویانەتەوە وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی دانـاوە لـە (الارواء)دا بـەژمارە (١١٦٥) لـە (سمرة)وە – ڕەزای خوای لێ بێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (كلُّ غلامٍ رَهينة بعقيقةٍ، يذبَح عنه يومَ سابعه، ويحلق رأسه ويسمى)، واتە: هەموو منداڵێك بارمتەیە، و بەستراوەتەوە بەو عەقیقەوە هەتا بۆی دەکرێت، لەڕۆژی حەوتەمدا حەیوانی بۆ سەردەبڕێت و وەسەری دەتاشرێت، وە هەر لەو ڕۆژەشدا ناوی لێ دەنرێت.

وە ئیمامی (ترمزی و حاکیم) فەرموودەیەکی تریان گێڕاوەتەوە و شێخ ئەلبانیش بەصەحیحی داناوە لە (الارواء) دا بەژمارە (١١٤٩) لە(ئیمامی عەلی) ەوە -ڕەزای خوای لێ بێت- کە پێغەمبەر (ﷺ) بەفاتیمەی کچی فەرموو کاتێك کە (حەسەن)ی بوو: (يا فاطمةُ، إحلقي رأسهُ وتصدقي بزنةِ شعرهِ فضةً).

واتە: ئەی فاتیمە، سەری کوڕەکەت بتاشە، وە بەئەندازەی سەنگ و قورسایی قژی سەری زیو ببەخشەوە.

حەیوانە قەینا بۆی دەکەین، تا ئەو کچەش ئەو خێرەی هەر لەمنداڵیەوە بە نسیب ببێت .

٤٢- ماچ كردنی پاره: تقبيلُ النقود

هەندێ لەبازرگانەكان یەكەم پارە ماچ ئەكا كە وەریدەگرێت لەیەكەم شت فرۆشتنیدا كە دەیفرۆشێت لەسەرەتای ئەو ڕۆژەدا. وە ئەمەش هیچ بناغەیەكی نییە لەشەرعی ئیسلامدا[1].

٤٣- ماچ كردنی نان و سەمون لەدوای هەڵگرتنەوەی لەزەوی:

هەندێ كەس ئەگەر پارچە نانێك، یاخود پارچە سەمونێكی دۆزییەوە كە فڕێ درابووە سەر زەوی هەڵی ئەگرێتەوە و پاشان ماچی دەكات. بەڵام ئەوەندە هەیەكە هەڵ گرتنەوەی نان و پاراستنی لە فڕێدان ئەمە چاكترین شتە، لەبەرئەوەی فڕێدانی نان ئیسراف و دەست بڵاوی كردنە، وە پێویستە ئەو نانە كە مرۆڤ هەڵی گرتەوە پاكی بكاتەوە، یان خۆی بیخوات یاخود دایبنێ بۆ پشیلەیەك، یان سەگێك یان بۆ ئاژەڵێكی تر، بەڵام ماچ كردنی لەدوای هەڵگرتنەوەی شەرعی نییە و وە دروستیش نییە.

وە ئەو قسەیەی كە ووتراوە: (اكرموا الخُبزَ فإنّ اللهَ اكرمهُ، فَمَن اكرمَ الخُبزَ اكرمَهُ اللهُ)، واتە: ڕێز لەنان بگرن. چونكە خوا ڕێزی لەنان گرتووە، وە هەر كەسێك ڕێز لەنان بگرێ خوا ڕێزی لێ ئەگرێ.

---

[1] ماچ كردنی پارە لای خەڵكی ئێمە :

- لەناو هەندێ لە خەڵكی ئێمەدا كە لەبەیانیدا یەكەم شتی فرۆشت، یاخود هەندێ سایەق كە یەكەم نەفەری سەرخست، یان هەر كەسێك لە خەڵكانێكی تر كە یەكەم پارەیان هەتا دەست، ئەو پارەیە ماچ ئەكەن و ئەیخەنە سەر ناوچاوانیان و ئەڵێن: خوا ئەیبڕێت! سوفتاحی بەیانییە، یان سوفتاحی ئەمڕۆیە.

- بەڵام لەسەر پارە شتێكی تر هەیە: كە هەر كەسێك لە هەر كاتێكدا بەری دەستی خورا، ئەڵێت: ئەوا ئەمڕۆ پارەم بۆ دێت!!.

ئەم قسەیە ئیمامی (طبرانی) لەپەرتووکی (الکبیر)دا گێڕاویەتیەوە،ووە شێخ ئەلبانیش لە (ضعیف الجامع)دا فەرموویەتی: موضوع[1]، واتە: قسەیەکی دروستکراوو هەڵبەستراوو درۆیە.

بەڵکو بەجێگیری فەرموودەیەك هاتووە لە (صەحیحی موسلیم)دا کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إذا سَقَطَت الُقمةُ مِن احدِكم، فَلیَمطْ مابها من أذی وَلیأكُلها ولایَدَعُها للشیطان)، واتە: ئەگەر پارویەك لەدەستی یەکێ لەئێوە کەوتە خوارەوە با هەڵی بگرێتەوە،وپاکی بکاتەوە لەپیسییەك ئەگەر تێوەی چوو بێت، وەبا بیخوات، وە بەجێی نەهێڵێت بۆ شەیتان[2].

[1] لە (ضعیف الجامع)دا بەژمارە (١١٢٥) هاتووە، وە لە (السلسلة الضعیفة) دا بەژمارە (٢٨٨٥) دا هاتووە.

[2] لای خەڵکی ئێمە ئەم شێوازە ڕێك وەکو کە نووسەر باسی دەکات هەیە لەناوماندا:-
- کە لەسەر جادە یان لەشوێنێك پارچەیەك نان کەوتبوو هەڵی دەگرێتەوە و دەیخەیتە سەر سەری، و دەڵێت: ئەمە گوناحە ئەمە قورعانە بۆ فڕیان داوە لێرە.
- یاخود شێوازێکی تر هەیە لای خەڵکی کە زۆرشتێکی خراپە،کەئەویش ئەوەیە:- ئەگەر کەسێك دەنکێك ترێ یاخود بۆڵە ترێیەکی بچوکی لەدەستی کەوتە خوارەوە، یان تیکەیەکی لەدەست کەوتە خوار، یان کلۆیەك شەکر یان پارچەیەك نانی لەدەست کەوتەخوار، ئیتر هەڵی ناگرێتەوە و پاکی بکاتەوە، یان خۆی بیخوات یان بیدات بەباڵندەیەك تا بیخوات، بەڵکو بەجێی دەهێڵێن و دوایش دەکرێتە ناو تەنەکەی خۆڵەکەوە، یاخود ئەگەر وردە نانیان هەبوو لەشوێنێکی پاکدا دایناێن، بەڵکو دەیکەنە ناو تەنەکەی خۆڵەوە، یان ئەگەر موویەکی لەناو قاپێك خواردندا بینی، ناچێت دەریبهێنێت، بەڵکو نایخوات و دەیڕێژێن و قاپێکی تر تێدەکەنەوە، کە هەموو ئەمانە ئیسراف کردنە.

٤٤- ماچ کردنی دەست: تقبيلُ اليد

هەندێك لە خەڵكی ئەگەر پرسیاری لێکرا لەبارەی ژیان و گوزەرانییەوە، پشتی دەستی پاشان دوای ئەوە بەری دەستی ماچ دەکات، تا ئەم شێوازە ئاماژە بێت بۆ سوپاس و ستایش کردنی خوا، وە ئەم کارەش بیدعەیە، وە ڕاستیەکەی ئەوەیە کە ئەو کەسە کە پرسیاری لێکرا لەبارەی ژیان و گوزەرانییەوە دەبێت سوپاسی خوای پەروەردگار بکات، و بڵێت: (الحمدُلله)، واته: سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە. وە ئەگەر هەواڵێکی خۆشی بۆ هات یەك سوجدەی شوکر ببات، بەبێ ئەوەی سەلام دانەوەی تیادا بێت[1].

٤٥- ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی جەژنە دروستکراوەکانەوە: الاحتفالُ بالأعياد المبتدعة.

وەك جەژنی سەری ساڵ، جەژنی کرێکاران، جەژنی سەربەخۆیی وڵات، جەژنی لاچوونی بەلا، وە جەژنی سەرکەوتن، ئەمجا ئەم جەژنانە هەموویان نەهی و قەدەغەیان لێکراوە لە ئیسلامدا، لەبەر سێ هۆ:

١- لەبەرئەوەی ئەم جەژنانە کۆمەڵ جەژنێکی بیدعەن، ووە شەرعی و دروست نین.

---

[1] لای ئێمە هەندێك کەس هەیە کە پرسیاری لێ بکەی و بڵێی گوزەرانت چۆنە، لەجیاتی بڵێ: سوپاس بۆ خوا، دێت بەتەنها پشتی دەستی ماچ دەکا و بەرە ناوچاوی دەستی بەرزدەکاتەوە، تا ئەم دەست جووڵاندنەی ئاماژە بێت بۆ چاکی حاڵ و گوزەرانی.

- یاخود هەندێك کەس کە هەواڵێکی خۆشی بیست، دێت دەستی دەبات بۆ چەناگەی،یان هەر دوو دەستی دەمێنێت بە دەم وچاویدا،و ئەمجا دەڵێت:(الحمدُ لله).

٢- بۆ شوێن کەوتووانی دینی ئیسلام، تەنها دوو جەژن هەیە: جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان، وە لە هەردوو صەحیحەکەیشدا هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (إنَّ لِكُلِّ قومٍ عيداً، وهذا عيدُنا)، واتە: بەڕاستی بۆ هەموو گەل ونەتەوەو کۆمەڵێك جەژنێکیان هەیە، و ئائەمەش (جەژنی ڕەمەزان و قوربان) جەژنی ئێمەن.

٣- کردنی ئەم جەژنانە خۆ شوبهاندنە بەکافرانەوە، وە ئێمەی موسوڵمانیش فەرمانمان پێکراوە، کە بەپێچەوانەی ئەوان بین و سەرپێچی ئەوان بکەین[١] [٢].

٤٦- سوێند خواردن بەغەیری خودا: الحلفُ بغيرِ الله

لەناو خەڵکیدا کەسانێکی وا هەیە سوێند بەغەیری خودا دەخوات لە قسەکانیدا، وەکو ئەم سوێندانە:

- وحياتك. واتە: بەژیانی تۆ.
- بذمتك. واتە: بەئەستۆی تۆ.
- والعيش والملح. واتە: بەژیان و خوێ.

---

[١] سەیری پەرتووکی "المنظار"ی "شيخ صالح ال الشيخ" بکە، لاپەڕە(١٨).

[٢] جەژنە درۆینەکانی لای ئێمە:

- جەژنی نەورۆز، جەژنی سەری ساڵ، جەژنی عیدولمیلاد، جەژنی کرێکاران، جەژنی مامۆستایان، جەژنی دایکان، جەژنی دارودرەخت.

ئەمجا ئەو ڕۆژانەی کەکراون بەبۆنە:

ڕۆژی نافرمتان، ڕۆژی خۆشەویستی (ڤالەنتینە)، ڕۆژی گەنجان و لاوان، ڕۆژی ئەنفال، ڕۆژی ڕاپەڕین، یادی کۆڕەوەکە.

- یاخود ڕۆژی پشووی سەرتاشخانەکان، ڕۆژی وێنەگرەکان، ڕۆژی چێشتخانەکان، ڕۆژی منداڵان، ڕۆژی کەم ئەندامان و.......هەتاکۆتایی.

- والنبي. واته: بەپێغەمبەر (ﷺ).

وە هەموو ئەم سوێندانەش سوێند خواردنە بەغەیری خوا، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئیمامی (حاکیم) گێراویەتیەوە ووە بەصەحیحشی داناوە، وە ئیمامی (ترمذی)ش دووبارە گێراویەتیەوە ووەبە (حَسَن)ی داناوە، وە شێخ ئەلبانیش بەصەحیحی داناوە لە (الارواء)دا لە (ابن عمر)ەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ حَلَفَ بِغيرِ اللهِ فقد أشـرَكَ)[1]، واتە: هەر کەسێك سوێند بەغەیری خوا بخوات، ئەوا ئەو کەسە شەریکی بۆ خوا بڕیارداوە.

وە هەر کەسێکیش زمانی ڕاهاتبێ و، وەخوی پێوەگرتبێ بەم جۆرە سوێندانەوە، ئەوا هەر کاتێ هەڵەی کردوو وە سوێندی بەغەیری خودا خوارد بابڵێ: (لا اله الاّ الله)، ئەمەیش بە بەڵگەی ئەو فەرمودەیەی کە شەیخان (بوخاری و موسلیم)، گێراویانەتەوە لە "ابی هریرە"وە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَن حَلَفَ منكم فقال في حِلفه: و اللاّتِ والعُزى. فليَقُلْ: لا اله الاّ الله. ومَن قال لصاحبه: تعال أُقامرك. فليَتصدق بشيءٍ)[2]، واتە: هەر کەسێك لەئێوە سوێندی خوارد و، ووتی لە سوێندخواردنەکەیدا: بەلات و عوززا، بابڵێ: لا الە الاّ اللهُ. وە هەر کەسێك بەهاوڕێکەی ووت: وەرە با قومارت لەگەڵدا بکەم، با ئەو کەسە شتێك بکات بەخێرو صەدەقە.[3]

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه الحاكم وصححه، والترمذي وحسنه، وصححه الالبانی لە (صحيح الجامع)دا بەژمارە (٦٢٠٤)، وە لە (السلسلة الصحيحة)دا بەژمارە (٢٠٤٢).

[2] حديثٌ صحيح: رواه البخاری و مسلم.

[3] جۆرە سوێندی هەڵە لەناو خەڵکی ئێمەدا، وەکو:-

٤٧- سوێند خواردن بەسپاردە: الحلفُ بالأمانة

زۆرێك لە خەڵكی سوێند بەسپاردە دەخوات[1]، وە ئەمەش جۆرێکە لە سوێند خواردن، وە لەبارەی ئەم جۆرە سوێندەوە نەهی و قەدەغە کردنێکی تایبەتی لەسەر هاتووە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەی کە ئیمامی "ئەبو داود" گێڕاویەتیەوە،وە شێخ ئەلبانیش بەصەحیحی دلناوە لە (الصحيحة)دا بە ژمارە (٩٤) لە "بُرَیدە"وە -ڕەزای خوای لێ بێت- کەوا پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ حَلَف بالأمانة فليسَ مِنَّا)، واتە: هەر کەسێك سوێند بەسپاردە بخوات لەئێمە نییە.

- بەچاوی تۆ و بەچاوی هەردووکمان، بەچاوی ئەو کوڕە تاقانەیەت، بەشەرەفم، بەکەرامەت و ویژدانم، بەتەلاقم، بەژیانی تۆ، یان دەڵێت: سوێند بێت، ئیتر هیچی تر ناڵێت، بەرەنگی زەردت، بەگەردنم، بەدۆستایەتی هەردووکمان، بەناموسم، یان دەڵێت: سوێندت بۆ ئەخۆم بەرهەچی شتێ کە تۆ بیڵێیت، بەو هەورە، بەو ئاسمانە شینە، تۆ دارو بەرد.
- یاخود بەقەبری پێغەمبەر، بەسەری پێغەمبەر، بەمولودی پێغەمبەر، بەشەرەفی پێغەمبەر، بەکڵاوە سەوزەکەی پێغەمبەر، بەقیبلەی محمدولمستەفا، بەنوری پێغەمبەر، بەو ئاگرو ئاوەی پێغەمبەر، بەریشە سپییەکەی پێغەمبەر، بەگشت پێغەمبەران، بەچل و چوار هەزار پێغەمبەر.
- بەسەری خۆم، بەسەری باوکم، بەسەری هەردووکمان، بەقەبری فلان شێخ، بەگۆڕی شەهیدان، بەقەبری باوکم، بەقەبری دایکم، بەقەبری جوانە مەرگە.
- تو دینت، بەدینت، بەو خۆرو مانگە، بەو مانگە شەوە، بەڕۆژی قیامەت، بەدینی ئیسلام، بەمەککەو مەدینە، بەئەصحابە، بەم مانگی ڕەمەزانە.
- بەو گەنمەی کە لەو ئەرزە ڕەقەوە پەیدادەبێت، یاخود کەسی وا هەیە کە دەست لەدا بەناندا و دەڵێت: بەم قورعانە، بەو ئاردو ئاوە، بەو کەعبەی شەریفە.

[1] نووسەر کە دەفەرموێت: زۆرینەیەك لەخەڵکی سوێند بەسپاردە دەخوات، مەبەستی بەخەڵکی میسرە، ئەگینا ئەم جۆرە سوێندە سوپاس بۆ خوا لای ئێمە نییە.

٤٨- باوەڕبوون بەوەی کە وا هەندێ کەس قەدەغە و بەرگری لەڕەحمەتی خوا دەکەن:

هەندێ لە خەڵکی ئەم قسە دەکات بەرامبەر بە خەڵکێکی تر، وەڵێت: (لايرحم ولا يبخلي رحمة ربّنا تنزل)، واتە: نەخۆی ڕەحم دەکا، وە نە دەشهێڵی ڕەحمەتی پەروەردگار ببارێت بەسەرماندا.

ئەم قسەیە پەندێکی پووچ و ناڕاستە، وەبیروباوەڕێکی هەڵەیە. لەبەرئەوەی هیچ کەسێك کە هەر چۆنێك بێت حاڵ و تواناو دەسەڵاتی، ناتوانێ و وەتوانای ئەوەی نییە کە قەدەغەو بەربەست و بەرگری دەبەزێنی ڕەحمەتی خوا بکات. وە خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿ما يفتح اللهُ للنّاسِ مِنْ رَحمةٍ فلا مُمْسِك لها﴾، واتە: ئەوەی کە خوا دەیدات و دەیبەخشێت، بە بەندەکانی لەڕزق و ڕۆزی و باران و بەفرو تواناو لەش ساغی و ئاسایش و زانیاری و حیکمەت و پێغەمبەرایەتی و بیرو هۆش و، وە هەموو ئەو شتانەی کە نایەنە ژماردن، وە هەر کاتێکیش کە پەروەردگار دەرگای ڕەحمەتی خۆی لەخەڵکی بکاتەوە، ئەوا هیچ کەسێك و هیچ هێزێك توانای قەدەغەکردن و وەستاندنی ئەو ڕەحمەتەی خودای نییە،وەك دەفەرموێت: ﴿وَمَا يُمْسِكْ فَلَا مُرْسِلَ لَهُۥ مِنْ بَعْدِهِۦ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾ (فاطر: ٢).

واتە: هەر نیعمەتێ کە خودا قەدەغەی بکات وە بیگێڕێتەوە و بیوەستێنێت، ئەوامیچ کەس و هێزێك ناتوانێت دوای ئەو گرتنەوەیە بەری بدات و بیداتەوە بە خەڵکی، وە خودا خۆی تەنها خاوەن تواناو دەسەڵاتێکی بێ سنوور و بێ ئەندازەیە، کە کەس توانای ئەوەی نییە بەرامبەری بوەستێت، وە لەگشت کارەکانیدا خاوەن حیکمەت و کاربەجێی یە.

وە فەرمووپەتی پاك و بێگەردی بۆ ئەو: ﴿قُلْ: أفرأيتم ماتَـدْعُونَ مِـنْ دون اللهِ إنْ أرادني اللهُ بضُرّ هَلْ هُنَّ كاشفاتُ ضُـرِّهِ﴾، واتـە: ئـەی پێغەمبـەر تـۆ بەوان بڵێ: ئەوانەی کە ئێوە لەباتی و لەجیاتی خودا دەیان پەرستن و هاواریـان لێ دەکـەن و هۆمـەنیان بـۆ دەبـەن، ئەگـەر خـودا بیـەوێت مـن تووشی ناڕەحـەتی و زەحمـەتێك بكات، ئایا ئەوانەی کە لەغەیری خوا هاواریـان لێ دەکـەن، دەتـوانن ئـەو ناڕەحـەتی و ناخۆشـی و زەحمەتـەم لەسـەر لاببـەن،﴿ أَوْ أَرَادَنِي بِرَحْمَةٍ هَلْ هُنَّ مُمْسِكَاتُ رَحْمَتِهِۦ﴾ (الزمر: ٣٨)، وە ئایـا ئەگـەر خـودا بیـەوێت خێـرو خۆشـی و ڕەحمـەتێكی خۆیم بێ ببەخشێت، ئایا ئەولنە دەتوانن ڕێگای ئـەو ڕەحمەتـەی خودام لێ بگرن و لێمی قەدەغە بکەن، ئایا دەتـوانن ببنـە کۆسپم و بەربەسـت تـا نەهێڵن ئەو خێرەم بەنسیبم ووە تووشم ببێت.

٤٩- ڕازی نـەبـوون بـەقـەزاو قـەدەر: الاعتراضُ على القضاءِ والقدرِ

هەندێ لە خەڵکی کە پیاوێکی دەوڵەمەند دەبینێ ووە ئەم دیمەنەی بە دڵ نەبێت، ئـا ئەم قسە پیسە گوناهاوییە دەکات: (يَدَيٌّ الحلقٌ للي بلا ودانٍ)، واتە: دوو دەستەکەی من بەستراون و لەئیش کەوتوون، بەهۆی یەکێکەوە[1] کە سۆزو ڕەحمی نییە.

وەئەم پەندە واتاکەی ئەوەیە: کە خوای گەورە کاربەجێ و لێزان نەبووە لـە بەخـشینەکانیدا، وە لـە قەدەغـە کـردن و پێنـەدانی ئـەو بەخشینانە بەکەسـانێکی تـر -حاشـا لله- ،بـەباوەڕی ئـەو کەسـە خـوا ڕزق و ڕۆزی دەدات و دەبەخشێت بەکەسانێك کە شیاوی ئەو بەخشینە نین، وە ئـەو

---

[1] مەبەست بەو یەکە: پەنا بەخوا (خوای گەورە و میهرەبانە).

ڕزق و ڕۆزیەش قەدەغە دەکات لەکەسانێك کە شیاوی ئەوەن کە پێیانی ببەخشێت!!

بەلاّم ئایا ئەو کەسەی کە ئەم قسە دەکات زاناترە لە خوا بەو کەسانەی کـــە شیاوی ئەوەن کە لەلایان خواوە ڕزق و ڕۆزیان پێ ببەخشرێت؟!!.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَعْلَمُوٓا۟ أَنَّ ٱللَّهَ يَبْسُطُ ٱلرِّزْقَ لِمَن يَشَآءُ وَيَقْدِرُ ۚ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَءَايَٰتٍ لِّقَوْمٍ يُؤْمِنُونَ﴾ (الزمـر: ٥٢)، واتـــە: ئایـا ئەوانە نازانن بۆ هەر کەسێك کە خودا خۆی بیەوێت ڕزق و ڕۆزی بۆ فراوان دەکات، وە بۆ هەر کەسێکیش کە بیەوێت ڕزق و ڕۆزی کەم دەکاتەوە و لێیانی دەگرێتەوە، بەپێی ئەو مەبەست و ئەندازە گیری و حیکمەتەی کە خوا خۆی دەیزانێ، بەڕاستی لەم بەخشین و قەدەغە کردنەیدا بەڵگەیەکی ئاشکرایە لەسەر تواناو دەسەلاّتی خودا بۆئەوانەی کە ئیمانیان بەخودا هەیە.[1]

---

[1] لای خەڵکی ئێمە، ئەگەر کەسێکیان بینی و ماڵ و سەروەتی هەبوو، وە لەلای ئەوان بەشیاوی نەزانن کە ئەو کەسە خاوەنی ئەم سەروەت و سامانە بێت، دەڵێن:

- سەیری ئـا ئەوە ناکەی!! بەقوربانی خوا بێن پارەی داوە بەکێ، یان توخوا ئـا ئەرەو پارەیان ووتووە.

- یان دەڵێن: خوا پارەی داوە بەکەر، یان ئەو کەرەو پارەیان وتووە.

- یان دەڵێن: بە قوربانی خوا بم پارەی داوە بە ئا ئەوانەو نازانن چۆن خەرجی بکەن، یان کەرو بێ عەقڵی ئاوا خاوەنی پارەیە، یان بەقوربانی خوا بێن لەم هەمووەی ڕشتووە بەسەریاندا، ئەی بۆخوایە!! نایدەی بە ئێمەش، بۆ ئێمەش عەبدی تۆ نین، یان دەڵێن: ئەگەر پارە بێ قیمەت نەبووایە خوا نەیئەدا ئا بەوانە، یان دەڵێن: خوا پارەی داوە بە کەروگا، ئەوە هی ئەوەیە پارە و سامان و ناز و نیعمەت و ماڵ و موڵکی هەبێت.

٥٠- قسەی هەندێ لە خەڵکی کە دەڵێت "ڕزقەو بەسەر شێتدا ڕژاوە": رزقٌ هَبِلَ على المجانين.

ئەمەش پەندێکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی ڕزقی گشت بەندەکان – بەخەڵکی عاقڵ و شێتیشەوە– لەسەر (الله)یە کە پەروەردگاری جیهانیانە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا عَلَى ٱللَّهِ رِزۡقُهَا﴾، (هود: ٦) ، واتە: هیچ بەپێ ڕۆیو و خشۆك و باڵندەو زیندەوەرو ئاژەڵێك نییە ئیللا دابینکردنی ڕزق و ڕۆزی بۆیان لەسەر پەروەردگارە.

٥١- باوەڕبوون لەشەربەتی بەلەك[1] دا: الاعتقادُ في العرقسوس

هەندێ لەخەڵکی باوەڕیان وایە ئەگەر شەربەتی بەلەك بڕێژرێت لەبەردەم دوکانێکدا ئەوا ئەو شەربەتە بەرەکەت دەهێنێ بۆ ئەو دوکانە، وە ئەگەر هاتوو بەو شەربەتە سەیارەی کرێ (تەکسی) ی پێ بشۆریەت، ئەوا ئەو شەربەتە ڕزق دەهێنێ بۆ ئەو سەیارەیە، وە ئەو سەیارەی تەکسی یە بەمە قازانجێکی زۆر دەکاو،وە ئەفەر بەمە زۆرتر ڕوو لەو سەیارەیە دەکات، وە دەست کەوتی خاوەنەکەی زۆرتر دەبێت... سَاءَ ما يَعْتَقِدون!! واتە: بەڕاستی بەباوەڕبوونتان بەم کارە خراپترین بیروباوەڕتان هەیە.[2]

---

[1] بەلەك:– گیایەکە کە لەدەوری چەمدا دەڕوێت، پەلکو گەڵای هەیە، خۆڵە مێشی یە گەڵاکەی، وە ڕووەکێکی ڕەگدارە و ڕەگەکەی بۆ خۆشتن بەکاردێت، وە بۆنی سیری هەیە، لەبەهاراندا دەڕوێت تا پاییز دەمێنێ، لەگوڵە هێرۆ دەچێت.

[2] باوەڕبوونی هەڵە لەڕووەکی (بەلەك)دا لەلای خەڵکی ئێمە:

– لەهەندێ لەلادێکان هەبووە، کە ئەگەر کەسێك تووشی ڕەنگ شێتی و بێ تاقەتییەك ببوایە، یاخود ئافرەتێك بەسەر منداڵەوە تووشی نەخۆشی ببوایە،

٥٢- باوەڕبوون لەناژەڵی دەڵەك دا[1]: الاعتقادُ في العِرسة

هەندێ لە خەڵکی باوەڕیان وایە لەو ئاژەڵەدا کە ناو دەبرێت بە (العِرسةُ)، واتە: دەڵەك ،کە ئەگەر بخرێتە ژێر گڵەوە لەبەردەم دوکانێکدا بەزیندوویی، ئەوا ڕزق و بەرەکەت دەهێنێ بۆ ئەو دووکانە... هەروەها ئەم کارەش بیروباوەڕێکی بۆگەنە.

٥٣- باوەڕبوون لەقەلەڕەش و کۆتری هەردی[2] دا: الاعتقادُ في الغُراب واليمامة.

هەندێك لەخەڵك باوەڕیان وایە لەوەدا کە ئەگەر قەلەڕەش، یان کۆتری هەردی یەکێکیان سەر ببڕیەت لەسەر سەری منداڵێك، ئەوا ئەو منداڵە دوا دەکەوێت لەزمان پژان و قسەکردن.

وە ئەمەش ناڕاستە. لەبەرئەوەی ئەم کارە بەدەستی خوای پەروەردگارە بەتەنها.[3]

دەچوون بنکە بەلەکیان دەهێنا و چەند ڕۆژێك دەیان کوڵاند پاشان دایان دەنا تا سارد دەبۆوە، وە دوایی خۆیان پێ دەشۆری بەمەبەستی چاك بوونەوەو، وە بەپیرۆز دانانی ڕووەکی بەلەك.

بەلاّم باوەڕبوون لە بەکارهێنانی ڕووەکی بەلەکدا بەمەبەستی شیفای نەخۆشی لەناو خەڵکی وولاّتانی تریشدا هەیە، بەتایبەت لەناو خەڵکی میسردا کە بۆ مەبەستی شیفای نەخۆشی لەناو قاپێکدا دەیکوڵێنن و ئەمجا بۆنەکەی هەڵ دەمژن.

[1] دەڵەك: ئاژەڵێکی چوار پێیە لە پشیلە بچوکترە، لەرێوی دەچێت، وە کەڵبەدارە و یەکێ لەخواردنە سەرەکییەکانی مشکە.

[2] واتە: کۆتری شینەکە کە بەزۆری بەسەر منارەی مزگەوتەکانەوە دەنیشنەوە.

[3] باوەڕبوونی هەڵە لەقەلەڕەش دا لای خەڵکی ئێمە، وەکو:-

٥٤- بـــاوەڕبـــوون لـەقـــۆڕی[1] دا: الاعتقادُ في الحرباء

باوەڕییان وایە خەڵکانێ ئەگەر قۆڕی فڕێ درایە سەر ئافرەتێکی ئەزۆک، وە ئـەو ئافرەتـە داچـڵەکی و ترسـا، ئـەوا سـك پـڕ دەبێـت، وە ئەمـەش دووبـارە پـووچ و ناڕاستە، لەبەرئـەوەی ئـەو ذاتـەی ﴿يَهَبُ لِمَن يَشَآءُ إِنَـٰثًا وَيَهَبُ لِمَن يَشَآءُ ٱلذُّكُورَ، أَوْ يُزَوِّجُهُمْ ذُكْرَانًا وَإِنَـٰثًا ۖ وَيَجْعَلُ مَن يَشَآءُ عَقِيمًا﴾ (الشورى: ٤٩-٥٠)، واتە: دەیبەخشێت کچ بەو کەسـەی کە خـۆی دەیـەوێ ،وە کـوڕیش دەبەخـشێت بـەو کەسـەی کـە خـۆی دەیـەوێ، یـاخود بەهەندێکیش کچیش و کوڕیشیان پێ دەبەخشێ، وە هەندێکیش ئەزۆك دەکا و منـداڵی نـاداتێ، ئـەو زاتـەی کـە ئـەم کارانـە ئـەنجام دەدات تـەنها (الله)یە.

- دەڵێن: قەلـەڕەش و قـشقەڕە بەسـەر ماڵتـا بـڕوات و بقیڕێنێـت، ئـەوا مـردووت لێ دەمرێت!!، یاخود قەلەڕەش بەسەر هەر شارو گوندێکدا بقیڕێنێ، ئەوا ئەو شوێنە چۆڵی دەکەن.

- بەلاّم لای ئێمە باوەڕیـان بەکوکوختی هەیە نەك کۆتر، دەڵێن: کوکوختی لەهەر ماڵێکدا هێلانە بکات، ئەوا دەست بۆ هێلانەکەی مەبە، با لەماڵدا بمێنێ، چونکە لەهەر ماڵێکدا هێلانە بکات ئەوە خێرو بەرەکەت و ئاشتییە بۆ ئەو ماڵە، بۆیە هەر ماڵێك کوکوختی هێلانەی تێدابکات زۆر بەم کوکوختیانە دڵ خۆش دەبن و ناوێرن دەستی بۆ ببەن.

[1] قۆڕی: بریتییە لەو خشۆکەی کە چوارقاچی هەیە، و پێستەکەی سەوزێکی کاڵەو بەڵەکی تیایە، وەکو پێستی تیمساح وایە، چاوی دەرپەڕیوە، بەپێ ی ڕەنگی ئەو شوێنەی کە تیابژی ڕەنگی خۆی وەك ڕەنگی ئەو شوێنە لێ دەکات، حەزی لە ڕۆژەو ڕۆژ لەکوێوە بێت ڕوودەکاتە ئەو شوێنە، پێیشی دەوترێ: (بزن مژە) وە بەفارسی پێی دەوترێت: (بز بَختي).

٥٥- بـاوەڕبـوون لـە" كـيـسـەڵ " دا : الاعتقادُ في السُّلحفاة

هەندێ لە خەڵكی باوەڕییان وایە ئەگەر كیسەڵ لەماڵدا بەخێوبكەن، ئەوا ئەو كیسەڵە ڕزق و بەرەكەت بۆ خۆیان و ماڵەكەیان دەهێنێت[1].

---

[1] هەڵەی خەڵكی لەسەر كیسەڵ:-

- لەم ساڵی ٢٠٠٧ لەمانگی هەشتتدا لەوبازاڕەی سەر سی مەترییەكەی ئازادی، چەند كەسێك كۆمەڵێك كیسەڵیان هێنابوو، بۆئەوەی بەفێڵ بیفرۆشن بە خەڵكی، دەیانووت: خوێنی كیسەڵ شیفایە بۆ پەیزی دەست و قاچ چاك دەكات و هەڵی دەوەرێنێت.

- بێگومان ئازاردانی "كیسەڵ"یش یەكێكە لەو هەڵەو گوناهانەی كە پێویستە نەكرێت، بۆ نموونە: خەڵكی وا هەیە كە چاوی بەكیسەڵ دەكەوێت یەكسەر دەچێت دەیخاتە سەر پشت و هەڵی دەگێڕێتەوە، دوایی ئەو كیسەڵە زۆر بەناڕەحەت خۆی دەخاتەوە سەردەم و دەڕوات، چونكە ناڕەحەترین شت لای كیسەڵ ئەوەیە كە بكەوێتە سەرپشت، بۆیە كاتێك دوو كیسەڵ شەڕ دەكەن لەگەل یەكتریدا هەریەكەیان هەوڵ دەدات ئەوی تریان بیهەژێنێت بەوەی كە بیخاتە سەرپشت، كە خستیە سەرپشت ئیتر بەجێی دەهێڵێت و وەدوایی زۆر بەزەحمەت ئەوكیسەڵە خۆی دەخاتەوە سەردەم، بڕوانە ئەم دوو ڕووداوەت بۆ بگێڕمەوە كە لەدوو لادێی كوردستانی خۆمان ڕوویداوە:-

- لە یەكێك لە لادێكانی سلێمانی كە دەكەوێتەپشت شاخی گۆیژەوە، لەو لادێیەدا چەند ساڵێك ژمارەیەكی زۆر لەكیسەڵ لە لادێكەیاندا هەبووە، هەندێك لەو كیسەڵانە بچوك بوون و، وەهەندێكی تریان گەورە بوون، وە خەڵكی ئەم لادێیە هاتوون ئەو كیسەڵە گەورانەیان كردووە بەڵەپان و شایەن و كیلۆ،وە هەر كەسێك ویستبێتی كە بزانێ كێشی قورسە یان نا!!، چووەتە سەر پشتی یەكێك لەو كیسەڵە گەورانەوە، وە كۆمەڵێك خەڵكی زۆریش بەچواردەوری ئەو كەسەدا كردوویانە بەپێكەنین و گاڵتە، ئەمجا دوای ئەوە كە ئەو كەسە چۆتە سەر پشتی ئەو كیسەڵە، ئەگەر كەمێك كیسەڵەكە سەری دەرهێنا بێت،ئەوا خەڵكەكە بەو كەسەیان وتووە: تۆ پەنجا

٥٦- باوەڕبوون لە مقەست دا: الاعتقادُ في المقص

هەندێ لەخەڵكی باوەڕییان وایە ئەگەر مقەست دەمەكەی بكرێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەكت پێی هەبێت، وە بەبێ ئەوەی ئیشی پێ بكەیت، ئەوا شەڕو ئاژاوە و بەڵاو نارەحەتی دەهێنێ.
وە ئەمەش بیروباوەڕێكی هەڵەیە.[1]

كیلۆی!!، وە ئەگەر زیاتر كیسەڵەكە سەری دەرهێنا بێت،بۆ نموونە بیان وتووە:تۆ حەفتا كیلۆیت و قورستری!! چونكە زیاتر قورسایت خستۆتە سەر پشتی ئەو كیسەڵە بۆیە ملی زیاتر دەرهێناوە...تیتر ئابەم شێوەیە، خۆ ئەگەر كەسێك چوو بێتە سەر پشتی یەكێك لەو كیسەڵانە و، بەڵام سەری دەرنەهێنا بێت خەڵكەكە گاڵتەیان پێكردووە و پێیان وتووە: تۆ لەپان ناتخوێننێتەوە!!!.

- یەكێكی تر لە دانیشتوانی لادێیەكی تر دەڵێت: جارێك ویستم كیسەڵێك بكوژم و پشتە ڕەقەكەی بۆ جوانی هەڵبگرم لەلای خۆم، دەڵێت: هاتم كیسەڵێكم هێنا و خستمە سەرپشت، بەڵام بۆئەوەی ئیتر جارێكی تر نەتوانێت خۆی بخاتەوە سەر پشت تادەمرێت، هاتم قوڕێكی شلم بۆ گرتەوە و وەلەسەر پشت خستمە ناو قوڕەكەوە، وە هەركاتێكیش كە قوڕەكە ووشك بۆیەوە ئیتر هەر ناتوانێت خۆی بخاتەوە سەردەم بۆ ئەوەی لەبرساندا بمرێت، وە كەمرد ئیتر لەبەرخۆردا ووشك دەبێتەوە و دەتوێتەوە، دوایی منیش ئەو قاپووڕە ڕەقەی دەبەم بۆ خۆم، دەڵێت: بەڵام لەو شوێنەی كە ئەم كیسەڵەم وا لێكرد كێڵگە بوو وە لەنزیكی كێڵگەكەدا چەڵتوكی برنجی لێ كرابوو، ئەمجا كیسەڵەكەم بەجێ هێشت تا دوو هەفتە پێم نەكرا بچمەوە بەلایدا، كە دوای ئەم ماوەیە چوومەوە تابزانم چی بەسەر هاتووە، دەڵێت ووتم: بەخوا ئێستا هەر قاپوڕەكەی بۆمن ماوە و خۆی مردووە، دەڵێت: كاتێك كە نزیكی كیسەڵەكە بوومەوە سەیر دەكەم پۆلێك چۆلەكە وە تان لەسەر سكی كیسەڵەكە، خێرا دەچن بەدەنووك چەڵتوكی بۆ لێ دەكەنەوە و ئەمجا یەك بەیەك دەیهێنن و دەچنە سەر سكی و وە بەدەنووك چەڵتوكەكەی بۆ پاك دەكەن وە دەنكە برنجەكەی بەدەنووك دەخەنە ناودەمی، دەڵێت: ئەو چۆلەكانە ئەوەندە چەڵتووكیان دابووێ بەشێوەیەك كە هەردوو ئەم لاو ئەولای ئەو كیسەڵە بەرز بوو بۆوە لەتوێكڵی برنجدا، دەڵێت: وتم بەخوا خوا نایەڕێت تۆ بمریت، وە ئەم چۆلەكانەیشی بۆ تۆ ناردووە، دەڵێت: ئیتر كیسەڵەكەم خستەوە سەردەم و لێی دا و ڕۆیی.

لا اله الا الله، بەڕاستی هەموو سیفاتێكی جوان هەر بۆ تۆ جوانە، و وە هەر بۆ تۆش شیاوە.

[1] بیروباوەڕی هەڵە لەسەر مقەست لای ئێمە، وەكو:

٥٧- باوەڕبوون لەئاوێنەدا: الاعتقادُ في المرآة

هەندێ لە خەڵکی باوەڕییان وایە کە ئەگەر بەشەو سەیری ئاوێنە بکەی دروست نییە، وە هەندێکی تریان باوەڕییان وایە ئەگەر ئاوێنە بەشەو دا بەبێ داپۆشین بەجێ بهێڵێت، ئەوا ئەگەر هاتوو ئافرەتی ئەوماڵە سکی هەبوو سکەکەی لەباربەچێت.... وە هەموو یەکێ لەمانە باطیل و ناڕاستە.[1]

٥٨- باوەڕبوون لەگسک دانی ماڵ دا: الاعتقادُ في كَنس البيت

هەندێک لەو خەڵکە باوەڕییان وایە ئەگەر کەسێک بیەوێت بچێ بۆ سەفەر، وەکاتێک لەماڵەکەی خۆی دەرچوو بۆ سەفەرکردنەکەی، لەو کاتەدا ئەندامانی ئەو ماڵە ماڵەکەیان گسک دەدا، ئەوا ئەو کەسە موسافیرە لەو سەفەرەی ناگەڕێتەوە، بۆیە ڕەش بین دەبن ئەگەر لەو کاتەدا کە ماڵەکەی گسک بدرێ.[2]

- ئەگەر مقەست بەدەم کراوەیی بەجێی بهێڵێت، ئەوا ئاژاوەی ماڵی پێوەیە!!.
- ئەگەر مقەست بدەیتە دەست هەر کەسێک، ئەوا شەڕت دەبێت لەگەڵ ئەو کەسەدا.

[1] بیروباوەڕی هەڵە لەناو ئێمەدا لەسەر ئاوێنە، ئەوەیە کە:
نابێت بەشەودا سەیری ئاوێنە بکەیت، چونکە دەڵێن: شێت دەبیت!!، یان جنۆکە دە ستت لێ دەوەشێنێت!! .

[2] لای ئێمە ئەم بیروباوەڕە نییە، بەڵام کۆمەڵێک بیروباوەڕی پڕوپووچی تر هەیە لەسەر سەفەرکردن، وەکو:
- ئەگەر بەری پێت بخورێت، ئەوا سەفەر دەکەیت!!.
- ئەگەر پێڵاوەکانت سەریەک بکەوێت: ئەوا سەفەر دەکەیت!!، وە ئەگەر پێڵاوەکانت ڕووەو هەر شوێنێک سەریەک بکەوێت: ئەوا بەرەو ئەو شوێنە سەفەر دەکەیت!!.

٥٩- قسەی هەندێ نەزان" بۆ ئێمە لە سورەتی ﴿عَبَس﴾دەخوێننەوە"[١]:

إحنا بنقرا في سورة ﴿عَبَس﴾ .

ئەم قسە هەندێ لەخەڵکی نەزانی وولآتی میسر دەیڵێن، ئەگەر قسەیان بۆ کەسێك کردوو وە ئەو کەسە لەقسەکەیان تێنەگات ئەم قسەی بەرامبەر دەکەن، وە مەبەست بەم قسە ئەوەیە وەکو وایە بڵێی: ئایا ئێمە وەکو قسەی جادووگەر[٢] قسە دەکەین تا خەڵکی لێی تێنەگات و وەپەندو ئامۆژگاری لێ وەرنەگرێت وەکو سورەتی (عبس).

- ئەگەر کەسێك چوو بۆ سەفەر ئاوی بەدوادا هەڵ بپرژێنە، بۆئەوەی زوو و وەبەسەلامەتی بگەرێتەوە، وە ئەگەر بتەوێت ئەو کەسە نەگەڕێتەوە ئەوا گۆزەیەکی رەشی بەدوادا بشکێنە .

-لە مانگی سەفەردا، لەدە رۆژی کۆتاییدا ئەگەر لە چوارشەممە دا سەفەرێك بهاتایەتە پێشەوە، دەیان وت: کوڵە چوارشەممەیە!، شومە سەفەری تیادا بکەیت.

- ئەگەر کەسێك ویستی بچێت بۆ سەفەر یان ویستی کارێك بکات، لەو کاتەدا کە باسی سەفەرەکەی کرد، یان باسی ئەو کارەی کرد کە دەیەوێت بیکات، خۆی بپژمێت یان کەسێکی تر لەو ناوەدا ببژمێت، یەکسەر دەڵێن: سەبری هێنا!!، خێر بێت چاوەڕێ بکە جارێ مەچۆ، دەبێت سەفەرەکەی دواخات، خۆ ئەگەر دووجار بپژمێن ئەوا دەڵێن: خێرە شوکور!! بچۆ سەفەرەکەت یان کارەکەت بکە.

[١] بگەڕێرەوە بۆ پەرتووکی: (أقوالٌ وأفعالٌ خاطئة)ی د.طلعت زهران لاپەڕە ٢٩.

[٢] قسەی جادووگەر: بریتییە لە کۆمەڵە قسەیەك کە کوفرو شیرکییاتە بەرامبەر بە خوا، بۆ ڕازی کردنی شەیتان دەیانڵێت،کە بەشێوەی وورتە وورت و وە بەخێرایی دەم دەجوڵێنێ، وە وورتنەکەیشی تێکەڵ و پێکەڵە، بەشێوەیەك هەر کەسێك گوێی لێ بگرێت لێی حاڵی نابێت، واتە: وەکو بڵتە بڵت وایە.

وەئەم قسەیەش دروست نییە بووترێت. لەبەرئەوەی وەسف کردنی قورئانی پیرۆزە، بەوەی کە ئەم قورئانە کۆمەڵێ ووتەیە کە ڕوون و ئاشکرا نین و، وە خەڵکی لە ئایەتەکانی تێ ناگات.
کەچی خوای بەرزو بڵند لە قورئانەکەیدا ڕوونی کردۆتەوە کە ئەم قورئانە کۆمەڵێ ووتەن کە دەربڕێنراون بەزمانێکی عەرەبی ڕوون و ئاشکرایە.

خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ﴾، (القمر: ١٧). واتە: سوێند بێ ئێمە ئەم قورئانەمان ئاسان کردووە بۆ لەبەرکردن و تێگەیشتن، وە ووشەکانیمان ئاسان کردووە بۆ دەربڕین پێ کردنی، وە مانای ئایەتەکانیشمان ئاسان کردووە بۆ تێگەیشتن، پڕمان کردووە لە پەندو ئامۆژگاری، تا هەر کەسێك کە بیەوێت لێی بەهرەمەند ببێت، ئایا ئیتر کەسێك هەیە لەم قورئانە پەندو ئامۆژگاری و عیبرەتی لێ وەرنەگرێت.
وەدەفەرمووێت "جل جلاله": ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ قُرْءَٰنًا عَرَبِيًّا لَّعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ﴾ (یونس: ٢) ، واتە: ئێمە قورئانمان بەزوبانی عەرەبی ناردووە بۆ سەر پێغەمبەرەکەمان، بەڵکو بەهۆی ئەم قورئانەوە ئێوە عەقڵ و بیرو هۆش پەیدابکەن.

وە هەروەهادەفەرموێت "سبحانه" ﴿كِتَٰبٌ فُصِّلَتْ ءَايَٰتُهُۥ قُرْءَانًا عَرَبِيًّا لِّقَوْمٍ يَعْلَمُونَ﴾ (فصلت: ٣) ، واتە: ئەم قورئانە پەڕاوێکی ئاسمانییە، ئایاتەکانی شیکراوەتەوە، ماناو مەبەستەکانی بەڕۆشنی و وە بەجوانی خراونەتە ڕوو، وە ڕوون و ئاشکران، بەزوبانی عەرەبی نێردراوەتە خوار بۆئەوەی لێ تێگەیشتنی ئاسان بێت، وە ووشەو ڕستەکانی ڕەوان و

شیرینن، بۆنموانەی زاناو تێگەیشتوون لە ڕەوانی و پاراوی و بەلاغەی قورئان حاڵی دەبن.[1]

٦٠- ئەم قسەیە "تەمەنی درێژی بۆ تۆ بەجێ هێشتبێ": البقیة في حیاتك[2][3]

ئەم قسەیە کەسێك دەیڵێت کەسەرەخۆشی دەکات لە کەسێك کە خزمێکی نزیکی یا هاوڕێیەکی مردبێت، وە مەبەستی بەم قسەیە ئەوەیە: کە ئەو مردووە پێش ئەوەی کە کۆتایی هاتبێ بەئەجەلی مردووە، واتە: پێش ئەوەی تەمەنی خۆی تەواو بکات مردووە، وە ئەو کەسەی کە سەرەخۆشییەکە دەکات ئەپاڕێتەوە لەخوای گەورە کە چەند لەتەمەنی ئەو کەسە مردووە ماوە بیخاتە سەر تەمەنی ئەم خزمە نزیکەی ئەم مردووە یان ئەم هاوڕێی مردووە.

وە بێگومان ئەم قسەیەش قسەیەکی هەڵەیە، وە بیروباوەڕێکی پوچ و ناڕاستە، لەبەرئەوەی هیچ کەسێ نامرێت پێش کۆتایی نەهاتنی ئەجەل و تەمەنی.

---

[1] ئەم قسەیە نییە لەناو خەڵکی ئێمەدا، بەڵام زۆر بەداخەوە قسەیەکی تر هەیە کە بەڕاستی هەر کەسێك خۆی بەمرۆڤ بزانێت قەت شتی وا ناڵێت، ئەویش ئەوەیە:
- ئەگەر کەسێك بانگی فەرموو یاخود قورئانی خوێندەوە و بەڵام دەنگی ناخۆش بوو، خەڵکانێکی زۆر نەفام و گێل بەو کەسە دەڵێن: گوێ گرە بزانە چ هۆڕە هۆڕێکی ناوەتەوە، یان دەڵێن: ئەڵێی میز بەتەنەکەدا دەکات.

[2] البقیةُ في حَیاتِكَ، واتە: باقی تەمەنی ئەو مردووە بۆ تۆ بێ، یان چەند لەتەمەنی ئەو مردووە ماوە بچێتە سەر تەمەن و ژیانی تۆ.

[3] بگەڕێرەوە بۆ پەرتووکی (اقوال وافعال خاطئة) ی" زهران" لاپەڕە (٢٩).

خـــوای گـــەورە بەفـــەرموویێت: ﴿وَلِكُلِّ أُمَّةٍ أَجَلٌ فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا يَسْتَأْخِرُونَ سَاعَةً وَلَا يَسْتَقْدِمُونَ﴾ (الاعراف: ٣٤). واتــە: هــەموو مرۆڤێك و گەل و نەتەوەیەك كاتێكی تایبەت بۆ وەختی مردنیان دیاری كراوە، جا ئەگەر ئەو كاتەی خۆی هات، ئیتر بەهیچ شێوەیەك ساتە وەختێ دوا ناخرێ و وە ساتە وەختێكیش پێش ناخرێ.

وە "ابــی أمامــة"- ڕەزای خـوای لێ بێـت -فەرموودەیـەكی گێراوەتـەوە كـە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إنّ روح القدس نفث في رَوعي، أنّ نفساً لن تموت حتى تستكمل أجلها، وتستوعب رزقها، فاتقوا الله، وأجملوا في الطلب، ولايحملنّ احدُكم استبطاء الرزق أن يطلبه بمعصية الله، فإن الله تعالى لاينال ما عنده الاّ بطاعته)[1]، واتـە: بەڕاستی "جبریل" خستویەتیە ناو هەست و دەروونمەوە، كەوا هیچ نەفسێك نامرێت هەتا ئەجەل و تەمەنی خۆی تەواو نەكات، وە هەتا هەموو ڕزقی خۆیشی نەخوات نامرێت، لەخوا بترسن!! بەشوێن ڕزقی حەلاڵ و پاكدا بگەڕێن، با هیچ كەسێك لە ئێوە سست بوون و دواكەوتنی ڕزق وای لێ نەكات، ئەو ڕزقەی لە ڕێگەی سەرپێچی كردنی خودلوە بەدەست بهێنێ، چونكە بەڕاستی ئەوەی لای خوای پەروەردگارە بەدەست ناهێنرێت ئیللا بەگوێڕایەڵی كردنی خودا نەبێت.[2]

---

[1] حدیثٌ صحیح: رواه ابو نعیم لە "الحلیة"دا، و شێخ ئەلبانیش بەصەحیحی داناوە لە (صحیح الجامع) دا بەژمارە (٢٥٨٥).

[2] ئەم قسەیە زۆر بڵاوە لەناو عەرەبدا، كە كەسێك بمرێت بەخاوەنی مردووەكە دەڵێن: باقی تەمەنی ئەو مردووە بۆ ئێوە بێت!!، یان خوا تەمەنتان درێژ بكات بەتەمەنی ئەم مردووە. بەداخەوە هەر هەمان ئەم قسەیەش لەناو خەڵكی ئێمەشدا هەیە، بەڵكو بەزیاترەوە، وەكو:

٦١- ئەم قسەیە "خوا ئەو کەسەی بیر کەوتۆتەوە" : رَبُّنا افتَکَرهُ

ئەم قسەیە هەندێ لە خەڵکی ئەیڵێن،کە ئەگەر ویستیان هەواڵی مردنی کەسێك رابگەیەنن، وە ئەم قسەیە قسەیەکی بێ باوەڕی هەڵەیە، لەبەرئەوەی واتاکەی ئەوەیە: کە بەڕاستی ئەو کەسەی کە مردووە خوای گەورە بیری چۆتەوە،و پاشان خوای گەورە بیری کەوتۆتەوە کە ئەو کەسە هەیە ئەمجا مراندویەتی.

بەڵام خوای بەرزو بڵند پاکە لە هەموو کەم و کورتییەك، وەکو خەوتن و لەبیرچونەوە و وە وێنەی ئەمانە، خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ نَسِيًّا﴾ (مريم: ٦٤)، واتە: پەروەردگارەکەی تۆ. هەر کارێکی بوێت لەبیری ناچێت، وە لەو کاتەی کە بۆی دیاری کردووە دەیهێنێتە دی.

وەخوای گەورە و میهرەبان لەسەر زوبانی پێغەمبەر (موسى) علیه السلام دەفەرمووێت: ﴿لَّا يَضِلُّ رَبِّي وَلَا يَنسَى﴾، (طه :٥٢)، واتە: پەروەدگاری من هیچی لێ تێك ناچێت، وە هیچیشی لەبیر ناچێتەوە، وە هیچیشی لێ وون نابێت.[1]

- بەخاوەن مردووەکە دەڵێن: تەمەنی درێژی بۆ ئێوە بەجێهێشتبێت.
- یان دەردو بەڵاو ناخۆشی لەگەڵ خۆیدا بردبێت.
- یان ئەمە ئاخرین موسیبەت و دوا ناخۆشیتان بێت، ئیتر یاخوا بەخۆشیتانەوە بێن بۆ ماڵتان.
- یاخود دەڵێن: یاخوا چەند گڵێ بەسەر ئەوەوەیە، ئەوەندە عومرت بێت.
- یاخود دەڵێن بە خاوەن تەعزییەکە:چاوی خێری لێتان بێت(واتە:مردووەکەیان) .

[1] لەناو خەڵکی ئێمەدا، ئەگەر ویستیان دڵخۆشی خاوەن تەعزییەیەك بدەنەوە، بە کۆمەڵێ ووتەی پڕوپووچ دڵخۆشی دەدەنەوە، وەکو:

٦٢- قسەی هەندێ "یاربِّ یاساتِر": واتە: ئەی پەروەردگار ئەی داپۆشەر.

ئەم قسەیەش هەڵەیە، لەبەرئەوەی دروست نییە وەسفی خوا بە "ساتر" بکرێت، لەبەر دوو هۆ:

١) ووشەی "ساتر" واتە: داپۆشەر، یەکێك نییە لە ناوەکانی خوای گەورە و سیفەتەکانی.

٢) الساتر: بریتییە لەبەربەستێك کەوا شت لەپشت خۆیەوە قەدەغە و گل ئەداتەوە، وە دروست نییە ئەوە بەخوا بووترێت.

- هەندێك لەخەڵکی ئەڵێن: خوا ئێوەی بیر کەوتۆتەوە کە مردووی لێ مراندوون.
یاخود ئەڵێن: خەڵەت مەخۆن خوای گەورە ئێوە بەسەر کردۆتەوە، وەکو وابێت خوای گەورە هیچ شتێکی لەوە باشتری نەبێت کەوا خەڵکی پێ بەسەر بکاتەوە ئیللا ئەوە نەبێت کە مردوویان لێ بمرێنێت.

- یان ئەڵێن: سەبر بگرن!! تازە خوا بارەکەی لێناون، وەکو وابێ خوای گەورە ئەو خاوەن تەعزییەکەی کردبێت بە گوێ درێژ و باری لێنابن، کەچی خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ وَحَمَلْنَٰهُمْ فِي ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ وَرَزَقْنَٰهُم مِّنَ ٱلطَّيِّبَٰتِ وَفَضَّلْنَٰهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا﴾ (الاسراء: ٧٠)، واتە: بەڕاستی ئێمە ئادەم خویشی و وە ئەوەکانیشیمان ڕێز لێناوە، وە هەڵمان گرتوون لەوشکانی دا بەهۆی ئەسپ و گوێ درێژ سەیارەوەو هەموو هۆکارەنی گواستنەوە، وە لەناو دەریاشدا هەڵمان گرتوون بەهۆی کەشتی و وەهەموو ئەو ئامێرانەی کەلە دەریاکاندا بەکاردەهێنرێن، وە ڕزق و ڕۆزیشمان داون لەهەموو بەروبوومێك کە پاك و بەتەمام بێت، وە هەروەها گەورەیی و ڕێزی مرۆڤمان داوە بەسەر زۆرینەی هەموو ئەو دروستکراوانەی کە خوای گەورە دروستی کردوون، یعنی: هەموو شتێك لەم بوونەوەردا خراوەتە خزمەتی مرۆڤەوە، نەك بەقسەی پووپیرێژن خوا مرۆڤی کردبێت بە گوێ درێژ و باری لێنابێت.

بەلام خوای بەرزو بلند ناوی : " سِتِّيرٌ "ە نەك ساتر، ئەویش بە بەلگەی ئەو فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) کە فەرموویەتی: (إنَّ اللهَ حييٌ سِتِّيرٌ يُحِبُ الحياءَ والسّتر)[1]، واتە: خوای گەورە خاوەنی شەرمەو وە زۆر دەپۆشەرە، وە شەرمو داپۆشینیشی خۆش دەوێت.

٦٣- باوەڕبوون بەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم دروست کراوی خوایە: (أوَّلُ خَلْقِ اللهِ).

ئەم قسەیە هەندێ لەبانگ بێژەکان دەیڵێن لەوەدا کە ناو دەبرێت بە (توا شيح) واتە: صەلاکردن، کە ئەم (تواشیح)ە: بریتییە لە کۆمەڵێ هۆنراوە و قسەیەکی داهێنراو بیدعە،کە هەندێ لەبانگ بێژەکان پێش وتنی بانگی بەیانی دەیڵێن، وە لەبارەی پێغەمبەرەوە دەڵێن: (يا أوَّلَ خَلْقِ اللهِ، وخاتمَ رُسُلِ اللهِ)[2]، واتە: ئەی یەکەم دروستکراوی خوا، ئەی کۆتا پێغەمبەری خوا.

وە ئەمەش قسەیەکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) یەکەم دروستکراوی خوا نییە، وە بەڵگەش لەسەرئەوەی کە پێغەمبەر یەکەم دروستکراوی خوا نییە ئەو فەرموودەیە کە (عبادة کوڕی الصامت)

---

[1]حديث صحيح: رواه(ابو داود) بەژمارە (٤٠١٢)، و(النسائي) بەژمارە (٤٠٧)، وە شێخ ئەلبانیش بەصحیحی داناوە لە (صحيح ابى داود) دا بەژمارە (٤٠١٢).

[2](خاتم رسل الله) هەڵە نیە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاستە کۆتایی هەموو پێغەمبەرانە، بەلام مەبەستی نووسەر لەوەی کە هەڵەیە ڕستەی (اولَ خلق الله)ی هەڵەیە بەپێغەمبەر (ﷺ) بوترێت، وە هەروەها هەردوو ڕستەی (يا خاتم رسل الله و يا اول خلق الله) دروست نییە لەپێش بانگی بەیانییەوە بووترێت، چونکە بیدعەیە وتنیان لەو شوێنەدا.

-ڕەزای خوای لێ بێت- گێراویەتیەوە کە فەرموویەتی: گوێم لەپێغەمبەری خوا بوو (ﷺ) دەیفەرموو: (إنَّ أوَّلَ ما خَلَقَ اللهُ، القلمُ، فقال له: أُكتُبْ. قال: ربِّ وماذا أكْتُبُ؟ قال: أُكتُبْ مقاديرَ كلِّ شيءٍ حتى تقوم الساعةُ) [٢]، واتە: یەکەم شتێك کە خوا دروستی کرد: قەڵەم بوو، خوای گەورە پێی فەرموو: بنووسە، قەڵەمەکەش وتی: ئەی پەروەردگارم چی بنووسم؟ خوای گەورە فەرمووی: بنووسە ئەندازەگیری هەموو شتێ هەتا هاتنی ڕۆژی قیامەت.[١]

---

[٢] حديثٌ صحيح: رواه (ابو داود) بەژمارە (٤٧٠٠)، و(الترمذي) بەژمارە (٣٣١٩) وە فەرموویەتی ئەم فەرموودە: حسنٌ صحيحٌ غريبٌ، و ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە لە "صحيح ابي داود" دا بەژمارە (٤٧٠٠).

[١] صلاوات دان لەسەر پێغەمبەر کە پێی بڵێت (اول خلق الله) زۆرە لەناو خەڵکانی ئێمەشدا، بە بەڵگەی ئەوەی کە لەسەر مکابەرەی مزگەوتەکانەوە دەدرێت بەگوێی هەموو خەڵکیدا، یاخود ئەگەر بتەوێ گوێت لەم جۆرە وەسفانە بێت لەبارەی پێغەمبەرەوە، ئەوا (٥) دەقیقە پێش بانگی بەیانی هەستە لەخەو گوێ بگرە ئەڵێی ڕۆژی حەشرە، لەهەموو مزگەوتەکانەوە دەنگ دێت وە هەر کەسە بەجۆرێ و وە هەر کەسە بەئاوازێك وەسفی دەکات، یاخود کەسانی وایان هەیە شیعرو هۆنراوەی ئەو شاعیرانەی کە لەبارەی پێغەمبەرەوە وتوویانە ئەوە دەکات بە صەلاکردنەکەی، هەندێك لەو وەسفە ناشەرعیانە، وەکو:

- یاطبيبَ قلوبنا. واتە: ئەی پزیشکی دڵەکانمان.

- یا نور ابصارنا. واتە: ئەی نوور و تینی چاوەکانمان.

- یاخود لەکاتی بانگداندا، کە بانگ بێژ گەیشتە (اشهدُ أنَّ محمداً رسول الله)، خەڵکانێك هەردوو بەنجە گەورەی هەردوو دەستی دەلکێنێت بەیەکەوە و، وە هەردوو نینۆکی ئەو دوو پەنجەیەی ماچ دەکات و ئەمجا بەهەردوو چاوی دا دەیهێنێت لەم سەر بۆ ئەو سەر، بەگومانی ئەوەی دەڵێت: ئەگەر وابکەی لەدوای

٦٤- ئەی نوری عەرشی خودا؛ یا نورَ عَرش الله

ئەم قسەیە تاوتویێ دەکرێت و دەوترێت لەسەر زوبانی زۆرینەیەك لە خەڵكی كە بەپێغەمبەر (ﷺ) دەڵێن: (یانورَ عرش الله). كە ووتنی ئەم قسەیە دوو واتا هەڵدەگرێ:

یەكەم: كە پێغەمبەر (ﷺ) دروست كراوە لەنوری عەرشی خوا، وە ئەم بۆچوونە بۆچوونێكی هەڵەیە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) مرۆڤەو، وە وەكو مرۆڤیش دروستكراوە، خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿قُلْ إِنَّمَآ أَنَا۠ بَشَرٌ مِّثْلُكُمْ يُوحَىٰٓ إِلَىَّ﴾ (الكهف: ١١٠)، واتە: ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: تەنها منیش مرۆڤێكم وەكو ئێوە، خوای پەروەردگار نیگام بۆ دەكا و وەكردوومی بە پێغەمبەر.

دووەم: یاخود ئەگەر مەبەست بەم قسە ئەوە بێت، كە پێغەمبەر (ﷺ) سەرچاوەو چاووگ و كرۆكی نوری عەرشە، ئەوا ئەمەش دووبارە باطیل و پووچ و ناڕاستە، لەبەرئەوەی خوای گەورە خۆی دەفەرمووێ: ﴿ٱللَّهُ

(اشهدُ ان محمداً رسول الله)دا ئەوا قەت تووشی چاو ئێشە نابیت، یا درەنگ لەپیریدا چاوت كز دەبێت.

بەڵام ئەگەر ڕاستیمان بوێت پێغەمبەری خوا بەهیچ وەسفێك لەم وەسفانە ڕازی نییە، بەڵكو فەرموویەتی: وەسفی من بكە بە (عبدُ الله و رسولُ الله)، واتە: بەندەی خواو پێغەمبەری خوا، ئەمەش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئیمامی بوخاری گێڕاویەتییەوە كە پێغەمبەری خوا فەرموویەتی: (لاتطرونی كما اطرت النصاری ابن مریم، فإنما انا عبدٌ، فقولوا: عبدُ الله و رسولهُ)، واتە: هەڵم مەنێن و زیادەڕەوی مەكەن لەبارەمەوە، وەكو چۆن گاورەكان زیادەڕەوییان كردن لەبارەی كوڕەكەی مەریەمەوە، بەڵكو بە تەنها بەمن بڵێن و وەسفم بكەن بە (عبدالله و رسوله)، واتە: بەندەو پێغەمبەری خوا.

نُورُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ ﴾ (النور: ٣٥)، واتە: (الله) خوّی نوورو ڕۆشنایی ئاسمانەکان و زەوییە.[1]

---

[1] ئەو خەڵکانەی کە بەپێغەمبەر دەڵێن: نوری عەرشی خودا چەند کەسێکی دیاری کراو نین، یاخود بەتەنها لەیەك وولاّتدا نین، بەڵکو خەڵکانێکی زۆر ئەمە بووە بەباوەڕیان، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە بیروباوەڕی سۆفیگەرێتیان هەیە، بەتایبەت تریش ئەم جۆرە قسەنا بیروباوەڕی زاناکانیانن، کە بانگەشەیشی بۆ دەکەن لەکتێب و ووتارەکانیاندا، وە زمانی خەڵکی لەسەر ڕاهەێنن و وەسەری خەڵکی پێوە گەرم دەکەن، وە سەرچاوەی دەرهێنان و دروستکردنی ئەم قسانەش کۆمەڵێك قسەی ناڕاست و درۆینەن، کە دەڵێن: ئەمانە فەرموودەی پێغەمبەرن، و وەکردویانە بە بەڵگە بۆ چەسپاندنی ئەم جۆرە قسانە لەبارەی پێغەمبەرەوە، کە هیچ کامێك لەو قسانە ڕاست نین و وە هیچیان فەرموودەیەی پێغەمبەر (ﷺ) نین، بەڵکو کۆمەڵێ قسەی درۆینەن و بۆ پێغەمبەریان دروست کردووە، هەندێ لەو بەناو فەرموودانە:

- (اولُ ما خلقَ اللهُ نورَ نبيك ياجابر)، واتە: یەکەم شتێك کە خوا دروستی کرد، نوری پێغەمبەرەکەی تۆ بووە ئەی جابر.

- (إن الله قبض قبضةً من نوره فقال لها: كوني محمداً)، واتە: بەڕاستی خوای گەورە جنگێکێ لەنوری خودی خۆی گرتوو، ئەمجا بەو نورەی فەرموو: ئەی نورەکە ببە بەمحمد.

- یاخود یەکێك لە زانا سۆفییەکان لەکتێبی (زیکری ئێواران و بەیانیان)دا کە دانراوی خۆیەتی، ناوا صەلاوات لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) دەدات: (اللهُمَ صَلِّ على محمد الذي خلقتَ من نوره كل شيء)، واتە: خودایە درورد و سلاّو بڕێژی بەسەر ئەو (محمد)ەی، کەوا دروستت کردووە لەنووری ئەو محمدە هەموو شتێك، یعنی لەلای ئەمە کە پێی دەوترێت زانا لەناو ئەواندا، هەموو شتێك خوت لە نوری پێغەمبەر (ﷺ) دروستی کردووە، هەموو شتێکیش وەکو: (زەوی ،و ئاسمان، و ئاو، و هەوا،و مرۆڤ، و جنۆکە،و دار،و بەرد،و هەموو حەیوانات و، هەموو پەلەوەر، ماسی و..... هەتا کۆتایی)، دەی خۆ هەموو شتێ شەیتان و بەرازو

٦٥- ئەم قسە "رَبُّنا موجود"[1] : پەروەردگارمان مەوجودە

ئـەم قـسەیە هەنـدێ لەخـەڵکی دەیڵێـت، وە لەگـەڵ ووتنەکەشـیدا بـێ ئاگایشن لەواتاکەی، چونکە هیچ دروست کراوێك نییە ئیللا خالقێك و دروست کەرێکی هەیە، وە هیچ شتێك نییە کە هەبێت و هێنرابێتە بوو

مەیمونیش دەگرێتەوە، چونکە شەیتان و بەرازیش یەکێکن لە شتەکان، دەی تۆ خوا دەگونجێ لەنوری پێغەمبەر (ﷺ) خراپە کارێکی وەکو شەیتان دروست کرابێت، یـاخود ئـاژەڵێکی پیـسی وەکـو بـەراز دروسـت کرابێـت، دەگـونجێ ئـاوا وەسـفی بەرێزترین مرۆڤــ بکەین کە پێغەمبەری خوایە (ﷺ).

- یاخود دەڵێن: کاتێك کە خوا ئادەمی دروست کرد، ئادەم سەری هەڵبڕی سەیری عەرشـی خـوا بکـات، لـەلای عەرشـی خـواوە نـوورێکی پرشـنگداری بینـی، ئـادەم فەرمووی: خوایە ئەو نورە چییە؟ پێیان ووت ئەوە: نوری "محمدولمصطفی" یە. بەقسەی ئەمان نوری پێغەمبەر لەپێش ئادەمیشە دروست بووە، ئەمجا هەر کەسێك عەقڵیەتی وەکو ئەوان وابێت و وەکو ئەوان بیربکاتـەوە، ئەم دۆرە وەسفانەی بۆتـە بیروبـاوەڕی، وە لـەناو کوردیـشدا خـەڵکانێکی زۆر هەیـە، هـەر هـەمان ئـەم بـیرو باوەڕەیان هەیەو، وەهەر هەمان ئەم قسانە دەکەن لەبارەی پێغەمبەرەوە (ﷺ)، کە بەداخەوە خۆیشیان زۆر بەتێگەیشتوو دەزانن لەدینـدا، وە هـەر خۆشیان بەڕاسـت دەزانن، وە غەیری خۆیان بەگومڕا دەزانن.

یاخود درۆیەکی تریان دروست کردووە و ناویان لێناوە فەرمودەی قودسی، کەوا خوا بەپێغەمبەری فەرمووە (لولا لولا ما خلقت الافلاك)، واتە: ئەگەر لەبەر خاتری تۆ نەبووایە،ئەگەرلە بەر خاتری تۆ نەبووایە، من ئەم بوونەوەرەم دروست نەدەکرد.

[1] کە دەوترێت (خوا موجود)ە: مەبەستیان ئەوەیە کە خوا هەیە، بەڵام ووشـەی (موجود) واتاکەی (هەیە) نییە، وە هەر کەسێ بڵێ (خوا موجود)ە گوناهی دەکات، چونکە ووشـەی (موجـود) واتـە: یـەکێکی تـر خـوای هێناوەتـە بـوون و دروسـتی کردووە، دەی شـتی وا چۆن لەگەڵ "الله" دا دەگونجێ، کە تـەنها خۆی خودایـە و تەنها خۆیشی بەدیهێنەرو دروستکەرە.

ئیللا یەکێك هەیە هێناویەتیە بوو، ئەی خوای بەرزو بڵند، ناوی (واجِد)ە، واتە: ذاتێکە هەموو شتێك دێنێتە بوون، بەڵام ناوی (موجود) نییە، واتە: ذاتێك بێت و هێنابێتیانە بوون.

٦٦- ئەم قسەیە" رَبُنا في كلِّ مكان" : واتە : خوا لەهەموو شوێنێکە

ئەم دەستەواژەیە ڕاستە، بەڵام بە مەرجێ ئەو کەسەی کە ئەم قسە دەکات مەبەستی بەم قسە ئەوەبێت: کە خوای گەورە لە هەموو شوێنێکە بەعیلم و زانست و بەئاگابوونی بەهەموو دروست کراوەکانی و، وە دەورەدانی خوا بۆ هەموو شتێك و، وە زاڵ بوون و دەسەڵاتی خوا بەسەر هەموو شتێکدا، هەروەکو چۆن خوای گەورە دەفەموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ﴾، واتە: ئایا ئەی مرۆڤ نابینی کە خودا زانایەو بەئاگایە بەسەر هەموو شتێکدا کە لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە و وە کە ڕوو دەدات، بەشێوەیەکی واها پەروەردگار بەئاگایە ﴿مَا يَكُونُ مِن نَّجْوَىٰ ثَلَـٰثَةٍ إِلَّا هُوَ رَابِعُهُمْ﴾ لە هەر شوێنێك سێ کەس بەیەکەوە سرتەو چرپەیەك بکەن ئیللا خودا بەزانین و عیلم و زانیاری خۆی لەگەڵیاندا چوارەمینە، وە ئاگای لێیانە و ئاگای لەوەیە کە دەیڵێن، یاخود ﴿وَلَا خَمْسَةٍ إِلَّا هُوَ سَادِسُهُمْ﴾ هەر چرپەیەك لەنێوان پێنج کەسدا بکرێت ئیللا خودا بەزانستی خۆی لەگەڵیاندا شەشەمیانە، ئاگای لێیانە کەچی دەڵێن و وەبڕیار لەسەر چی دەدەن، وە ئاگای لە هەموو هەست و نەستێکیانە و سرتەو وورتەیان دەبیستێت، بەهەمان شێوە ﴿ وَلَآ أَدْنَىٰ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْثَرَ إِلَّا هُوَ مَعَهُمْ أَيْنَ مَا كَانُوا۟ ﴾ وە بەئاگایە ئەگەر چرپەکان لەچرپەو ورتەش کەمتر بن، یان زیاتر بن ئیللا خوای گەورە هەر پێی

دەزانێت، یاخود ئەو کەسانەی کە چرپە دەکەن لەنێوان خۆیاندا لەپێنج کەس کەمتریش بن یاخود زیاتریش بن، وە لەهەر جێگاو شوێنێکدا بن ئیللا خودا بەزانینی خۆی لەگەڵیاندا دەبێت، ﴿ثُمَّ﴾ پاشان ﴿ يُنَبِّئُهُم بِمَا عَمِلُواْ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾(المجادلة :٧).

واتە: لەڕۆژی دواییدا ئەوەی کە کردوویانە و وە کەوتوویانە و بڕیاریان لەسەرداوە دەریدەخات و ئاشکرای دەکات بۆیان و دەیخاتەوە بیریان، بەڕاستی خودا زانیارو بەئاگایە بەسەر هەموو شتێکدا.

وە ئەم لەگەڵ بوونی خواییە لەگەڵ دروست کراوەکانی لەگەڵ بوونێکی(العلم و الاحاطة)یە، واتە: خوا لەگەڵیانە بەزانست و دەورەدان و بەئاگابوونی بۆ هەموو مخلوق و دروستکراوەکانی، نەك بە لەگەڵ بوونی خوایی بەذاتی و خودی خۆی بێت، لەبەرئەوەی کە ئایاتەکە باسی لەگەڵ بوونی خوایی دەکات بە عیلم دەست پێدەکات، کە دەفەرمووێ ﴿أَلَمْ تَرَ أَنَّ ٱللَّهَ يَعْلَمُ ﴾، واتە: ئایا نابینن کە خودا زانیاری هەیە، وە هەر بەعیلمیش کۆتایی هاتووە ئایەتەکە ﴿إِنَّ ٱللَّهَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴾، واتە: بەڕاستی خودا بەسەر هەموو شتێکدا زانایەو زانیاری هەیە.

بەڵام ئەم قسەیەی کە دەوترێت "خوا لەهەموو شوێنێکە" ئەگەر مەبەست پێی: (معيةُ الذات)[1] بێت، واتە: لەگەڵ بوونی خوایی بە زاتی وخودی خۆی بێت لەگەڵ دروست کراوەکانیدا، یەعنی بڵێی: الله

[1] (معيةُ الذات): ئەوەیە کە باوەڕت وابێ کە خودا خۆی بەذاتی لەگەڵت دایە، وە بۆ هەر شوێنێك بڕۆیت و بچیت، خوایش لەگەڵت دێت و دەچێت، کە ئەوە لەگەڵ گەورەیی خودا ناگونجێ.

لەهەموو شوێنێکە بەذاتی وخودی خۆی، ئا ئەمەیان هەڵەیە، لەبەرئەوەی خوای گەورە خەبەرو هەواڵی لەخۆی داوە لە قورئانەکەیدا کە لەسەروی هەر حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانەوەیە و بەسەر عەرشەوەیە، وەك دەفەرموێت: ﴿ٱلرَّحۡمَٰنُ عَلَى ٱلۡعَرۡشِ ٱسۡتَوَىٰ﴾ (طه: ٥)، واتە: پەروەردگار لەسەروو عەرشەوەیە.

پاشان خوای گەورە لە سەروو عەرشەوەیە بەشێوەیەك کە شیاوی بەرزو بڵندی و دەسەڵات و گەورەیەتیەتی، کە ئێمە نایزانین چۆنە[1].

٦٧- ئەم قسەیە "رَبِّ لا أسالك ردّ القضاء بل اسالك اللطف فيه"؛ واتە: خودایە داوات لێناکەم ئەوەی کە تۆ دەتەوێت جێبەجێ بکەی بیگێڕیتەوە و ئەنجامی نەدەی، بەڵکو داوای بەزەیت لێ دەکەم تیایدا.

ئەم قسەیە هەندێ لەخەڵکی دەیڵێت، کە قسەیەکی ناڕاست و هەڵەیە، چونکە دروستە کە بپاڕێیتەوە و داوا لە خوای گەورە بکەی کە ئەو قەزاو قەدەرەی ئەگەر خێر نەبێت بیگێڕێتەوە و دووری بخاتەوە لێت.

وە پاشان ئیمامی "ابن ماجە" فەرموودەیەکی گێڕاوەتەوە لە (ثوبان)ەوە- ڕەزای خوای لێ بێت- کە فەرموویەتی: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (لا يَزِيدُ فِي العُمرِ الاَّ البِرُّ، ولايَرِدُ القَضاءَ الاَّ الدُّعاءُ)[2]،

---

[1] ئەم هەڵەیەش هەیە لەناو خەڵکانی ئێمەدا: بەتایبەتی لەناو ئەو کەسانەدا کە بیروباوەڕی (ئەشعەری) یان هەیە، وە زۆرینەی خەڵکی ئێمە لەسەر ئەو بیروباوەڕە پەروەردە کراوە و، وەبووە بەبیروباوەڕیان کە پرسیاریان لێ بکەی: ئایا خوا لە کوێیە؟ دەڵێت: خوا لەهەموو شوێنێکە.

[2] حديثٌ حسن: رواه (احمد) بەژمارە (٢١٨٨١)، و(ابن ماجه) بەژمارە (٩٠)، و حسنه الالباني له (الصحيحة)دا بەژمارە (١٥٤).

واتە: زیاد ناکات لەتەمەنی مرۆڤ ئیللا کردەوەی چاکە نەبێ، وە قەزاو قەدەریش ناگێڕێتەوە ئیللا پاڕانەوە و دوعا نەبێ.

وە هاتووە لەو دوعایەدا کە پێغەمبەر (ﷺ) فێری (حەسەن) یاخود (حسێن) ی کردووە، هەتاوەکو بەم دوعایە بپاڕێنەوە لەخوا لە "قنوت" دا، کە فەرموودەیەتی (ﷺ): (......وَقِنا واصرِفْ عنّا شَرَّما قَضَيْتَ)، واتە: ..... وەبمان پارێزەو وە لێمانی دوور بخەرەوە، ئەی پەروەردگار! ئەو شەڕەی کە تۆ بڕیارت داوە کە ئێمەی پێ تاقی بکەیتەوە. وە ئەم دوعایە لە نوێژدا لە کاتی دوعای قنوت خوێندندا دەوترێت.

٦٨- ئەم قسەیە " أنـا عـبـدُ الـمـامـور "[١]: من بەندەی ئەو زاتەم کە فەرمان پێکراوە.

ئەم دەستەواژەیەش کەسێ دووبارەی دەکاتەوە و دەیڵێت کە بیەوێت فەرمانی سەرکردەکەی، یاخود فەرمانی بەڕێوەبەری ئیشەکەی جێبەجێ بکات.

کە ئەم دەستەوەژایە دەستەواژەیەکی هەڵەیە، بەڵکو تۆ بەندی خوایەکی کە (العزيزُ و الغفور)ە، واتە: خوایەکی دەسەلاتدارو لێ بووردەیە، وە خـوای گـەورەش دەفـەرمووێت: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ (الذاريات :٥٦)، واتە: من (پەروەردگار) ئادەمیزادو جنۆکەکانم بۆیە دروست کردووە، تەنها بۆئەوەی بم پەرستن، وە بەگوێرەی فەرمانەکانم ژیان ببەنە سەر.

---

[١] کەی خوا فەرمانی بەسەردا دەکرێت، بەڵکو فەرمان دەکات.

وە دووبـارە دەفـەرموویت: ﴿وَكُلُّهُمْ ءَاتِيهِ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ فَرْدًا﴾ (مريم :٩٥)،
واتـە: هـەموو یـەكێك لـە بەنـدەكانی لـەڕۆژی قیامەتـدا، دێتـە خزمـەتی پەروەردگار بەبێ كەس و بەتەنها و بێ یارمەتیدەر.

٦٩- پەسـەند كـردن و بەباشـتر زانینـی ڕێنمـوایی كـافران بەسـەر ڕێنموایی موسڵمانانـدا:

لـەناو خەڵكیـدا كەسـانێكی وا هەیـە ڕێنمـویی كافرەكـان بەباشـتر دەزانێـت لـەنان خـواردن دا: لـەوەدا كـە نـان دەخـوات لەسـەر سـفرە و خوانی بەرزو لەسەرمێز دەخوات، یاخود بەدەستی چەپی خواردنەكەی دەبات بۆ دەمی، وە بەدەستی ڕاستیشی چەقۆ دەگرێت، بەڵام ثـابیت و جێگیر بووە كە پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر هیچ شتێكی بەرز هـەرگیز نـانی نەخواردووە، كـە پێـی دەوترێـت (خـوان یـاخود مائـدة)[1]، بـەڵكو تـەنها پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر سفرەی ڕاخراو لەسەر زەوی نانی دەخـوارد كـە ناو دەبرێت بە (السفرة).
ئەنەس- ڕەزای خوای لێ بێت- دەفەرمووێ: (ما اكلَ رسولُ الله (ﷺ) على خـوانٍ قـطُّ)[2]، واتـە: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) هـەرگیز نـانی نـەخواردووە لەسەر خوان (سفرەی بەرز).
وە ووشەی (الخوانُ): بریتییە لەو سفرەی كە بەرز بوو بێتەوە لەزەوی.

---

[1] خوان و مائدة: لـە كوردیـدا پێـی دەوتـرێ:(سـفرەو خـوان)، كـە بریتییـە لـەو سفرەی كە لەسەر شوێنێك، یان لەسـەر شتێكی بەرز دادەخرێت و وە خواردنەكەی لەسەر دادەنرێت، كە ئێستا ئـەم جۆرە نـان خواردنـە لەسـەر مێـز دەخورێت، وە بـە چواردەوری مێزەكەدا كورسی دادەنرێت.
[2] حديثٌ صحيح: رواه البخاري بەژمارە (٥٣٨٦).

دووباره ئیمامی بوخاری فەرمودەیەکی گێراوەتەوە کە: ووتراوە بە (قەتادە): (فَعَلَام كانوا ياكلون؟ قال: على السُّفَرِ)، واتە: ئەی لەسەر چی پێغەمبەر (ﷺ) و هاوەڵانی نانیان دەخوارد؟ فەرمووی:لەسەر سفرە.
وە ووشەی (السفرةُ): بریتییە لەو چەرمەی کە دادەخرێت لەسەر زەوی و خواردنەکەی لەسەر دادەنرێت. ئەوە قسە لەسەر سفرە، ئەمجا قسە لەسەر نان خواردن بەدەستی ڕاست و، وە بە نەخواردنی بەدەستی چەپ، هاتووە لە "صەحیحی موسلیم"دا کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (إذا أكلَ احدُكم فليأكلْ بيمينه، وإذا شَرِبَ فلْيشرب بيمينه، فإنَّ الشيطان يأكل بشماله ويشرب بشماله)[1]، واتە: ئەگەر یەکێ لەئێوە نانی خوارد بابەدەستی ڕاستی بیخوات، وە ئەگەر شتێکیشی خواردەوە با هەر بەدەستی ڕاستی بیخواتەوە، چونکە شەیتان دەخوات بەدەستی چەپی وە دەش خواتەوە بەدەستی چەپی .
وە هەندێکی وا هەیە ڕێنموایی کافرەکان بەباشتر دەزانێ لەجل و بەرگی دا:
وەکو: بەکارهێنانی شەبقەی یەهودی، وە لەبەرکردنی جل و بەرگی ئەورووپی بۆ پیاوان، و مۆدیلاتی جلی ئافرەتە کافرە غەریبەکان، و وە وێنەی ئەمانە.

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه مسلم بەژمارە (٢٠٢٠).

* تێبینی: ئەوەی ئاشکرایە کە نان خواردن لەسەرمێز دروستە و حەڵاڵە، چونکە پێغەمبەر (ﷺ) نەیفەرمووە: نان مەخۆن لەسەرمێز، کەواتە مادەم پێغەمبەر هیچی لەبارەوە نەفەرمووە و نەهیشی لێ نەکردووە، کەواتە هیچی تیا نییە ئەگەر لەسەر مێز نان بخورێت، بەڵام کاتێك حرامە ئەگەر تۆ بەباشتری بزانی نان خواردن لەسەرمێز وەك لەسەر سفرە، لەبەرئەوەی ئەورووپییەکان لەسەر مێز نان دەخۆن، ئا لەم کاتەدا، بەڵێ حەرامە چونکە خۆشوبهاندنە بەکافرانەوە.

وە هەندێکی تری وا هەیە ڕێنموایی کافرەکان بەباشتر دەزانێ لەقسەکردندا:

لەبری ئەوەی کە بڵێ: سفر، دەڵێ: زیرۆ بە(ئینگلیزی).

وە لەبری ئەوەی بڵێ: بەڵێ، دەڵێ: ئۆکەی.

وە هەروەها لەجیاتی ئەوەی کە بڵێ: بەسەلامەتی بڕۆی (مع السلامة) یان خواحافیز، دەڵێ: بای بای .

وە هەندێکی تر ڕێنموایی کافرەکان بەباشتر دەزانێ لە ناونانی کارگەو دوکانەکاندا:

لەپێشی دوکانەکەی یان کارگەکەیدا، ناوی ئەوروپای (ئینگلیزی یاخود فەرەنسی) بەخەتێکی گەورە لێ دەنووسێت، وە ئەو ناوانەی کە لە زمانەکەی خۆیدا هەیە ولزی لێ دەهێنێ، وە ئەمە تێکشان و شکستێکی دەروونییە، وە هەست کردنە بەلاوازی، و گرێ پووچەکەو کۆسپی چاولێکەری کوێرانەی کسە لاولزەکانە بۆ بەهێزەکان، خوای گەورەش دەفەرمووێ: ﴿وَلِلَّهِ ٱلْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِۦ وَلِلْمُؤْمِنِينَ﴾ (المنافقون: ٨)، واتە: هەر تەنها بۆ خودایە شکۆمەندی و بەهێزی و بالآدەستی، وە بۆ پێغەمبەرەکەیەتی و، وە بۆ موسوڵمانانیشە.[1]

---

[1] بەباشتر زانین و خۆشوبهاندن بەکافرانەوە، لای ئێمە:

١- شوبهاندنی مندالآنمان بەمندالآنی کافرانەوە:

- هەر لەسەرەتاوە فێری ووشەی "بای بای" دەکەن، و زمانی بەم ووشەیە دەپژێت.

- قژی لەسەر شێوازی ئەورووپی بۆ دەبڕن، یاخود بۆی حەفر دەکەن، یاخود بۆی دەتاشن وەکو شێوەی یاریچی یە بەرازیلییەکان.

- جلی ڕووت و کورتی لەبەر دەکەن، هەر لەماڵییەوە لەسەر ئەم ڕووتییە ڕای دەمێنن.
- فێری ڕەقص و گۆرانی نا شەرعی بێ کەڵك دەکرێت لەڕێگەی شریتی سیدییەوە.
٢- خۆشویهاندن لەناو کچە گەنجەکاندا:
- سفورییەکی بێ سنوور و سورلو سپیاوێکی زۆر و بێ وێنە دەکرێت.
- لەبەرکردنی جلی ڕووت و کورت بەگوێرەی مۆدیلاتی سەتەلایت.
- لەپێکردنی پانتۆڵ، بەتایبەتی پانتۆڵی کاوبۆی تەسك و سێ چارەك.
- لە پێ کردنی پێڵاوی بنك بەرز، وەکو پێڵاوی ئافرەتانی ئەوروپی.
- برۆ هەڵگرتن و بڕینی قژیان ،وەکو مۆدیلاتی بێگانە.
- هێشتنەوە و درێژ کردنەوەی نینۆکی پەنجەکانیان.
- بەکارهێنانی ئامێرە کارەباییەکان بۆ کاری بێ کەڵك و گوناهباری وەکو: سەیرکردنی ئەفلامی بێکەڵك، وە سەیرکردنی گۆرانی ڤیدیۆ کلیپ، وە بەستنی پەیوەندی نادروست لەگەڵ جنسی بەرامبەردا.
- گۆڕین و تەجمیل کردنی دەموچاوو لوت بەڕێگەی نەشتەرگەری.
٣- خۆشبوهاندن لەناو کوڕە گەنجەکاندا:
- بڕینی قژیان لەسەر شێوەی مۆدیلاتی ئەوروپی، وەکو فەرەنسی و حەفرکردن و، وە درێژ کردنەوەی قژیان تا نزیك ناو شانیان، یاخود لوول کردن و بەرزکردنەوەی پێش و دوای قژیان، یاخود لەشێوەی دەفتەری، یاخود بەرزکردنەوەی قژیان وەکو ئاگر.
- سمێل و ڕیش تاشین و هەڵگرتنی دەموچاو، ووە باریك کردنەوەی برۆیان، یاخود هێشتنەوەی ساکسۆن و قەنافزی نوك تیژو یان شێوە پۆستاڵی.
- لەپێکردنی قۆندەرەی پاژنە بەرزو نوك باریك.
- لەبەرکردنی پۆشاکی ناشیرین و بێ کەڵك، وەکو: لەبەرکردنی کراسی تەسك و کردنەوەی یەخەیان، یان لەبەرکردنی جۆرە بلوسێك کە ڕەسمی گۆرانیبێژی ئەوروپی تێدایە.
- لەمل کردنی زنجیری ئەستور و زنجیری باریك و لەدەست کردنی بازنە وەکو کچ.

٧٠- باوەڕبوون لەوەدا کە گسک دانی ماڵ بەشەودا فەقیری دەهێنێ بۆ ماڵ:

هەندێ لەخەڵکی باوەڕیان بەمە هەیە، هەرچەندە کە بیروباوەڕێکی پووچ و ناڕاستە، چونکە گسک دانی ماڵ بەڕۆژ بێت یان بەشەو هیچ پەیوەندییەکی بەدەوڵەمەندبوون و فەقیربوونەوە نییە. [1]

- لەپێکردنی پانتۆڵی کابۆی تەسک، یاخود خوارەکەی پان و درێژ لەژێر قاچیان دەخشێت، یاخود لەپێکردنی پانتۆڵی کابۆی سپی و بەڵەک بەڵەکی شین، وە جاری وا هەیە سەر ئەژنۆکانی دڕاون.

٤- خۆشوبهاندن لە(ناو)ناندا:

- یەکێك لە دەردەکانی ناو کۆمەڵگەکەمان، ئەوەیە کە ڕۆژ بەڕۆژ ئەم خۆشوبهاندنە لەزیادبووندایە، بۆنموونە:

- ناونانی منداڵ بەناوی کەسانی بێ نرخ و هیچەوە، یان گۆڕینی ناو بۆ ئەو ناوانەی کە ناوی مرۆڤی خراپن.

- ناونانی کارگەو دوکان و چاپخانە و هەتا کۆتایی، بەناوی بێگانەوە وەکو: مادۆناڵ و، پارکی فلان و، پالاس و، سوپەرمارکێت،و مینی مارکێت.

- یاخود خۆشوبهاندن بەکافرانەوە هەتتا لەشێوازی ئەنجامدانی کاری جنسی دا لەڕێگەی سەتەلایتەوە، کە بەشێوەیەکی لێ هاتووە ئەم خەڵکی ئێمە ئەگەر کافر بچێتە ناو کونی مار مێلکەوە ئەم خەڵکانەی ئێمەش دەچێتە ناو ئەو کونی مارمێلکەوە لەگەڵیاندا.

[1] پڕوپووچی لە"گسك" دلن دا لای ئێمە:

- دەڵێن: لەدوای عەسرەوە نابێت گسك لەماڵ بدرێ!! چونکە دەڵێن: ڕزق و ڕۆزی لەدوای عەسرەوە دابەش دەکرێت، ئەگەر لەدوای عەسرەوە گسك بدەی، ئەوا بەگسکەکەت ڕزق و ڕۆزی لەماڵەکەت دەردەکەیت، بۆیە ئەگەر ماڵەکەیان پێویستی بەگسك دان هەبوو لەدوای عەسرەوە ناوێرن گسك بەکاربهێنن، بەڵکو بە پەڕۆیەك یان بە خاولییەك ماڵەکەیان گسك دەدەن.

٧١- دەورەگرتنی بـووك و زاوا: تحويطةُ العـروسيـن

لەنێو خەڵكیدا كەسانێكی وا هەیە ئەگەر ویستی ژن بهێنێ، دەچێت بۆلای جادووگەرێ هەتا وەكو ئەم دەورە گرتنە (تحویطة)ی بۆ بكات، كە بریتییە: لە تاڵە دەزوویەك كە بەئەندازەی باڵای زاوا درێژە، وە لەگەڵ پارچەیەك لەمێنۆك و،وە پارچەیەك لەقژی زاوایە كە جادووگەرەكە دەیخاتە ناو بەینی تاڵە دەزووەكەوە، پاشان كۆمەڵێك گرێ لەتاڵە دەزووەكە دەدات وە لەگەڵ هـەر گرێیەكـدا كـەلێی دەدات فوویەكیـشی پیـادا دەكـات، لەگـەڵ هـەر فووكردنێكیشدا كۆمەڵە ووشەیەكی شیرك بۆ خوا بڕیاردان دەڵێت، دوای ئەمانە تاڵە دەزووەكە دەهێنێ ووە كاغەزێكی تێوە ئەپێچێت و، وە كۆمەڵێ دەرزیش دەچەقێنێت بەكاغەزەكەدا، وە پاشان دەیدات بەزاواكە هەتا لەو ڕۆژەدا كـە ژنەكـەی دەگوێزێتـەوە هـەڵیبگرێت لەگـەڵ خۆیـدا، هـەتاوەكو سیحری بەستنی لێ نـەكرێت . بەڵام ئەم كارە سیحرو كوفرە كە دروست نییە بكرێت.[1]

- یاخود نابێت بەنێوانەدا گسك بدرێت، بـۆ؟ چونكە خراپە!!.
- یاخود نابێت بەشەودا گسك بدرێت، بـۆ؟ چونكە نەهامەتییە!!.

[1] هەڵەی ژن هێنان لەناو خەڵكی ئێمەدا:-

ئەگـەر كـچێك شـووی كـرد یـاخود ئەگـەر كوڕێـك ژنـی هێنـا، دەبـێ لەگـەڵ بـوونی خۆشییەكەیدا، ترسـی ئەوەیشی هـەبێت كـە سیحریان لێ نـەكرێت، كە بەهۆی ئەو سیحرەوە تووشـی نارەحەتی بـبن، یـاخود تووشـی هەڵوەشـاندنەوە و فەشـەل بـبن، دەبێت لای هەندێ لـە خـەڵكی هـەر لەسـەرەتاوە بووك یـاخود زاوا چـەند ڕێگایـەكی جۆراوجۆر بگرنە بەر بۆ خۆپاراستن لەسیحری بەستن و ڕەشی، مەگەر كەسێك كە ترسی ئەمانەی نەبێت كە گوێ بەمانە نەدات، وەكو:

- دەبێت لەکاتێکدا کە جلی بووک دەبرێت بۆ دروورین، دەبێت بەدوا خەیاتێکدا بگەڕێن کەوا کەسێکی باش بێت، ئەوەکو سیحری ڕەشی بکات بەجلەکانی بووکدا و وە لەدواییدا تەلاق بدرێت.

- یاخود بووک و زاوا لەخواردنی یەکێك نەخۆن کە یەکێك بێت لەکەسوکاری زاوا یاخود بووک،و وە ڕقی لێیان بێت، نەك سیحریان بۆ بکاتە ناو خواردنەوە و دەرخواردیان بدات، یاخود سیحریان بۆ بکاتە ناو ئاوەو پیایاندا هەڵپرژێنێت لەکاتێکدا کە ئەمان بێ ئاگان لەو.

لەبەرئەوە بووک و زاوا ناچارن بەشوێن ڕێگەیەکدا بگەڕێن کە پارێزراو بن لەو سیحرو ناڕەحەتییانە، کە بەداخەوە ڕێگەی شەرعی ناگرنە بەر، بەڵکو ڕێگای ناشەرعی دەگرنەبەر، کە کەسی وایان هەیە دەچێت بۆلای ساحیرێکی تر بۆئەوەی کە ئەگەر سیحریان لێکرابێت پووچەڵی بکاتەوە بۆیان.

ئەو بیروباوەڕە پووچانە کە لەناو خەڵکیدا هەیە لەم بارەیەوە:-

١- پێش ئەوەی بووك بگوێزرێتەوە، ئەم پڕوپووچیانە هەیە لەناو خەڵکیدا:

- لای هەندێك لەخەڵکی، دەبێت جلی بووك لەڕۆژی جومعەدا نەبڕیەت، چونکە نەك لەبەریدا بسووتێت.

- ئەگەر جلیان نادر بۆ خەیاتەکە، دەبێت قوتووە نوقڵێکی تیادا بێت لەناو جلەکاندا، بۆئەوەی بووك لەلای مێردەکەی و ماڵە خەزوورانی شیرین بێت.

- دەبێت بووك لەشەوی گواستنەوەیدا نەچێتە دەرەوە، چونکە گوێزرایەوە منداڵی نابێت.

- دەبێت شەوی گواستنەوەکەی دەست و قاچی شل بکەن لەخەنەدا، ئەگین وانەکەن بۆ بووك خراپە.

- یاخود لەو کاتەی کە بووك مارە دەکرێت ،دەبێت ئەو کەسانەی کە لەماڵی بووك بۆ ئەو کۆڕی مارە کردنە ئامادە دەبن، دەبێت هیچیان لەو کاتەدا بەنجەیان نەتەقێنن ، وە دەبێت هەر هەموو ئەو کەسانە لەو کاتەدا دەستیان بڵاو بکەنەوە،بۆ؟ چونکە دەڵێن:دوایی دەبێت بە گرفت بۆ بووك وزاوا !!.

٢- لەڕۆژی گواستنەوەدا:

– دەبێت لەو ڕۆژانەدا بووک بگوێزرێتەوە کە پەرزنن، وەکو ڕۆژی دووشەممە، یان چوار شەممە، یان ڕۆژی پێنج شەممە،چونکە دەڵێن: نابێت هەرگیز لەڕۆژی شەممەدا بیگوێزنەوە، چونکە لەو ئافرەتە پەشیمان دەبنەوە، و وەکارەکە هەڵدەوەشێتەوە و ئەو بووکە ناگوێزرێتەوە، چونکە ڕۆژی شەممە ڕۆژی ئیش و کارکردنە تیایدا نەك بووك گوێزانەوە، بەڵکو دەڵێن: لە ڕۆژی شەممەدا بووك لەسەر زین دەگەڕێتەوە.

– لای هەندێك لەخەڵك دەبێت تا ئەو ڕۆژەی کە بووك دەگوێزنەوە یەخەی کراسی بووك بەمقەست نابێت بکرێتەوە، بەڵکو دەبێت لەو ڕۆژەی کە دەگوێزرێتەوە کراسەکەی وەکو تورەکە بیکەن بەسەری بووکدا، ئەمجا یەخەکەی بەمقەست بکەنەوە.

– ئەمجا کە بووك ڕۆیی ئاوی بەدوا هەڵ بپرژێنن، بۆئەوەی ڕووناکی لەدوای خۆی بەجێ بهێڵێت.

– وە کە گواستیانەوە دەبێت شت و کەلوپەل و جیازی باشی لەگەڵدا بنێرن، با خەڵکی بڵێن ماڵی باوکی بوکێ شتی زۆریان لەگەڵدا ناردووە.

– دەبێت کاسە نوقڵ بخەنە ناو جلی بووکەوە، بۆئەوەی شیرین بێت بووکەخان لای مێردەکەی.

– دەبێت ناو پێڵاوی بووك پارەی تێبکرێت، تا سەربە ڕزق بێت، وە ڕزق و ڕۆزی بۆ ئەو ماڵە بهێنێت.

٣– ئەمجا دوای گواستنەوە:

– دەبێت ئەو بووکە کە گواسترایەوە هەمیشە دڵی لەمشتیدا بێت، نەك مردوویەك لەماڵی خەزوورانی، یان خزمی ماڵە خەزوورانی بمرێت، ئەگین هەر ناڕەحەتییەك ڕوویدات یەکسەر ناوچاولنی بووك دەگرێتەوە، و پێی دەڵێن: پێی ڕەشە!! لەوەتەی ئا ئەمە هاتۆتە ناومان سەر قوزرت و کۆسپ کەوتووین و نەهاتووینەتەوە سەرخۆمان، یان دەڵێن: پێو قەیەمی بەخێر نەبوو.

– دەبێت بووك لای هەندێك لە خەڵك چای تاڵ زۆر شەکری تێ بکات، بۆئەوەی لای ماڵی خەزوورانی شیرین بێت.

- لای هەندێك دەبێت بووك كە میوانیان هات، ئەگەر بووكێ چای تاڵی برد بۆ میوانەكانیان دەبێت ئەو میوانە ئەو چا تاڵە هەر بخواتەوە و نەیگێڕێتەوە، ئەگین خراپە ئەو بووكە وەكو ئەو چایە تاڵ دەبێت لەبەرچاوی مێردەكەیدا.

- دەبێت تازە بووك هەمیشە ڕووە و ڕووناكی دابنیشێت، بۆئەوەی هەمیشە بووك ڕووناك بێت لەبەرچاوی خەڵكیدا.

- ئەگەر بووك نانی كرد هەویر بەدەستیەوە لكا، ئەوە ژنی بەسەردا دێت و، وەلەگەڵ ئەو ژنەدا گوزەرانی نابێت.

- دەبێت تازە بووك بۆ لای تازە بووك نەچێت تا چل ڕۆژ، خۆ ئەگەر چوون بۆ لای یەكتری دەبێت یەكی دەرزییەكیان پێببێت و لەگەڵ یەكتریدا بیگۆڕنەوە، ئەگین وانەكەن هەردووكیان تەلاق دەدرێن.

٤- ئەمجا ژیانی لەگەڵ مێردەكەیدا:

ئافرەتی وا هەیە مێردەكەی خراپە بۆی، لێی دەدات، یان جنێوی پێ دەدات، یان خەڵكی بە مێردەكەی دەڵێن: ژنەكەت ناشیرینە، لەبەرئەوە بووكێ دەبێت هەزار ڕێگای بێ شەرعی بگرێتەبەر، بۆئەوەی مێردەكەی باش بێت لەگەڵیدا، وەكو:

- دەچێت نووشتەی چەوری و شیرینی لەمێردەكەی دەكات، تا شیرین بێت لەبەرچاوی مێردەكەیدا.

- دەبێت "هێنە كەمتیارو مووروە كەرانە" هەر چۆن بێت وەو بەهەر چەندە بێت پەیدای بكات، شەوان لەپشت و بەری پێی مێردەكەی هەڵبسوێت بەدزییەوە كە مێردەكەی خەوت، تا مێردەكەی بۆی كەر ببێت و خۆشی بوێت، ئەمجا لای ژنان مووروە كەرانە چۆن دەست دەكەوێت، ئەبێت بەشوێن كەرێكی تۆپیوی پیردا بگەڕێن، دەڵێن: لە ناوچاوانیدا شتێكی خڕ دەربەكەوێت، ئەوە مووروە كەرانەكەیە.

- ئەمجا ترسی ئەوەی هەبێت لەدوای ئەم هەموو شەرەشەق و تێهەڵدانە بێوەژن نەكەوێت، خۆ ئەگەر مێردەكەی ئەمرد و خۆی مرد، شتێكی سەیرتر هەیە لای هەندێك لەخەڵكی كە ئەوەیە: ئەگەر ئافرەتێك مرد، وە مێردەكەی ژنێكی تری هێنایەوە، ئەوا ئەو ڕۆژەی كە مێردەكەی ئەم ژنەی دووەمی گواستەوە، ئەوا لەو كاتەدا كە ئەو پیاوە ئەم ژنەی دووەمی گواستەوە، دوو كەسی خزمی ژنە

٧٢- پێ ناخۆش بوون بە لەدایك بوونی کچ: کراهیةُ انجابِ البنات.

هەندێ لە خەڵکی پێی ناخۆشە کە کچیان ببێت، وە ئەم پێناخۆش بوونەش هەڵەیە، لەبەرئەوەی پێویستە لە سەر ئەو کەسەی کە کچیان دەبێت کەوا باوەڕی بەقەزاو قەدەر ببێت، بەهیوای ئەوەی کە خوای گەورە ئەو کچانەی کە دەیبەخشێت بە هەر کەسێ بیانکات بەکۆمەڵە کچانێکی چاك و پاك، وە بەهۆی چاکەی ئەو کچانەوە سوودمەند ببێت ئەو کەسە لەژیانی دونیایدا، وە بۆیشی بپارێنەوە لەدوای مردنی.

پاشان سەرف کردنی پارە بۆ کچ، و وە بەخێوکردنی و سەرپەرشتی کردنی پاداشتەکەی گەورەیە و خێرکەیشتنەکەیشی زۆرە و فرەیە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە دایکمان (عائشة)- ڕەزای خوای لێ بێت- گێراویەتەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ ابتلي من هذه البناتِ بشيءٍ، فأحسنَ اليهنّ، كُنَّ له ستراً من النار)[1]، واتە: هەر کەسێك کە خوای گەورە بەناڕەحەتییەکی ئەم کچانەی کە پێی دەبەخشێت تاقی

مردووەکەی دەچن لەسەر قەبری ئەم ژنە دەوەستن و وەهەر یەکەیان دوو تەنەکە ئاو بەدەستیانەوە دەگرن، لەو سەعاتەی کە ئەم مێردی ژنە مردووە ژنەکەی دووەمی گواستەوە، خزمی ئەم ژنە مردووە تەنەکە ئاوەکان دەکەن بەسەر قەبرەکەیدا، بۆ؟ چونکە دەڵێن: ئەم ژنە لەناو قەبرەکەیدا گڕی گرتووە لە خەفەتدا، با بەم ئاوە فێنکی ببێتەوە.

- بەڵام ڕێگەی شەرعی بۆ خۆپاراستن لەسیحرکردن لە بووك زاوا ئەوەیە: بووك و زاوا چەند ڕۆژێك پێش گواستنەوەکەیان لەبەیانی و ئێواراندا (١٠٠) جار بڵێن : (لا اله الا الله وحده لا شريك له، له الملك و له الحمد، يحيي ويُميت وهو على كل شيء قدير) انشاء الله پارێزراو دەبن لەو ناڕەحەتییانە.

[1] حديثٌ صحيح: رواه البخاري بەژمارە (١٤١٨)، و مسلم بەژمارە (٢٦٢٩).

کردەوە، وە لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەسە چاك بوو بۆ ئەو کچانەی، ئەوا ئەم کچانەی دەبنە پەرژین بۆی و، وە لەئاگری دۆزەخ دەیپارێزن.

وە لەئەنەسەوە -رەزای خوای لێ بێت- فەرموودەیەك هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَنْ عالَ جاريتين، حتى تبلغا، جاءَ يومَ القيامةِ أنا وهو. وضَمَّ اصابعهِ)[1]،واتە: هەر کەسێك دوو کچ بەخێو بکات، هەتا دەگەنە تەمەنی باڵغ بوون، ئەوا ئەو کەسە دێت لەرۆژی قیامەتدا، من و ئەو بەیەکەوە دەبین وەکو ئەم دوو پەنجەیەم، وە پێغەمبەر (ﷺ) هەردوو پەنجەی شەیەتومان و ئەوەی پاڵ بەیەکەوە نوساند.

وە لەریوایەتی ئیمامی(ترمذی) دا بەم شێوەیە هاتووە فەرموودەکە: (مَنْ عال جاريتين، دَخلتُ انا وهو الجنةَ كهاتين، واشار بأصبعيه)[2]، واتە: هەر کەسێك دوو کچ بەخێو بکات و پەروەردەیان بکات،ئەوا من و ئەو کەسە دەچینە بەهەشت بەیەکەوە وەکو ئەم دووانە، وە پێغەمبەر ئاماژەی بۆ هەردوو پەنجەی شەیەتومانی و پەنجەکەی پاڵ پەنجەی شایەتومانی کرد.

وە لە (ابن عباس)ەوە هاتووە -رەزای خوا لەخۆی و باوکی بێت- کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مامِنْ مسلمٍ له ابنتان، فيحسنُ اليهما ما صحبتاه أو صحبهما الاّ ادخله الجنة)[3]، واتە: هەر موسوڵمانێك

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه مسلم بەژمارە (٢٦٣١).

[2] حديثٌ صحيح: رواه الترمذي بەژمارە (١٩١٤) وحسنه، وە بەصەحیحی داناوە شێخ ئەلبانی لە (صحيح الترغيب) دا بەژمارە (١٩٧٠).

[3] حديثٌ حسن: رواه احمد بەژمارە (٢٣٥/١)، وابن ماجه بەژمارە (٣٦٧٠)، وابن حبّان بەژمارە (٢٩٤٥)، وحسنه الالبانی لە (صحيح الترغيب) دا بەژمارە (١٩٧١)، والارناؤوط لە (الاحسان) دا بەژمارە (٢٩٤٥).

دوو کچی هەبێت، وە چاکەیان لەگەڵدا بکات، هەتا ئەرمەندەی ئەو دوو کچە لەگەڵ ئەمدا دەبن ، یاخود هەتا ئەومەندەی ئەم لەگەڵ ئەواندا دەبێت، ئەوا ئیللا پاداشتی ئەو کەسە ئەوەیە کە خوا دەیخاتە ناو بەهەشتەوە.

وە لە (ابی سعید الخدری)یەوە – ڕەزای خوای لێ بێت– فەرموودەیەك هاتووە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی: (مَن كُنّ له ثلاث بناتٍ او ثلاث اخوات او بنتانِ او اختانِ فأدبهُنّ، واحسنَ إليهنّ وزوجهنّ فله الجنة)[1]، واتە: هەر کەسێك سێ کچ یان سێ خوشکی هەبێت، یاخود دوو کچ یان دوو خوشکی هەبێت، بەجوانی ڕەوشتیان دابدات، وە چاکەشیان لەگەڵدا بکات، وە لەپاشە ڕۆیشدا بیاندات بەشوو، ئەوا ئەو کەسە بەهەشتی بۆ هەیە.[2]

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه(ابو داود) بەژمارە (٥١٤٧)، و(الترمذي) بەژمارە (١٩١٢)، وە بەصەحیحی داناوە ئەلبانی لە (صحيح الترغيب)دا بەژمارە (١٩٧٣)، وارناؤوط لە (الاحسان)دا بەژمارە (٤٤٦).

[2] ڕق لێ بوونەوە لە کچ لای خەڵکی ئێمە:

١- پێش ئەوەی ئەو کچە لەدایك ببێت:

– جاری پێش ئەوەی ئەو منداڵە دەربکەوێت کە کوڕە یاخود کچ، دێن ژنانی لا کۆڵان سۆنەری بۆ دەکەن، بابزانین سۆنەری ژنان چۆنە؟ لەماڵێکدا کە سەرپێی حەیوان چاك و پاك بکەن، دێن سەری حەیوانەکە دەهێنن و وە هەردوو دەستیان دەخەنە ناو دەمەی حەیوانەکەوە، ئەمجا بەهەردوو دەستیان دەمی ئەو حەیوانە هەڵ دەقڵیشێنن، پێش ئەوەی کە هەڵی بقڵیشێنن، ئەگەر ئافرەتێك سکی هەبێت، دەڵێن: بابزانین باجی فلان کەس سکەکەی کوڕ دەردەچێت یاخود کچ، ئەمجا بەهەردوو دەستیان توند دەمی حەیوانەکە لەیەك دەکەنەوە، ئەگەر لای شەویلگەی ئەو

حەیوانە بەشی سەرەوەی گۆشتی پێوە بێت، دەڵێن: پرچینەیە! یعنی کچە سکەکەی، بەلاّم ئەگەر گۆشتی پێوە نەبێت، دەڵێن: قوتینەیە! یعنی کوڕ ئەبێت سکەکەی.

- یاخود هەندێك لە ئافرەتان کە چوو سۆنەر بکات، تا بزانێت سکەکەی کوڕە یان کچ، ئەگەر کوڕ بوو ئەوا تا ئەو کوڕە لەدایك دەبێت ئەو ئافرەتەو مێردەکەی و وە کەس و کاری هەمووی لەو پەڕی خۆشیدا دەژین، بەلاّم ئەگەر وتیان کچە ئەوا ئیتر لەخەفەتدا دنیایان بەسەردا کاول دەبێت، هەتا ئەو کچە لەدایك دەبێت ئەم ئافرەتەو کەسوکاری لەوپەڕی بێ تاقەتی و دڵ تەنگیدا دەبن، ئەگەر لەباری نەبات و وە لەناویشی نەبات باشە، یاخود ئافرەتی وا هەیە سکەکەی لەناو دەبات، بۆ ؟ چونکە سکەکەی کچەو کوڕ نییە، بۆ نموونە:

هەندێك لەئافرەتان کە کاتی منداڵ بوونیان دێت، بەشێوەیەکی ئاسایی منداڵەکەیان نابێت، بەڵکو دەبێت بە نەشتەرگەری گەورە منداڵەکەیان ببێت، ئەگەر نەشتەرگەری بۆ نەکرێت ئەوا ئەو منداڵە لەناو ڕەحمیدا دەخنکێت ، لە شوێنێك (......) ئافرەتێك منداڵەکەی بەئاسایی لێ نەبۆتەوە پێیان وتووە: دەبێت نەشتەرگەریت بۆ بکرێت، بەلاّم لەسەر ڕەزامەندی خۆت نەشتەرگەریەکەت بۆ دەکەین و دەبێ ئیمزایشی بکەی، یان ئەگەر نەیکەیت منداڵەکەت بەئاسایی نابێت، کە کاتی خۆیشی بەسەر چوو منداڵەکەت دەخنکێت، ئافرەتەکەش وتوویەتی: جارێ پێم بڵێن کوڕە یان کچ؟ وتویانە: سکەکەت کچە. وتوویەتی: دەی خۆم عەمەلیات ناکەم بابخنکێت مادەم کچە!! ، بۆچی خۆم لەت و پەت و عەمەلیات بکەم کە کچ بێت !! .

- یاخود هەندێ لە ئافرەتان دوای ئەوەی کە چەند کچێکی بووە، مێردەکەی هەڕەشەی لێ دەکات، و پێی دەڵێت: تۆ هەر کچت دەبێت، ئەگەر ئەمجارەش سکەکەت هەر کچ بێت، ئەوا تەلاّقت ئەدەم، بۆ نموونە:

لەیەکێك لەنەخۆشخانەکان ئافرەتێك زۆر بەکوڵ گریاوە، وە ئەو ئافرەتانەی کە لەو ژوورەدا وەکو ئەونەخۆشبوون، پێیان وتوە: ئەوە بۆ دەگریت خوشکە؟ ئەویش وتوویەتی: چونکە مێردەکەم پێی وتووم ئەگەر ئەم جارەش وەك جاران کچت ببێت ئەوا تەلاّقت دەدەم!! وا ئێستاش سکەکەم کچەو نازانم چی بکەم.

– یاخود هەندێك لە پیاوان كە ژنەكەی دەچێت سۆنەر بكات تابزانێت سكەكەی كوڕە یان كچ ،بە ژنەكەی دەڵێت: نەچیت سۆنەر بكەی، بیر لەوە نەكەیتەوە بڵێیت بابزانم سكەكەم كوڕە یان كچ ،من كوڕم ئەوێت !! ئەبێت كوڕیشت ببێت!!. یاالله خۆ ئەو پیاوانە ئەزانن كوڕ وكچ بە دەست تۆیە نەك بە دەستی ژن ، ئەی بۆچی ئەم هەڵوێستانە دەنوێنن ووە ئەم قسانە دەكەن .

بەڵكو هەندێك لەپیاوان كە زانی ژنەكەی كچی دەبێت، ئەوا لووت لەژنەكەی دەكات و، تا چەند مانگێكیش لەدوای لەدایك بوونی ئەو كچە بچكۆلانەیە باوكی نەسەیری دەكات و نەدەیشی دوێنێت، یاخود سوێند بە خوا پیاوی وا سەرپووچ هەیە نوێژ وڕۆژوو وعیبادەت ناكات بۆ خوا ، بۆ؟چونكە كوڕی نییە،وە دەڵێت:باخوا كوڕێكم بداتێ ئەمجا نوێژو ڕۆژوی بۆ ئەكەم!! . ئا بەم نارەحەتییە ئەمجا كچەی داماو لەدایك دەبێت.

٢- دوای لەدایك بوون: نەسوننەتی عەقیقەی بۆ دەكەن، نە دڵخۆشی دەردەبڕن، نەشوكرانەی خوای لەسەر دەكەن، بەڵكو بەبێ تاقەتی و خەفەتبارییەوە دادەنیشن، هەندێ لەئافرەتان كە كچی دەبێت و وە فلأن ئافرەتی تریش هەر كوڕی دەبێت، ئەم دڵخۆشی خۆی بەوە دەداتەوە كە هەر كەسێك دێت بۆلای دەڵێت: قەیناكە كچە!! بەس نییە معجیزەیەكم نەبوو، ئەگەر معجیزەیەكم ببوایە چیم بكردایە. بەڵكو ئافرەتی بەسەزمانی وا هەیە كە كچی دەبێت ،لەدوای ئەو هەموو ئازارەی كە بەدنیا چووە لە كاتی منداڵ بوندا ،كەچی ئافرەتی بێ عەقڵی وا هەیە كە دەچێت بۆ لای ،كەدەزانێت كچی بووە لەجیاتی پیرۆزبای لێ بكات یەكسەر پێی دەڵێت: ئەوا ئەم جارەش كچت بۆتەوە دەك ڕاست نەبیتەوە!!.

بەڵێ، لەهەندێ لادێ كوردستان، دەڵێن تا دوو ڕۆژێك دایك و خوشك و ژنانی كەس وكاری ئەو ماڵە شین و گریانیان وەكو تەعزییە داناوە، بۆ ؟ چونكە كچیان بووە. ئەمجا نەگوێزەبانەی بۆ دەگێڕن، نەبانگی بەگوێدا دەدەن، بەڵكو لەلای خۆیانەوە ناوێكی لێ دەنێن و تەواو. بەلأم ئەگەر ئەو منداڵە كوڕ بوایە، لەخۆشیا نەیاندەزانی چی بكەن، هەر كەس مژدەی ببردایە یەكسەر مژدەی چاكی وەردەگرت، گوێزەبانە بەلاش دەبوو، هەر كەس دەچوو بۆ ماڵیان وەكو جەژن نوقڵیان بۆ دەگێڕا،

عەقیقەیان بۆ دەکرد، دەی ئەمجا بڕۆ ناوی جوانی بۆ بدۆزنەوە، بەچەند کەسێك بەدوا ناودا دەگەڕان، ئەمجا ئێوارەك مەلایەك و کۆمەڵێك لە خزم و کەسوکارو دراوسێیان بانگ دەکرد و وە دەعوەتیان بۆ ئامادە دەکردن، تا بانگ بەگوێی دا بدەن و ناوی لێ بنێن، ئەو شەوە تا درەنگ ماڵیان جمەی دەهات لەقەرەباڵغیدا، بەڵام ئێستاکە کە کچە ماڵیان بێ دەنگ، خەفەتبارن، زوو بێ دەنگی لێ دەکەن وەکو وابێ کە لەم ماڵەدا هیچ شتێك ڕووی نەدابێت.

- یاخود ئافرەتی وامەیە کە کچەکەی دەبێت ، ئەڵێت: نایبەمەوە لەگەڵ خۆمدا مادەم کچە، بۆ نموونە: لە یەکێك لە نەخۆشخانەکان ئافرەتێك کە کچی بووە،ووتویەتی: نایبەمەوە لەگەڵ خۆمدا، با کێ دەیبات بۆ خۆی بیبات!!، هەتتا خەڵکێکی زۆر دەوریان لەو ژنە داوە لە سەرسوڕمانی ئەوەی کە ئەم ژنە لەبەر ئەوەی کچی بووە فڕێی دەدات، دوایی دکتۆرەکە هاتووە وتوویەتی بۆ ناتەوێ؟ ، ژنەکەش وتوویەتی: بۆ کوێی ببەمەوە دانەیەکی ترم هەیە هێشتا لە ناو بێشکەدایە . وا دیارە ئەوەی ناو بێشکەکەیشی هەر کچ بووە، بۆیە وا بە زوویی سکی بۆتەوە هەتا کوڕی ببێت .

٣- ئەو کچە بەسەزمانە تا گەورە دەبێت:

- کە تۆزێ ئەو کچە بەشێوەیەك بجوڵێتەوە دایکەکەی دەست دەکات بەبۆڵە بۆڵ و ناشکوری کردن: خوایە من ئاتەمە بۆچی بوو، بۆخۆت نامەوێ، ئەگەر چاك بوویە نەت ئەدا بەمن، بەکێ ئانەم هەموو کچە بەخێو ئەکرێت،کەچی ئەو دایکە کەئێستا وا دەڵێت بە کچەکەی وەختی خۆی خۆیشی کچ بووە، ئێستا ڕقی لەوەیە کە کچی ببێت .

- تا دەستێك جلی بۆ دەکات، ئەبێت جلەکانی بەری کۆن و دڕاو بن، ئەمجا دایکی دەستی لەدڵی دەبێتەوە.

- بەناوو ناتۆرەو ناوی ناشیرین بانگی دەکات: دەڵەسەك ،دێڵ ، دەڵە شڕ، چەتیو.

- دوعای خراپی لێ دەکات: دەك بەدبەخت بیت، دەك نەحەساوە بیت، دەك سەرت لەقوڕنێیت،دەك خێر لە خۆت نەبینی.

- هەموو ئیش و کارێکی ماڵی پێ ئەکات،لە جل شۆردن،و حاجەت شۆردن،و گسك دان،و منداڵ شۆردن،و ئاوهێنان (ئەگەر بێ ناو بن)،و چێشت لێنان،و فەرش

شۆردن،که زستانیش هات هەموو ناو ماڵی پیٚ دادەخات وە کە هاوین هات هەموویشی پیٚ هەڵدەگریٚتەوە ،وە کچەی داماو دەبیٚ چڵکن و چڵمن و هیلاك و ماندو بێت، بۆچی؟ چونکە نانی ندەمنی و بەخێوی ئەکەن.

بەڵام ئەگەر ئەو منداڵە کوڕ بوولیە:

وەکو کەڵەگا دەژیا، کام جل جوان و کام یاری جوان بووایە بۆ کوڕەکە بوو، ڕۆژانە چی حەز لێبوایە بۆیان دەکڕی، پارەو خەرجانەی زۆریان دەدایٚ، کچەکەی دەبێت خەریکی ئیش و کاری ماڵ بێت، بەڵام کوڕەکەش لەژوورەوە دەخەوت، هەرچی بکات عفوی لیٚ دەدراوە، ج کارێکی خراپ بکا چاوپۆشی لیٚ دەکرێت و هەمیشە لەماڵەوە و دەرەوە شەڕفرۆش ئاژاوەچی و بیانوو گێرە، بۆ هەموو ئەمانەی لیٚ قبولٚ دەکرێت!؟ چونکە قەیناکە کوڕە شوکور.

لەسەرو ئەمانەشەوە بەجوانترین ناو بانگی لیٚ دەکات: کاکە، شوانە گیان. بۆ پێی دەڵێت شوانە؟ چونکە شوانی ئەو کچانایە،واتە:کوڕەکەی دەکا بەشوان و کچەکانی دەکا بەحەیوان و مەڕو ماڵات، کەچی لەڕاستیدا بەپێچەوانەوەیە هەر کوڕەکەی دیار نەبوو دایکەکەی هاوار دەکات :

چەتیو کوڕەکە چی لیٚ هات؟ چوو بۆ کویٚ، ڕاکە بیدۆزەرەوە،بەخوا شتێکی لێبێت سەرت هەڵ ئەکەنم وقژت لەسەر ئەبڕم، هەمیشە ئەو کچانە دەبێت چاویان لەسەر ئەو کوڕە بێت بەدوای ئەم کوڕەوە بن.

٤- کەمەیخاتە قوتابخانە:

- ئەگەر خستیە قوتابخانەش، هەمیشە منەتی بەسەردا دەکات، دەڵێت پێی: پێت ئەخوێنم، خۆ بەخۆڕایی پێت ناخوێنم، ئەبیٚ لەبری ئەوە هەموو ئیشیٚ بکەی، کە خوێندنیشی تەواو کرد، پێی دەڵێت: تۆ هیچ نەبوویت ئێمە پێمان خوێندی و کردمانی بەشت، ئەگین ئێمە پێمان نەخوێندیتایە ئێستا تۆ هیچ نەبووی،دوایش هەموو معاشەکەی لیٚ وەر دەگرن، و تۆزێکی جار جار ئەدانەوە پێی وەکو خێر بەسوالکەر بکەن.

- لەکاتی خوێندن دا دایکی نایەڵێت سەعی بکات، هەر ڕۆژێك سەعی و تاقی کردنەوەی هەبێت، ئەوا ئەو ڕۆژە لەهەموو ڕۆژەکان زیاتر ئیشکی پیٚ دەکاو ئیشی

٧٣- ئەم قسەیە "طورُ الله فِي برسیمه"؛ واتە: گای خوا لە لەوەرگاکەیدایە.

ئەمە پەندێکە هەندێ لەخەڵکی بەنموونە دەیهێنێتەوە بۆ کەسێك کە لەقسە تێ نەگات، وە مەبەستیان بەووشەی (طور) یعنی گا، وە ئەم پەندەش پەندێکی هەڵەیە، لەبەرئەوەی خوای گەورە گای نییە تا لە لەوەرگاکەیدا بلەوەڕێت، وە پێویستە ئێمەی موسوڵمان زمانمان پاك بکەینەوە و بەدووری بگرین ئا لەم جۆرە قسانە.

٧٤- ئەم قسەیە "دستورٌ یا سیادي" ؛ واتە: پارێزگاریتان ئەی گەورەیان.

ئەم قسەیە هەندێ لەخەڵکی نەزان دەیڵێن، ئەگەر بچنە شوێنێکی تاریکەوە یاخود بچنە شوێنێکی ترسناکەوە،کە دەڵێی مۆڵەتی چونە ژوورەوە بۆ ئەو شوێنە لە جنۆکە وەردەگرن ،کە بێ گومان ئەمەش هەڵەیە،چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٌ مِّنَ ٱلْإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٍ مِّنَ ٱلْجِنِّ فَزَادُوهُمْ رَهَقًا﴾ (الجن: ٦)، واتە: کۆمەڵێ لەپیاوانی ئادەمیزاد لە بەر نەفامی و نەزانینیان لەچۆڵەوانی و دەشت و دۆڵ و کەژدا لە ترساندا پەنایان بەپیاوانی جنۆکە دەبرد، بەڵام جنۆکەکان زیاتر دەیان ترساندن.

بەڵکو بێگومان پێویستە لەسەرت کە شوێن ڕێنموونییەکانی پێغەمبەری بەڕێز (ﷺ) بکەوێت لەکاتێکدا کە دەچیتە شوێنێك، هەتاوەکو هیچ شتێك زیانت پێ نەگەیەنێت.

بۆ نەدۆزێتەوە. بۆ؟ چونکە دەڵێت: بانەبێت بەهیچ یان سبەی کە شووی کرد معاشەکەی بۆ کوڕی خەڵك دەبێت.

وه فەرموودەیەك لە (خولە ی كچی حە كیم)ە وە هاتووە- ڕەزای خوای لێ بێت- كە فەرموویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بوو دەی فەرموو: (مَن نَزَل منزلاً ثمّ قالَ: اعوذُ بكلمات اللهِ التّامات من شرِّ ما خلق. لم يضره شيءٌ حتى يرتحلَ من منزله ذلك)[1]، واتە: هەر كەسێك چووە شوێنێك و پاشان ووتی: (أعوذ بكلماتِ الله التّاماتِ من شرّ ما خلق)، واتە: پەنا دەگرم بەووشە تەواوەكانی خودا لە خراپەی دروست كراوەكانی،ئەوا ئەو كەسە هیچ شتێك زیانی پێ ناگەیەنێت، هەتا وەكو دەڕوات لەو شوێنەی كە تیایەتی. [2]

---

[1] حديثٌ صحيح: رواه مسلم (٤/ ٢٠٨٠).

[2] ئەم جۆرە خۆسپاردنە بەجنۆكە و وە داواكردنی پاراستن لە ترساندا لێیان، لای ئێمەش هەیە:

- بەتایبەت لەناو چینی ئەو مندالأندا هەیە، كە ماڵەكانیان لەو گەڕەكانەن كەوا كەوتوونەتە چواردەوری شار، كە ئەو گەڕەكانە نزیكن لەشوێنی چۆڵ و دەشت و دەرەوە، كاتێك كە دەچنە شوێنێكی چۆڵ ڕوو دوور دەكەونەوە، كە گەیشتنە ئەو شوێنە دەڵێن: ئەوا خۆمان بەجنۆكەی ئەم شوێنە دەسپێرین!! بەگومانی ئەوەی ئەگەر هەر جنۆكەیەك هەبێت لەو شوێنەدا ئەمان ناترسێنێ و ئازاریان نەدات،وە بەڵكو ئەو جنۆكە هەستێت بە پاراستنیان لەترس و، وە هەر ناڕەحەتییەك كە ڕووبەڕوویان ببێتەوە، كەچی لەبەر منداڵی خۆیان نازانن كە یەكەم دوژمنی مرۆڤ جنۆكە و شەیتانە، هەر كە ئەمان خۆیان پێ سپارد ئیتر زۆرتر و زیاتر دەیان ترسێنێ، وە بۆ ئەوەی زیاتر ناڕەحەت بن، چونكە شەیتان پێی خۆشە هەمیشە مرۆڤ لە زەلیلی دا ببینێ.

۷٥- ناونانی منداڵ بەناوی (عبدُالموجود)ەوە[1]: واتە: بەندەی زاتێك كە بەدیهێنراوە.

بێگومان ئەم ناوە ناوێكی هەڵەیە، لەبەرئەوەی ناوی (الموجود) یەكێك نیە لەناوەكانی خودا، وە ڕاستیەكەیشی ئەوەیە كە بوترێت: (عبدالواجد)، واتە: بەندەی زاتێك كە دروستكەرو بەدیهێنەرە.

۷٦- ناونانی منداڵ بەناوی (عبدُالعال)ەوە:

وە ئەم ناونانەش دووبارە هەڵەیە، چونكە پەروەردگار ناوی (العال) نییە، بەڵكو ڕاستەیەكی ئەوەیە كە بووترێت (عبد الأعلی) واتە: بەندەی ئەو خوایەی كە زۆر بڵندە، یاخود بووترێت (عبدُالمُتعال)، واتە: بەندەی ئەو خوایەی كە زۆر بەرزو خۆ بەرزو بڵندگرە.

۷۷- ناونانی منداڵ بەناوی (عبدُالسَّتار)[2]ەوە:

وە ئەمەش هەڵەیە، وە ڕاستیەكەی ئەوەیە كە بووترێت (عبدُ السَّتیر)، واتە: بەندەی ئەو خوایەی كە زۆر داپۆشەرو زۆر پارێزەرە، لەبەرئەوەی وشەی (السَّتار) یەكێك نییە لەناوە جوانەكانی خوای پەروەردگار.

۷۸- ناونانی منداڵ بەناوی (عبدُالعاطي)ەوە:

وە هەروەها ئەم ناوەش هەڵەیە، وە ڕاستییەكەی ئەوەیە كە ناوبنرێت بە ناوی (عبدالمُعطي)ەوە، واتە: بەندەی ئەو خوایەی كە زۆر بەخشندەیە، لەبەرئەوەی وشەی (العاطي)، واتە: بەخشەر، یەكێك نییە لە ناوەجوانەكانی خوای گەورە.

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ پەرتووكی: (اقوالُ وافعالُ خاطئة)ی (زهران) لاپەڕە (۱۰٥-۱۰٦).

[2] لای ئێمە لەگەڵ بوونی ناوی (عبدُ السَّتار) كە هەیە، ناوی (عبدالباقی و عبدالحامی)یش هەیە، كە نە (الستار و، وە نە الباقي و، وەنە الحامي) هیچ كامێكیان ناوو سیفاتی خوای گەورەش نین.

٧٩- ناونانی منداڵ بەناوی (عبدُ النبيِّ)ەوە، واتە: بەندەی پێغەمبەر (ﷺ).

وە ئەم ناوەش هەر هەڵەیە، وە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەو منداڵە ناوەکەی ئاوەها بێت: (عبدُربُّ الرّسول)، واتە: بەندەی پەروەردگاری پێغەمبەر(ﷺ).

٨٠- ناونانی منداڵ بەناوی (عبد الرّسول)[1]ەوە، واتە: بەندەی پێغەمبەر (ﷺ).

وە ئەمەش وەك ناوەکەی پێشوو هەڵەیە، وە ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بووترێت: (عبدُربُّ الرّسول)، واتە: بەندەی پەروەردگاری پێغەمبەر(ﷺ).[2]

---

[1] بگەڕێرەوە بۆ پەرتووکی (تسمیةُ المولود)ی ، د. بکر ابو زید.

[2] بەڵام زۆر زۆر بەکەمی لە ناو کوردا ناوی(عبدُ محمد) هەیە .

کۆمەڵێکی جۆراو جۆری تر لە بیروباوەڕی پڕوپووچ :-

- ناو کە ڕژا لەناوماڵدا، ئەوا ڕووناکییە بۆ ئەو ماڵە.
- شەکر زۆر بکەیتە ناو چاوە، شیرین دەبێت لای خەڵك.
- مەیمون وەختی خۆی پیرێژن بووە کە کوفری کردووە، خوای گەورە کردوویەتی بەمەیمون (یعنی لای هەندێ خەڵکی نەزان ئەصڵی مەیمون لەوەوە هاتووە).
- نەخۆشی سورێژە بۆ ئەوەی چاك ببێت، کراسی سوور بکە بەری نەخۆشەکە.
- هەرنیشێکت کرد، دەڵێن: بۆئەوەی ئەو نیشەت سەرکەوتوو بێت کە باسی نیشەکەت کرد، بڵێ: چرای لەسەربێت !!.
- لەهەندێك شوێن کە یەکێك مار پێوەی بدایە، ئەوا بۆ پیرۆزی و وە بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە، شیری مانگایەکی زەردیان بۆ هێناوە تا بیخوات و چاك ببێت.
- لەهەندێك شوێن کاتێك کە کەسێك تووشی گرانەتا بووە، ئەوا چوون بۆلای پیاوێك کە بەپیرۆزیان زانیوە، ئەویش دەست نوێژی گرتووە و وە ئاوی دەست نوێژەکەیان کۆکردۆتەوە لەناو تەشتێکدا، وە دوایی ئەو ئاوی دەست نوێژەیان دەرخواری ئەو نەخۆشە داوا ، بەمەبەستی شیفاو چاك بوونەوە.

- لەهەندێ لادێی کوردستان، ئەگەر کەسێك کە لەناو ئەو کۆمەڵە مریشکەی کە بەخێویانی کردووە، مریشکێکی کونج کونجی تیا بوبێت، کاتێك کە ئەو مریشکە هێلکەی کردووە، هاتوون زەردێنەی هێلکەکەیان دەرئەهێناوە، و وە هەر کەسێك چاوی ئازاری کرد بێت کردویانەتە چاوی ئەو کەسەوە، ووە ووتویانە: زەردێنەی هێلکەی مریشکی کونج کونج شیفایە بۆ چاو ئێشە!!.

- دەڵێن: ئەگەر یەکەم ڕۆژ چوویت بۆلای ژنی زەیستان، ئیتر نابێت لەو ماڵە بڕۆی هەتا حەوت ڕۆژ، بەڵام ئەگەر ڕۆشتی دەبێت پارچەیەك لە جلەکانت بەجێ بهێڵی، چونکە ئەو ئافرەتە زەیستانە حەوتەی سەر دەکەوێت.

- هەندێك لە خەڵکی گاڵتە بە دوعا دەکات، کاتێك کە کەسێك دوعای لێ بکات، دەڵێت: ئەگەر بەدوعا دەبوو، پشقل بە خورما دەبوو.

- ژنان دەڵێن: ئەگەر یەکێ خێری بۆ هێنای مەیخۆ، ئەك سیحری لێ کردبێت، دوای ئەوەی کە خێرەکەت بۆ هات بیکە ناو تەنەکەی خۆڵەکەتەوە.

- یاخود لە هەندێك لە لادێکاندا بۆ بەخت کردنەوەی کچ ئا بەم شێوەزەیان کردووە: کاتێك کە ماڵێك چوونە داخوازی کچی ماڵێکی تر و وە ئەمیان دابنێ، وە کە چەند جارێکی تر کە بچونایەتەوەو ،وە هەر لەشەلی بهێنایە، ئا لەم کاتەدا بەو کچەیان ووتووە: بەختی بەستراوە بۆیە بەنسیبمان نابێت، چوون گورگێکیان کوشتووەو، وە پارچەیەك لە چەرمی گورگەکەیان ووشك کردۆتەوە و لەپەڕۆیەکی سپییان پێچاوەو وە داویانە بەو کوڕەی کە داوای ئەو کچەی کردووە، بۆ ئەوەی کە جارێکی تر کەچووەوە بۆ داخوازی کردنی نیاز بێتە جێ و بەختیان بکرێتەوە.

- ئەگەر جوویت بۆ ماڵێك کەخواردنیان بۆ دانایت،بەڵام تۆ کەمت لەو خواردنە خوارد،ئەوا لەم کاتەدا خاوەن ماڵەکە بێت ئەڵێت:بۆ ناخۆی ، ئەگین ئەم خواردنە لە قیامەتدا شکاتت لێ دەکات.

- باوەڕبوونی هەڵە لەنیسکدا:

دەڵێن: ئەگەر یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان ئێوارەکەی نیسکێنە بخۆیت، ئەوا ئەو نیسکە هەتا مانگی ڕەمەزان تەواو دەبێت لەناو سکی ئەو کەسەی دا کە ئەم نیسکەی خواردووە زیکر دەکات هەتا کۆتایی مانگی ڕەمەزان.

- باوەڕبوونی هەڵە لەخەودا:
- ئەگەر لەخەودا، خەو بە کەروێشکی نێرەوە ببینی،ئەوا مێردەکەت تەڵاقت دەدات.
- ئەگەر خەوت بە شفقەوە ببینی ئەوا شوو دەکەی.
- باوەڕبوونی هەڵە لەجوان بووندا:
- دەڵێن: ئەگەر قاچە مریشك بخۆیت ئەوا جوان دەبیت!!.
- یاخود ئەگەر ڕووبکەیتە پشتی ماڵەکەت ئەوا جوان دەبیت!!.
- باوەڕبوونی هەڵە لەدڵ پاکیدا:
- ئەگەر دوو کەس لەگەڵ یەکتردا قسەیان کرد، ئەگەر جارێك هەردووکیان هەر هەمان یەك قسە لەیەك کاتدا لەدەمیانەوە بێتە دەرەوە، دەڵێن: ئەوا دڵمان لەیەکتر پاکە.
- یاخود ئەگەر لەکاتی ڕۆشتندا لەچەند شوێنێکدا دوو کەس بەیەك بگەنەوە، دەڵێن: ئەوا دڵمان لەیەك پاکە.
- یاخود ئەگەر چوویتە شوێنێك و وە خواردنێکی خۆش دانرا بوو ئەوا دەڵێن: خەسووت تۆی خۆش دەوێت.
- باوەڕبوونی هەڵە لەمیواندا:
- ئەگەر ماڵێك میوانێك بچێت بۆ ماڵیان، ئەگەر ئەو میوانەیان ڕق لێبێتەوە، یاخود ئەو میوانە لەو ماڵە زۆر دابنیشێت. ئەوا خاوەنی ماڵەکە دەڵێت: بچن خوێی بۆ بکەنە پێڵاوەکانی، ئەوا زوو دەڕوات.
- ئەگەر هەویر بپەڕێت، ئەوا میوانیت دێت.
- ئەگەر تاڵێك قژ بێتە سەر چاوت، دەڵێن میوانت دێت.
- ئەگەر لەبەرەبەیاندا، پۆلێك چۆلەکە بەجریوە جریو ڕووبکاتە ماڵەکەت، ئەوا میوانت دێت.
- ئەگەر هەویر لەدەستت بکەوێتە خوارەوە ئەوا دەڵێن: ئەمڕۆ میوانمان دێت.
- دەمی گورگ بەستن:
- ئەم دەم بەستنی گورگە بیروباوەڕێکی زۆر بەربڵاوە لە کوردستاندا، کە بەشێوەیەك لەهەموو لادێکانی کوردستاندا ئەمە هەبووە، وە ئێستاش هەر ماوە ،و

وە خەڵکانیکی زۆریش ئێستاش هەر باوەڕییان پێی ماوە، کە بریتییە لەوەی: ئەگەر لە لادێیەکدا مەڕو ماڵاتەکەیان وەکو ڕۆژان لە ئێوارانـدا نەهاتبێتـەوە بـۆ لادێکەیان، بەهۆی ئەوەی کەوا تووشی گیرگرفتێك بهاتایەتە ڕێی گەیشتنەوەی ئەو مەڕو ماڵاتە بۆ لادێکە، یاخود یەکێك لەو مەڕو ماڵاتە تەرە بوبێت لەوانەی ترو وون ببوایـە، ئـا لـەم کاتـەدا خاوەنـەکانیان ترسـی ئـەوەیان لێ دەنیـشت کـەوا گـورگ مەڕوماڵاتەکەیان بخوات، بەڵام بۆئەوەی بەسەلامەتی لەدەست گورگ ڕزگاریان ببێت، خەڵکی لادێکە هاتوون بۆ لای شێخێکی لادێکەی خۆیان و داوایان لێکردووە کە دەمی گورگیان بۆ ببەستێت، ئەمجا" کاکی شێخ"یش هاتووە چەقۆیەکی لەو کەسە وەرگرتـووە کـە ترسـاوە ئـاژەڵەکـانی گـورگ بیخـوات، پـاشان دەمـی چەقـۆکەی کردۆتـەوە و(سورەتی الشمس) ی کە لەجزئی (عمّ) دا هەیە بەسەردا خوێنـدووە، کـە خـوای گـەورە لەسـەرەتای ئـەم سـورەتەدا دەفـەرموێت : (والـشمش و ضُحها،والقمر اذا تلَها) کە گەیشتۆتە کۆتایی سورەتەکە کە خوا دەفەرموێت : (ولایَخافُ عُقبَها)، ئەمجا " کاکەی شێخ" وتیویەتی : (ولا یخاف عُقبها،دەمی گورم ڕەقباها، چاوی گورگم کوێر باها) ، وە ئیتر یەکسەر دەمی چەقۆکەی داخستووە ،و وە بەخاوەنی ئەو چەقۆیەی وتووە: ئەوا دەمی گورگم بۆ بەستی!! ئیتر گورگ نایانخوات، بەڵام تا حەیوانەکان دێنەوە بۆ لادێکە نابێت دەمی چەقۆکە بکرێتەوە، ئەگین بیکەیتـەوە ئـەوا دەمـی گورگـەکان دەکرێنـەوە ، لەدوایـدا کـابرای دامـاو چـەقۆکەی لەشـوێنێکی تایبەتـدا هـەڵگرتووە، بۆئـەوەی ئـەکا یـەکێك دەمـی چـەقۆکە بکاتـەوە، بەمـەش دەمـی گـورگی ئـەو دەشـتە دەمیـان بکرێتـەوە و حەیوانـەکانیان بخـوات ، بەحسابی ئـەو خەڵکە دەمی گورگەکان ڕەق بووە و ئیتر ناکرێتەوە تا بتوانی ئاژەڵەکانیان بخوات ، بەڵام شتێ لەوە سەیرتر ئەوەیە ئەگەر کاکی شێخ حەزی کردبێت حەیوانی فلانە کەسێك گورگ بیخوات، کە ئەو کەسە هـاتووە بـۆ لای شـێخ تـا دەمـی گـورگی بـۆ ببەسـتێت ، لـەم کاتـەدا" کاکـە شـێخ" بەپێچەوانەوە دەم بەستەکەی بۆی کردووە، ئەمجا ڕەشیان مامە شێخ بەسەر دەمـی چـەقۆ کراوەکـەدا هـەر(سـورەتی الـشمس)ی بەسـەردا خوێندووە،بـەڵام پـاش

لــه کـۆتـايـيدا : ئەمە کۆتا شتێکە کە کۆمکردۆتـەوە، داواکارم لە خـوای گـەورە کـە سـوود بەخـشم بکـات بـەم پەرتووکـە، وە لێـشمی وەربگرێت بەوەرگرتنێکی جوان، چونکە هەر ئەو دەست بەردارو زامن و وەرگـری هـەموو شـتێکی جوانـە، وە هـەر ئـەویش گەورەمانـەو باشـترین هاوکاریکەرمانە.

تەواوبوونی سـورەتەکە کاك شێخ وتوویـەتی: (وە شەمـمی و لـلەمـەریٚ گورگی ئەو بەری ئاوایی بێتە ئەمبەریٚ، چەرمیٚ پشتە قنی بە سەر سەریدا ببـەریٚ)، واتە:وا گورگ ئەو حەیوانە بخوات چەرمی پشتی تا تەوقی سەری حەیوانەکە ببات.

بەلأم سەیرتر ئەوەیە: کە هەندێك لەخەڵکی کەباخیان هـەبووە، و وە چوّلەکە زۆری بۆ باخەکەیان هێنـاوە، داوایـان کـردووە لەیـەکێك کە دەم بەسـت دەکـات کـەوا دەمـی چۆلەکەیان بۆ ببەستێت، بۆئەوەی ئیتر ئەو چۆلەکانە بەروبوومی باخەکەی نەخۆن.

وە هەروەها ئەگەر ئافرەتێك مێردەکەی خراپ بوو بێت بۆی ووە جنێوی پیٚ دابێت، ئەوا ئەو ئافرەتە چووە بۆلای شێخێكو پیٚ وتووە: کاکە شێخ گیان!! بەشکو دەم بەستێکم بۆ بکەی و دەمی مێردەکەمم بۆ ببەستی، بەڵکو ئیتر نەتوانێت جنێوم پیٚ بدات.